





**لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پاشکۆیەکی تایبەت بە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا بخوێنەرەوە**


# ڕۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.556 Tue 17/ 11/ 2009 — نرخ 750 دینار — ژمارە 556 سێشەممە 17/ 11/ 2009


# تاڵەبانی دژی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەوەستێتەوە

**ڕۆژنامە**

پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی داوایان لەسەرۆکایەتی کۆماری عێراق کرد هەمواری یاسای هەڵبژاردن پەسەند نەکرێتو ڕەتبکرێتەوە، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقیش یاساکە پەسەند دەکات، بە پاساوی ئەوەی ڕەتکردنەوەی یاساکە دەبێتە هۆی دواکەوتنی هەڵبژاردن. بەشێک لەپەرلەمانتارانیش ئەو کارەی تاڵەبانی بە «ڕێزنەگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان» لە قەڵەمدەدەن.

عومەر عەبدولعەزیز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی وتی: «جێی داخە، ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ یاساکەمان پێباش نەبوو، داوامان لەسەرۆکایەتی کۆمار کرد ئیمزای نەکات، لیستی هاوپەیمانی کوردستان خەمساردانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کردو لەهەموو حاڵێکدا جێگەی نیگەرانییە، کە دەنگی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کە پەرلەمانە، لیستی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە ڤیتۆ بکرێت».

وتیشی: «ئێمە بێدەنگ نابین لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، ئەگەر ڤیتۆ نەکرێت خیاراتی دیکە زۆرە، لە ڕێپێوانو ئیمزاکۆکردنەوە تا دەگاتە بایکۆتی هەڵبژاردنو شکاتکردن لە دادگای دەستووریی، ئەو ڕێگایانە لەبەردەمماندا کراوەیە قۆناغ بە قۆناغ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت».

عەدنان عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیستی گۆڕان، سەبارەت بە ئیمزاکردنی یاساکە لەلایەن تاڵەبانییەوە وتی: «ئیمزاکردنی ئەو یاسایە لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت دژایەتیکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردەو دژایەتیکردنی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانە، وەستانەوەیە بەرامبەر بە ئیرادەی گەلی کوردستان کە خۆی لەپەرلەماندا دەبینێتەوە».


**زانیاری زیاتر لە ل٢ دایە.**



## هێزە چەکدارەکانی هەرێم لەژێر چنگی حیزبدا
٦-٧

فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

# نەوشیروان مستەفا: بەلامەوە سەیرە تاڵەبانی پاکانە بۆ سەدامو بەعس دەکات
٤-٥



## سەمیر سەلیم: دروستکردنی حکومەتی سێبەر بیرۆکەیەکی بەهێزە
٨

## هیومان ڕایتس ووچ: حکومەتی هەرێم ئازاری ئۆپۆزسیۆنو کەمینەکان دەدات
١٢-١٣





دیلان سیتی
Dylan City
دەتوانن بە ئاسانترین شێوە لە شاری (دیلان)ی نیشتەجێیی
لە بناری شاخی گۆیژە ببن بە خاوەنی شوقەیەك، لەبەرئەوەی:
* نرخی شوقەیەکی (١٠٠م٢) تەنها (٤٢) هەزارو (٤٤٥) دۆلارە.
* نرخی شوقەیەکی (١٢٠م٢) تەنها (٤٩) هەزارو (٩٣٨) دۆلارە.
* سندوقی نیشتەجێبوون لە (٥٠٪)ی ئەم پارەیەتان بە قەرزی (١٠) ساڵ پێدەدات.
* کۆمپانیا بڕی (٢) هەزار دۆلار دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە سندوقی نیشتەجێبوون سوودمەند نابن‌و هەمان بڕیش دادەشکێنێت بۆ ئەو کڕیارانەی بە نەقدی شوقەکان دەکڕن.
کۆمپانیای هەستیار
بۆ بازرگانی‌و وەبەرهێنان
(١٢٠م٢):
سێ ژووری نوستن
هۆڵ، مەتبەخ، دوو تەوالێت‌و
دوو حەمام‌و باڵکۆنێك
(١٠٠م٢):
دوو ژووری نوستن
هۆڵ، مەتبەخ، تەوالێت‌و
حەمام‌و باڵکۆنێك
IRECT
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئۆفیسی پرۆژەکە بکەن: شەقامی سەدمەتری - گەڕەکی هۆمەرەکوێر یان ٠٧٧١٠١٢٢٢٢١ - ٠٧٤٨٠١٧٠٥٠٥ - ٠٧٥٠١١٣٥٣٢٢

# کام بەرپرسیارێتی گشتیی‌و نەتەوەیی؟



ئاودێر شێخ عومەر

جـەلال تاڵەبانی، کە بە نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا پۆستی سـەرۆک کۆماری عێراقی بـە دەسـتـەوەیـە، یاسای هـەڵـبـژاردن ئیمزا دەکـات‌و پـاسـاوی ئـەوەی هەیە، ئەگەر یاساکە ئیمزا نەکرێت «هەڵبژاردنەکان بۆ مانگی ئازاری ساڵی داهاتوو دوادەخـرێـت». ئـەمـە لە کاتێکدایە ڕۆژی (١٥)ی ئەم مانگە پەرلەمانی کوردستان مەترسییەکانی یاساکەی لەسەر کورد تاووتوێکردو داوای لە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار کرد یاساکە ڤیتۆ بکات‌و داوا بکرێت کەرکوک ئیستیسنا نەکرێت‌و ڕێژەی کورسی قەرەبوو بکرێتە (١٨٪) لەگەڵ چەند داواکارییەکی دیکەش.

ئیمزاکردنی ئەو یاسایە بەو هەموو مەترسیی‌و تێبینییەوە، کە پەرلەمانی کوردستان وەک نوێنەری تـەواوی خەڵکی کوردستان هەیەتی لەسەری، لە ژێرپێنانی ئیرادەی خەڵکی کوردستان‌و نەگەڕانەوەیە بۆ خواستی خەڵکی ئەم هەرێمەو بڕیارێکی خۆبەسەرانەی تاکەکەسییە.

پاساوی ئیمزاکردنەکەشی تاڵەبانی ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی دیکە دەکاتەوە، کە بۆچی لە عێراقدا سـەرۆک کۆمار، کە تەنیا پۆستێکی ڕەمزی هەیە هێندە پەرۆشی پرۆسەی دیموکراسیی‌و ئەنجامدانی هەڵبژاردنە لە وادەی دیاریکراودا، کەچی لەو هەرێمەی کە خۆی دەسەڵاتی نزیک بە ڕەهای تێدا هەیە، هەرگیز ڕووینەداوە بە درێژایی (١٨) ساڵی ڕابردوو کاربکات‌و بڕیار بدات هیچ هەڵبژاردنێک لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت!!!

جگە لەوەش ئەو دەسەڵاتی ڤیتۆیەی وەک سەرۆک کۆمار هەیەتی، یەکێکە لە زامنەکانی پاراستنی ماف‌و خواستەکانی کورد، تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار هەبێت، هەر بۆیە سووتاندنی ئەو کارتەو لەدەستدانی ئەو مافە نەتەوەییە کارێکە هی ئەوە نییە لە ئاستی پەرلەمان‌و شەقام‌و ڕای گشتیی کوردستانی بە ئاسانی تێبپەڕێت‌و پێویستە بە هەموو لایەک هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

لـەو مەسەلەیەدا، ئەرکی یەکەمی پەرلەمان وەک نوێنەری خەڵکی کوردستان هاتنە دەنگو ئیستیجوابکردنی تاڵەبانییە لەسەر سووتاندنی ئەو کارتەی دەستی کـوردو لەژێرپێنانی داواکـاریی پەرلەمان‌و خەڵکی کوردستان.

ئەگەر پەرلەمان لەو مەسەلەیە چاوپۆشی بکات‌و ڕۆڵی خۆی نەبینێت، ئەرکی فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمان‌و لایەنەکانی دیکەی دەرەوەی پەرلەمان‌و شەقامی کوردییە بە هەموو شێوە مەدەنییەکان فشار بخەنە سەر پەرلەمان‌و ناچاری بکەن ئەرک‌و ڕۆڵی خۆی لەو مەسەلەیەدا جێبەجێبکات‌و چیتر چاوپۆشی لەو هەموو کەمتەرخەمیی‌و لەدەستدانی دەرفەت‌و مافانە نەکرێت، کە لە لایەن نوێنەرانی کوردستانەوە لە بەغدا دەکرێن.

ئیمزاکردنی ئەو یاسایەو لەبەرچاونەگرتنی داوای پەرلەمانی کوردستان مشتێکە لە خـەرواری کارو کردەوەو کەمتەرخەمییەکانی نوێنەرانی کورد لە بەغداو هێشتاش بەردەستەکانی ئەو سەرکردانە بەخۆیان ڕادەپەرموون تۆمەت بەسەر ئەوانەدا ببەخشنەوە، کە نایانەوێت کورد لە بەغدا ببێتە داوڵی ناو بێستان‌و جەستەی بێ جوڵە بێت لە گۆڕەپانە سیاسییەکەو تۆمەتی ئەوە دەبەخشنەوە، کە «ئەو هێزانەی لەم هەلومەرجە ناسک‌و چارەنووسسازەدا ئامادە نین بێنە ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوەو لەپێناو کوردایەتی‌و بەدیهێنانی ئاواتە بەدینەهاتووەکانی خەڵکی کوردستان‌و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەست بە مەسئولیەتی گشتیی‌و نەتەوەیی ناکەن».

بەبێ ئەوەی بپرسن کێ هەلومەرجەکەی بۆ کورد ناسک کردووەو هەموو لایەنە ناکۆکەکانی ئاشت‌و بەهێز کردووە لەسەر حیسابی کوردو کارت‌و چانسەکانی کوردی سووتاندووە؟ ئەوکەسانەی کوردایەتی بەچی لێکدەدەنەوە بەوەی میزاجی شەخسیی دەیخوازێت، یان بەوەی خەڵکی کوردستان خوازیاریەتی؟، ئەی ناپرسن مادەی (١٤٠) کێ لەسەری هاتووەتە جواب‌و کـێ خستوویەتییە دوای ئاشتکردنەوەی لایەنە شەڕکەرەکانی عێراق‌و وەرگرتنی پۆست‌و ئیمتیازاتی شەخسیی‌و دڵڕازیکردنی جامیعەی عەرەبی‌و هەندێک سەرکردەی ئەم وڵات‌و ئەو وڵاتی عەرەبی؟!، هەستکردن بە مەسئولیەتی گشتیی‌و نەتەوەیی لەگەڵ کام لەو هەڵسوکەوتانەی چەند ساڵی ڕابردووی نوێنەرەکانی کورد لە بەغدا یەکدەگرێتەوە؟

بەرپرسیارێتی گشتیی‌و نەتەوەیی لە کوێدا لەگەڵ ئەم جۆرە هەڵسوکەوت‌و سیاسەتکردنەدا یەکدەگرێتەوە کە سەرکردەکانتان کردوویانەو دەیکەن؟

# ئەگەر زۆرە
# سێ حیزبی سەرەکی لە هاوپەیمانیی بکشێنەوە

**ڕۆژنامە**

بەهۆی مەترسیی بەدەستنەهێنانی کورسی لە هاوپەیمانییەکەی پارتی‌و یەکێتیدا، ئەگەری زۆر دەکرێت کە هاوپەیمانییەکەی یەکێتی‌و پارتی تووشی لێکترازان ببێت‌و چەند حیزبێک تێیدا بکشێنەوە.

سـەرچـاوەیـەکـی ئـاگـادارو بەرپرس بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، هەرسێ حیزبی سۆسیالیست‌و زەحمەتکێشان‌و بـزووتـنـەوەی ئیسلامیی نـاڕازیـن بە شێوازی چوونە نـاو لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوەو هیچ زەمانەتێک نییە کە لەوهاوپەیمانییەدا تەنانەت یەک کورسیش مسۆگەربکەن.

بەپێی زانیاریی ئەوسەرچاوە ئاگادارەی ڕۆژنامە، لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ پارتی‌و یەکێتیدا دانوستاندن دەکـەن، ئەگەر کورسی زەمانیان پێنەدرێت دەکشێنەوە.

لەلایەکی دیکەوە د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوە لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «نازانین ئیستیحقاقی ئەو سێ لایەنە لەناو لیستەکەدا چۆنەو زەمان نییە بۆ دەرچوونی کاندیدەکانمان، بەهۆی سیستمی فرەبازنەییەوە، لەکاتێکدا هەرسێکمان لە پەرلەمانی کوردستان خاوەنی کورسین‌و پێویستە پارتی‌و یەکێتی حیسابی تایبەتمان بۆ بکەن».

د.ئـەحـمـەد وتیشی «ئێستا لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ دانوستاندن‌و دواتر هەڵوێستمان ڕادەگەیەنین».

# تاڵەبانی دژی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان دەوەستێتەوە

## «ناچارین داوا لە هاشمی بکەین یاساکە ئیمزا نەکات‌و ڤیتۆ لە دژی بەکاربهێنێت»

**ڕۆژنامە**

پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی داوای لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق کرد، هەمواری یاسای هەڵبژاردن پەسەندی نەکات‌و ڕەتیبکاتەوە، بەڵام لەلایەن جـەلال تاڵەبانی سـەرۆک کۆماری عێراقەوە ئیمزا کرا. بـەڕای بەشێک لە پەرلەمانتارانیش ئەو کردەوەیەی تاڵەبانی «ڕێزنەگرتنی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، کە خۆی لە پەرلەمانی کوردستاندا دەبینێتەوە».

عومەر عەبدولعەزیز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی، نیگەرانیی خۆی نیشاندا لـەوەی هیچ هەماهەنگییەک لـە نـێـوان سەرۆکایەتی هـەرێـم‌و سەرۆکایەتی کۆماری عێراقدا نییە، بەوپێیەی بە وتەی ئەو: «بە دانپێدانان‌و لێدوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕایانگەیاند، ئەوان ئاگایان لێنییە، کە ئایا سەرۆک کۆمار ئیمزای لەسەر یاساکە کردووە، یان نا».

وتیشی: «جێی داخـە، ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگ یاساکەمان پێباش نەبوو و داوامانکرد لە سەرۆکایەتی کۆمار ئیمزای نەکات، وتیشی: لیستی هاوپەیمانیی کوردستان «خەمساردانە» مامەڵەیان لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کردووە، وتیشی: ئێمە لە پەرلەمان بە ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵاتەوە کۆدەنگ بووین لەسەر ئەوەی یاساکە ڤیتۆ بکرێت.

سەبارەت بە هەڵوێستیان بەرامبەر بـە ئیمزاکردنی یـاسـاکـە، عومەر عەبدولعەزیز وتی: «ئێمە بێدەنگ نابین لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە، ئەگەر ڤیتۆ نەکرێت خیاراتی دیکە زۆرە، کە باسکران، لە ڕێپێوان‌و ئیمزاکۆکردنەوەوە، تا دەگاتە بایکۆتی هەڵبژاردن‌و شکاتکردن لە دادگای دەستووریی، ئەو ڕێگایانە لەبەردەمماندا کراوەیەو قۆناغ بە قۆناغ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت».

ڕۆژی یەکشەممە (١١/١٥) پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ڕێکخست بۆ تاووتوێکردنی پرسی یاسای هەڵبژاردنی عێراق‌و مەسەلەی «زیادبوونی ناسروشتی» کورسی پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە چاو هەرێمی کوردستاندا.

لـە کـۆبـوونـەوەکـەدا زۆریـنـەی پەرلەمانتاران داوایان لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق کـرد، یاساکە ڤیتۆ بکات‌و داوا بکرێت هەڵبژاردنی کەرکوک ئیستیسنا نەکرێت‌و لە پارێزگاکانی دیکە جیانەکرێتەوەو ڕێژەی کورسی قـەرەبـوو (٥٪)ەوە زیادبکرێت بۆ (١٨٪)و دابەشکردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمان لەسەر بنەمای زیادەی (٣٪)ی دانیشتووان دابەشبکرێتەوەو کۆتای مەسیحی‌و ئێزدییەکانیش زیاد بکرێت.

عەدنان عوسمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیستی گۆڕان، سەبارەت بە ئیمزاکردنی یاساکە لە لایەن تاڵەبانییەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەنگدان بەو یاسایە کارەساتێکی نەتەوەییە بۆ کورد، پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی پێرێ بە کۆی دەنگی هەموو ئەندامانی پەرلەمان دژ بەو یاسایە وەستانەوەو بە خەتەرێکی گەورەیان دانا بۆ سەر ئایندەی کوردستان‌و بەتایبەت لە مەسەلەی ڕێـژەی ئەو دەنگانەی بۆ پارێزگاکانی کوردستان دانـراوە، بەندەکانی یاساکەو ئیستیسناکردنی کەرکوک، کە دەکرێت ئەمانە هەموو ناوبنێین کارەساتی نەتەوەیی.

وتـیـشـی: «ئـیـمـزاکـردنـی ئـەو یاسایە لەلایەن هەرکەسێکەوەبێت دژایەتیکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کـوردەو دژایەتیکردنی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانە، وەستانەوەیە بەرامبەر بە ئیرادەی گەلی کوردستان»، کە خۆی لە پەرلەماندا دەبینێتەوە، هەموو ئەندامانی پەرلەمان دژ بە یاساکەن‌و داوادەکـەن ڕەتبکرێتەوە، بۆیە ئێستا دەبێت کورد داواو تکا لە تـارق هاشمی بکات بۆ ئـەوەی ئەو یاسایە ئیمزا نەکات‌و ڤیتۆی بکات بۆ ئەوەی ڕەتبکرێتەوە، چونکە سـەرۆک کۆمار، کە کوردەو لەسەر پشکی کورد بە سەرۆک کۆماریی دانراوە، دەنگی لەسەرداوەو ئیمزای کردووە، ئەمەش کارەساتێکی نیشتمانیی گەورەیەو زیان لە بەرژەوەندییەکانی کورد دەدات».

ئەو وتانەی پەرلەمانتارەکەی گۆڕان لە کاتێکدایە، کە دوێنێ (١١/١٦) پێش بەڕێکەوتنی بۆ فەرەنسا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق ڕایگەیاند: «دوای ئـەوەی یاساکە گەیشتە پەرلەمان تێبینی ئەوەمانکرد، ئەگەر یاساکە ڕەتبکەینەوە هەڵبژاردنەکان بۆ مانگی ئازاری داهاتوو دوادەکەوێت، لەبەر ئەوە ئێمە چارەسەرێکی مامناوەندیمان دۆزییەوە، ئەویش ئەوەیە یاساکە ئیمزا بکەین، بەڵام نامەیەک بنووسین بۆ پەرلەمان‌و داوابکەین ئەو ڕێژەیەی کورسی قەرەبوو (٥٪)ەوە زیادبکرێت بۆ (١٥٪)».

لەلایەکی دیکـەوە ئاسۆ کەریم وتەبێژی لیستی کوردستانیی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پەرلەمان داوای ڕەتکردنەوەی کۆی یاساکەی نەکردووە، زۆرینەی پەرلەمانتاران لەسەر ئەوە کۆک بوون هەندێک بڕگەی ناو قانوونەکە هەن خەلەلی جدییان تێدا هەیەو پێویستە ئەوانە ڤیتۆ بکرێن‌و ڕاستبکرێنەوە».

دەربـــارەی ئـــەو بڕگانەشی داوای ڕاستکردنەوەیان کـردووە، ئاسۆ کەریم وتی: «ڕێـژەی (٥٪) بۆ کورسی قەرەبوو بکرێتە (١٨٪)، ئەو ئیستیسنایە بۆ کەرکوک هەڵبگیرێت‌و باسی هیچ جیاکارییەک نەکرێت بۆی، وەک ئەو پارێزگایانەی کە گومانیان لەسەرە، سێیەم بڕگە باس لەوە کراوە لەبەر ئەوەی لە مادەی یەکەمدا باس لـەوە کـراوە، دابەشکردنی کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ هەر (١٠٠) هەزار کەس ئەندامێک هەبێت، بەڵام بەشێوەی ناسروشتیی‌و نامەنتیقی لە هەندێک پارێزگا ڕێژەکە زیادبووە، بۆیە داواکرا (٣٪)ی زۆربوونی دانیشتووان بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق ئەژمار بکرێت».

پـەرلـەمـانـتـارەکـەی لیستی کـوردسـتـانـیـی وتـیـشـی: «ڕەنـگـە مەبەستی پەسەندکردنی یاساکە لەلایەن سەرۆکایەتییەوە ئەوە بێت، تەواوی قانوونەکەیان ڕەفز نەکردووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هەندێک بڕگە چاویان پێدا بگێڕدرێتەوە، یان هەموار بکرێتەوە».

هـاوکـات عومەر عەبدولعەزیز ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: «یاساکە خۆی کێشەیە، مەسەلەی دابەشبوونی کورسییەکان چارەسەر دەکرێت، چونکە ئێمە لامان وابوو لیستی هاوپەیمانی لە پەرلەمانی عێراق بەپێی ڕێنوێن‌و داخوازییەکانی پەرلەمانی کوردستان، دەنگ لەسەر یاساکە دەدەن‌و دەچن بەدەنگییەوە، کەچی بەداخەوە کە خرایە دەنگدانەوە ئەو پێشنیازانە بوون، کە لەلایەن هێزە عێراقییەکان‌و لایەنەکانی بـەرامـبـەرەوە پێشنیازکرابوون‌و ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ نەکران».

دوێنێش تـارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، نووسراوێکی ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لە بڕگەی یەکەمی هەمواری یاسای هەڵبژارن بکرێت‌و ڕێژەی کورسییەکانی قەرەبوو (٥٪)ەوە زیادبکرێت بۆ (١٥٪)، هـەڕەشـەی ئەوەشیکرد، ئەگەر تا نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئەنجومەنی نوێنەران وەڵامی نووسراوەکەی نەداتەوە، ئەوا یاساکە ئیمزا ناکات‌و ڕەتیدەکاتەوەو وەک حەقێکی دەستووریی خۆی ڤیتۆی لە بەرامبەر بەکار دەهێنێت.

پەسەندکردنی یاساکە لەلایەن جـەلال تاڵەبانی سـەرۆک کۆماری عێراق‌و عادل عەبدولمەهدی جێگری‌و ڕەتکردنەوەی لەلایەن تارق هاشمییەوە لە کاتێکدایە، کە لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی یەکشەممەدا،

د.کـەمـال کـەرکـوکـی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: نامەیەکی ئاراستەی سەرۆک کۆماری عێراق کردووە، تیایدا ئاماژەی بەسێ خاڵ کـردووە، ئەوانیش: ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێداچوونەوە بە مادەی یەکی هەمواری یاسای هەڵبژاردندا بکات‌و پێشنیازی ئەوەیە، کە ڕێژەی (٥٪) لە مادەی یەکدا زیادبکرێت بۆ (١٨٪).

لەبەرئەوەی سەرژمێریی گشتیی ئـەنـجـامـنـەدراوەو هیچ ئامارێکی جێ متمانە لە بەردەستدا نییە، بۆ پەسەندکردنی دادپەروەریی لە نێوان پارێزگاکاندا ڕێژەی (٣٪) بۆ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان بکرێتە بنەمایەک بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی کورسییە زیادکراوەکان‌و لە نامەکەشیدا سەرۆکی پەرلەمان بە وردی ئەو زیادبوونە ناسروشتییەی ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکانی عێراقی بۆ سـەرۆک کۆماری عێراق ڕوونکردووەتەوە.

> وتەبێژی لیستی کوردستانیی: زۆرینەی پەرلەمانتارانی کوردستان کۆک بوون کە هەندێک بڕگەی قانوونەکە خەلەلی جدییان تێدا هەیەو پێویستە ڤیتۆ بکرێت‌و ڕاستبکرێتەوە

# ...سوردەو ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراق کەمدەکاتەوە

دیکە هەیە تەزویر لەوان دەکات، دەبوایە نەیانهێشتایە ئەو تەزویرەیان لێ بکرێت.

من نامەوێت کەس تۆمەتبار بکەم، چونکە ئەوە لە پاش ماوەیەکی دیکە دەردەکەوێت، کە خەتاکە هی کێ بووە لەخۆوە من نامەوێت هیچ دابەش بکەم بەسەر خەڵکدا، بەڵام تۆ وەرە لێی بکۆڵەرەوە بۆچی نەینەوا توانیویەتی لە ماوەی (٥)ساڵدا بایی (١٢) کورسی کارتی خۆراک دروست بکات؟! بۆچی بەسرە لە ماوەی (٥) ساڵدا توانیویەتی لە ژمارەیەکی کەمەوە ببێت بە (٢٤)؟! بۆچی نەجەف، کەربەلا فلان ئەمانە بە نیسبەتێکی زۆر زیادیان کردووە، یەعنی مەعقولە سلێمانی لە ماوەی (٥) ساڵدا زاووزێـی نەکردبێتو هیچ کەسێکی نەگەیشتبێتە تەمەنی دەنگدان؟! جاری پێشوو (١٥) کورسی بووە، ئێستاش (١٥) کورسی هەیە مەعقولە هەولێر، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە بەو ژمارە زۆرەوە تەنیا بایی (١) کورسی ژمارەکەی زیادیکردبێت، یان دهۆک بایی (١) کورسی ژمارەی زیادیکردبێت، یان بایی (٢) کورسی ژمارەی زیادیکردبێت، لەکاتێکدا بە تەنیشت ئـەوەوە شوێنی وا هەیە بە ملیۆن زیادیکردووە، ئەمە دەکەوێتە سەر شانی کێ؟ پێموایە پێویستە پەرلەمانی کوردستان لێی بکۆڵێتەوە.

**– لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستاندا ئارامیی هەبووە بەڵام لە ناوچەکانی دیکە جۆرێک لە توندوتیژیی هەبووە؟**

* بەڵێ وایە.

**– لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا چی چارەسەرە؟**

*من پێش ئەوەی بێمە سەر چارەسەر، دەمەوێت مەترسییەکانی ئـەوەی کە ئەگەر لە پەرلەمانی عێراقدا مەبدەئی تەوافوق پەیڕەوی پێ نەکراو مەبدەئی (ئەکسەریەتو ئەقەلیەت) جێبەجێکرا، من دەمەوێت لەسەر ئەوە قسە بکەم، چونکە ئێمە لەبەردەم هەڵبژاردندایین ئەم هەڵبژاردنە چوار ساڵی داهاتوو لە عێراقدا ئەم پەرلەمانە تەشریعیات دەکـــاتو قـانـوون بـەڕێـوە دەبـاتو وەزارەت دروستدەکاتو وەزارەت دەڕووخێنێتو وەزیر بانگدەکات بۆ موحاسەبە، بە بیروبۆچوونی من مەترسییەکی زۆر گـەورە هەیە، کە لە پەرلەمانی داهـاتـوودا وەکـو چۆن پێشتر مالیکیو ئەوانە داوایاندەکرد، کە مەبدەئی (ئەقەلیەتو ئەکسەریەت) لە پەرلەماندا پەیڕەو بکرێت، نەک مەبدەئی تەوافوق، ئەمجارە ئیحتیمالی زۆر هەیە بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەوە، کە هەندێک لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو خـواروی عێراق زیادیکردووە، ئەو مەبدەئە پەیڕەوی بکەنو ئەگەر ئەوەیان پەیڕەوی کرد، یەکەم شت نیسبەتی کورد لە وەزارەتەکانی بەغدا لە دامودەزگای ئیداریی عێراقدا کەم دەبێتەوە، دووەم دەبێت ئێمە بیر لـەوە بکەینەوە کە بودجەی هەرێمی کوردستان دیسان ئـەوەش دەکەوێتەوە بەر موناقەشە ئەو (١٧٪)یە دەکەوێتەوە بەر مەترسی، سێیەمیان مەسەلەی پێشمەرگەیە، کە پێموایە لە پەرلەمانی داهاتوودا ئەگەر بەو تەریقەیە موعامەلەی لەگەڵ بکرێت، پێشمەرگە وەکو میلیشیا مەعامەلەی لەگەڵدا دەکرێتو ناهێڵن ببێت.

سەرەتایەکی دیکە ئەویش ئەوەیە، کە ئێمە هەوڵی ئەوەمانە کە سامانە سروشتییەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بێت پێموایە عقودی نەوتو ئەوانەش دەتوانن هەڵبوەشێننەوەو گەلێ شتی دیکەی لەو بابەتانە، یەعنی بە مانایەکی دیکە عێراق وەختی خۆی ئێمە خۆمان رازیبووین لەسەر ئـەوەی کە خارجییەو دیفاعو مالییە بەدەست مەرکەزەوەیە، ئەگەر بەمجۆرە بڕوات مەرکەزێکی بەقوەت دروست دەبێتو تەنانەت ناهێڵن هەرێمی کوردستان جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دونیا هەبێتو ئەو سەردانانەی کە سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو وەزیرەکانی ئێمە دەیکەن بۆ شوێنەکانی دیکەی دونیا بۆ ئەوەی پەیوەندی باش لە بەینی هەرێمی کوردستانو شوێنەکانی دیکەدا دەربکەن، دەیخەنە چوارچێوەی وەزارەتـی خارجییەوەو پێشمەرگە دەخەنە چوارچێوەی وەزارەتی دیفاعو میزانییەی (١٧٪) دەخەنە چوارچێوەی میزانییەی عێراقییەوە، یەعنی ئەوە مەترسییەکانە، کـە بەڕاستی من دەمەوێت لە ئێستاوە هەموو کەسێکی لێ بەئاگا بێنمو خەڵک هۆشیار بکەمەوە.

**– سەبارەت بەو مەترسیانە چارەسەر چییە، ئایا کـورد چی بکات؟ یەک لیست بێت هاوهەڵوێست بێت، یەک گوتاری هەبێت بەتایبەت کە ئێوە وەک بزووتنەوەی گۆڕان زۆرجار تۆمەتبار دەکرێن بەوەی کە گوتاری هاوبەش، یاخود یەک لیستی کورد ڕەتدەکەنەوەو بەفیعلیش ڕەتتان کردووە؟**

* جـارێ با لە پێشدا بـۆت باس بکەم یەک لیستیو فرە لیستی ئێستا لە کوردستاندا موشکیلەی نەماوە، سلێمانی (١٥) کورسی هەیەو هەولێر (١٤) کورسی هەیەو دهۆک (٩) کورسی هەیە، هەتا ئێوارە تەزویر بکەینو تەزویر نەکەینو یەک لیست بینو دە لیست بین، پانزە لیست بین، ژمارەی کورسییەکانی سلێمانی نە زیاد دەکات، نە کەم دەکات عەینی کورسی دەچێتە ناو پەرلەمانی عێراقەوە، ئەوانەی هەولێریش دەچێتە پەرلەمانی عێراقەوە دەتوانین جارێکی دیکە لە بەغدا هاوپەیمانێتی بکەینو ڕێکبکەوین لەسەر ئەم شتە قەومیانەی، کـە پـەیـوەنـدی بـە چـارەنـووسو پـاشـەڕۆژی میللەتەکەمانەوە هەیە، بڕواناکەم هیچ کوردێک هەبێت لاریی لەوە هەبێت، کە ئێمە بتوانین گوتاری سیاسیی هاوبەشمان هەبێت لەسەر ئێستاو پاشەڕۆژی میللەتەکەمان، چار چییە؟ ئێمە پرۆتێستێکمان نووسیوە بۆ مفەوەزییەت لەسەر ئەو وەزعەو

> نە ئێستاو نە لە رابردووشدا نە پارەی تەقاعودیم وەرگرتووەو نە مووچەم هەبووەو نە ئێستا مووچەم هەیە لە حکومەتی هەرێمو نە مووچەیەک هەیە لە حیزبو نە پارەی خانەنشینی وەردەگرم

فراکسیۆنی گۆڕانیش لـە هەولێر بەیاننامەیەکی دەرکـردووەو داواشیان کـردووە، کە کۆبوونەوەیەکی خێرای پەرلەمانی کوردستان بکرێت، من خۆشم پەیوەندیم بە هەندێک لە پەرلەمانتارەکانی خۆمان لە بەغدا کردووە، کە لەوێش ئەم مەوزوعە بورووژێننو باسی بکەن لەبەر ئەوە لە هەموو لایەکەوە هەوڵمانداوەو با چـاوەڕێ بکەین بزانین هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانو هەڵوێستی ئەنجومەنی وەزیـرانـی کوردستانو هەڵوێستی لـەسـەروو هەمووانەوە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەم مەوزوعەدا چی دەبێت، بێگومان هەرچی بڕیارو هەڵوێستێکی ئەوان لە قازانجی کـورد بیدەن، ئێمە بەبێ سێو دوو پشتیوانییان دەکەین.

**– لە پلنیۆمی (ی.ن.ک) مام جەلال لە قسەکانیدا لێپرسراوێتی کۆمەڵێک هەڵوێستی خستووەتە ئەستۆی تۆ، رای بەڕێزت چییە؟**

* یەکەم، هەواڵەکانی کە بە من گەیشتووە هی دەستی دووەمـە واتە لە دەزگاکانی راگەیاندنو لە دەمی ئـەمو ئــەوەوە بیستوومەتەوە، من خۆم نە لە تەلەفزیۆندا گوێم لێبووە چی باسکردووەو نە بە نووسینیش خوێندوومەتەوە چی باسکردووە، ئەوەی کە بیستوومە ئەوەیە کە لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەوانەی لەو پلنیۆمەدا بەشدارییان کـردووە بـەدەم بۆیان گێڕاومەتەوەو یاخود کەسی سێیەم بۆی گێڕاومەتەوە، لەبەرئەوە گێڕانەوە شتێکی لەسەر بینا ناکرێت تاوەکو بڵێیت مادە بە مادە خاڵ بەخاڵو تۆمەت بە تۆمەت وەڵامی بدەمەوە، دووەمیش، بەڕاستی من بەلامەوە سەیرە کابرایەک بەشی هەرە زۆری تەمەنی مەسئول بووبێت مەسئولی یەکەمی جووڵانەوەیەکی گـەورەی وەکـو جـووڵانـەوەی کورد بووبێت، بەم تەمەنەوە بڕوات پاکانە بکات بۆ حیزبی بەعس، پاکانە بکات بۆ سەدام حسێن، تاوانی کیمیابارانکردنی شارێکی گەورەی کوردستان کە ئێستا بووە بە رەمز بۆ جووڵانەوەی کورد لەباتی ئـەوەی بیخاتە سەر نیزامی بەعسو بیخاتە سەر ئەوانەی کە ئێستا لە دادگاکاندا مەحکەمە دەکرێن، بیخاتە سەر هاوڕێکانی خۆی من زۆر بەداخەوەم بۆ ئەوە.

**– بەرپرسێکی (ی.ن.ک) لە ئەوروپا وتوویەتی مانگانەی نەوشیروان مستەفا (٦) دەفتەر دۆلارە لەوبارەیەوە چی دەڵێیت؟**

*جارێ یەکەم، لە کوردستانی عێراقدا مانگانەی (٦) دەفتەر دۆلاریی هەر نییە، ئەوە یەکێک لە دەسەڵاتدارانی یەکێتی لە کۆڕێکدا لە ئەوروپا باسیکردووە، من حەزدەکەم بە خەڵک بڵێم رادەی راستیی ئەم خەبەرە بەقەدەر راستی ئەو قسانەیە، کە لە پلنیۆمدا کراون لەسەر من، نە ئێستاو نە لە رابردووشدا نە پارەی تەقاعودیم وەرگرتووەو نە مووچەم هەبووەو نە ئێستا مووچەم هەیە لە حکومەتی هەرێمو نە مووچەیەک هەیە لە حیزبو نە پارەی خانەنشینی وەردەگـرم، ئەو پارەیەی من، ئومێدم وایە ئەو برادەرە بیخاتە سەر میزانییەی مانگانەی مەکتەبەکەی خۆی.

## نوێنەرەکانمان لە بەغداو داستانێکی دیکەی شکست



فرمان عەبدولڕەحمان

دوای (١١) جار دواخستن، رۆژی (٧)ی ئەم مانگە یاسای هەڵبژاردنەکان ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموارکراو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش پەسەندی کرد.

یـاسـا هـەمـوارکـراوەکـە کۆمەڵێک بـڕگـەی تێدایە، کە بـەو لۆژیکەی هـەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە ماوەی رابردوودا مامەڵەیان پێکردووە، جێگەی مەترسین بۆ سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کـورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئایندەی عێراقدا، کە بەرپرسیارێتییە یاساییەکەی بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر نوێنەرەکانمان لە بەغدا.

ئەوە خاڵێکە، کە میدیای حیزب رای گشتیی پێ چەواشە کردو وای نیشاندا، کە لە کۆمەڵە نەبەردییەکدا نوێنەرەکانمان دەستکەوتی گەورەیان بۆ کورد بەرجەستەکرد، لێرەدا قسە لەو موزایەدە سیاسییانە نییە، کە نوێنەرەکانمان وەک جۆرێک لە منەت بەسەر هاوڵاتییانی هەرێمەوە خستیانە روو، بەڵکو قسە لەوەیە، ئایا کامانەن ئەو دەستکەوتانەی، کە نوێنەرەکانمان لە رێگەی هەموارکردنی ئەو یاسایەوە هێنایانەدی؟ کامانەن ئەو بڕگانەی کە پێشنیازی کورد بوونو پەیڕەوکران؟ کوان ئەو خاڵانەی کورد بە مەترسیی دەزانی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیو بە پێداگیرییان لە یاساکە دەریانهێنا؟!.

ئەو رۆژەمان لەیادە، کە لە میدیای حیزبەوە بەرپرسانی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی لە ئەنجومەنی نوێنەران بە شانازییەوە باسیان لەو دەستکەوتانە دەکرد، کە بەهۆی سووربوونی ئەوانەوە لە یاساکەدا بەرجەستەکراون.

بەڵام بەدەر لە هەر شتێک، گەر بە کەمێک هۆشیاریی سیاسییەوە بڕوانینە بارودۆخەکە زیاد لە مەترسییەک بەدی دەکەین، کە لە چوارچێوەی یاسا هەموارکراوەکەدا خۆی حـەشـارداوەو زۆر بە ئاسانیش بەسەر نوێنەرەکانماندا تێپەڕین.

لەوانە پێدانی باری تایبەتە بە کەرکوک، کە لە یاسا هەموارکراوەکەدا (٦) جار ناوی کەرکوک بەتایبەتی هاتووە بێ ئەوەی هیچ شارێکی دیکەی عێراق ناوی ببرێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە پارێزگای موسلیش هەمان دۆخی کەرکوکی هەیە، بەڵام ناڕاستەوخۆ بە پارێزگای گوماندار (مشكوك) ناوی براوەو لەوەدا نوێنەرەکانی ئێمە نەیانتوانی لە ئاست پێداگیریی هەندێ لە پەرلەمانتارانی عەرەبو تورکماندا بەهێز بن.

لە مـادەی حەوتەمی یاساکە، بڕگەی دووەم کە باس لە گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی شارەکانی عێراق دەکات، نوێنەرەکانمان کەمتەرخەم بـوونو زانیاری تەواویان لەبەردەستدا نەبووە، دەنا هیچ لۆژیکێک ئەوە قبوڵ ناکات، کە تەنیا کورسییەکانی پارێزگای موسڵ نزیکەی کورسییەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم بن، بەمشێوەیە: سلێمانی (١٥)، هەولێر (١٤)، دهۆک (٩)، کۆی گشتیی (٣٨) کورسی، تەنیا پارێزگای موسڵ (٣١) کورسی بۆ دیاریکراوە.

راستە دیاریکردنەکە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەنجامیداوە، بـەڵام ئایا بەرپرسانی حکومەتی هەرێم نەیاندەتوانی پێشتر کۆمسیۆن لەو زیادبوونانە ئاگاداربکەنەوە، کە بەسەر دانیشتووانی شارەکانی هەرێمدا هاتووە؟!، هەروەک بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی رایگەیاند: لە ئێستادا تەنیا پارێزگای سلێمانی ژمارەی دانیشتووانەکەی لە (٢) ملیۆنو (٢٠٠) هەزار کەس تێپەڕیوە.

ئەوەی جێگەی پرسیارو گومانی گەورەیە، هەریەکە لە سەرۆک کۆماری عێراقو جێگری یەکەمی، یاساکەیان واژۆ کردووە، قسەمان لەسەر عادل عەبدولمەهدی نییە، بەڵام ئایا سەرۆک کۆمار چۆن بەبێ ئەوەی هیچ سەرنجو تێبینییەکی لەسەر یاسا هەموارکراوەکە هەبێت واژۆی لەسەر کرد؟!، ئەوە لەکاتێکدایە تاریق هاشمی جێگری دووەمی سەرۆک کۆمار تائێستا واژۆی نەکردووەو لانیکەم لەسەر رێژەی کورسییەکانی هاوڵاتیانی دەرەوەی عێراق، کە (٥٪)یان بۆ دیاریکراوە تەحەفوزی هەیەو داوای ئەوە دەکات بۆیان بکرێت بە (١٥٪).

ئەوەی مایەی نیگەرانییە لەم کاتە هەستیارو ناسکەدا هەردوو سەرکردەی کورد تاڵەبانیو بارزانی مەیدانەکەیان چۆڵکردووەو لە ئەوروپا سەرقاڵی بەجێگەیاندنی ئەرکە دیبلۆماسییەکانیانن، بـەڵام تۆ بڵێی بابەتێکی گرنگی وەکو هەڵبژاردنەکانی عێراق بێ ئەرزشتر بن لەو گەشتە دیبلۆماسییەی ئەو دوو بەڕێزە بەهۆیەوە کوردستانیان لەپێناودا جێهێشتووە؟.

ئەمجارەش کورد دەبێت باجی سادەییو کەمتەرخەمیی نوێنەرەکانی بداتو دووبارە ئێمەش دەبێت «هەستی شۆڤێنییە عەرەبو بەکرێگرتە تورکمانەکان» بکەینە عەلاگەیەکی زیوینو هەموو خەتاو کارە دزێوەکانیان پێدا هەڵبواسینو ئەوەی ناوی بەرپرسیاریشە لەسەر خۆمانی هەڵبگرین، بێ ئاگا لەوەی کە ئەمە گەمەی دیموکراسییو تەکنیکو بەکارهێنانی کارتی سیاسییە بۆ بەرجەستەکردنی بەرژەوەندییەکان.

ئەم گەمەیە جارێکی دیکە پێماندەڵێتەوە، کە نوێنەرەکانمان نەیانتوانی لە ئاست ئەو بەرپرسیارییە گەورەیەدا بن، کە میللەتەکەمان لێیان چاوەڕێ دەکات، ئیدی نازانم جارێکی دی نوێنەرەکانمان لە بەغدا شەرم نایانگرێت باس لە دەستکەوتو شتی لەو شێوەیە بکەن.

# ...ـەڵ پارتی، دادەبەزێت

هەیە سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونەکان لـە کـوردسـتـان، کـورد پێویستە بە یەکگرتوویی بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات، بۆیە ئـەو هاوپەیمانێتییەیان پێکهێناوە، هەروەها بەپێی یاسا نوێیەکە (٨) کورسی تەعویزیی هەیە، کە دەدرێت بەو لیستانەی کە پلەکانی یەکەمیان بە دەستهێناوە، بۆیە ئەگەر کورد لیستی یەکگرتووی هەبێت چەند کورسییەکی تەعویزی بـەردەکـەوێـت، دەربـــارەی شێوازی هەڵبژاردنەکەش سەعدی پیرە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ کە جەماوەری هەر لایەنێک ئازادە دەنگ بە کام پاڵێوراو دەدات، بۆیە ریزبەندیی لیستەکە هیچ مانایەکی نییە، دەنگدەر ریزبەندیی نوێنەرەکان دادەنێت، نەک حیزبەکان».

پیرە بە دووری دەزانـێـت لیستی نیمچەکراوە کێشە بۆ هاوپەیمانێتی نێوان یەکێتیو پارتی دروست بکات، چونکە خەڵک نوێنەر هەڵدەبژێرێتو بەئارەزووی هیچ لایەنێک نییە، کە چەند نوێنەری هەبێت، بۆیە پێویستە هەرلایەنێک کەسی باش دابنێت بۆ ئەوەی بتوانێت متمانەو دەنگی خەڵکی بەدەستبهێنێت.



تاڵەبانی و بارزانی
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# نەوشیروان مستەفا: بەشێک لە هەموارەکانی یاسای هەڵبژاردن، بە زیانی کـ

**سازدانی هۆشیار عەبدوڵڵا**

**نەوشیروان مستەفا لەم دیدارەدا کە بەرنامەی ڕووبەڕووی کەناڵی ئاسمانی KNN لەگەڵیدا سازیکردووە، مەترسییەکانی خۆی سەبارەت بە زیادنەبوونی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان بەرامبەر کورسی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەخاتەڕوو پێیوایە: «ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراقیدا (٢١٪) دادەبەزێتە خوارەوە بۆ کەمتر (١٨٪)، کە ئەوە گرفتێکی گەورە دەخاتە ناو پەرلەمانی عێراق».**
**جگە لەوەی نەوشیروان مستەفا لەم دیدارەدا وەڵامی تۆمەتەکانی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی دەداتەوە کە لە دوا پلنیۆمی ئەو حزبەدا ئاراستەی کردبوو.**

**– هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن لە عێراقداو ئەو پاشهاتانەی، کە بە دوای خۆیدا هێنا، ڕای ئێوە سەبارەت بەو هەمواركردنە چییە؟**

* هەموو جارێ، کە قانوون دەردەچێت دەبێت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە لەگەڵ کۆمەڵدا هاتووەتە پێشەوە، بگونجێت، ئەمجارە قانوونی هەڵبژاردن چوار گۆڕینی بنەڕەتی کردووە لە قانوونی ساڵی (٢٠٠٥)، گۆڕینی یەکەمیان ئەوەیە، کە ئەمجارە لەباتی ئەوەی عێراق یەک دائیرەی ئینتیخابیو یەک لیست بێت بووە بە (١٨) دائیرەی ئینتیخابیو (١٨) لیستی جیاواز، ئەوە گۆڕانی یەکەمە واتە لە یەک بازنەییەوە بووەتە فرە بازنەیی، گۆڕینی دووەمیان جاران لیستی داخراوبوو ئێستا بووەتە لیستی کراوە، یەعنی دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بدات بەو پاڵێوراوانەی، یان بەو کاندیدانەی کە ناوەکانیان دەزانێت کێیەو کێ نییە، کە ئەمەش گۆڕینێکی گرنگە، گۆڕینی سێیەمیان پەرلەمانی پێشوو ژمارەی ئەندامەکانیان (٢٧٥) کەس بوو ئێستا بووە بە (٣٢٣) کەس، یەعنی زیادیکردووەو زۆریش زیادیکردووە، گۆڕینی چوارەم ئەوەیە، کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا بە گوێرەی قانوون (٤٥) کورسی لە (٢٧٥) کورسییەکە دەچوو بۆ کەمایەتییەکانو دەرەوەی عێراق، ئەمجارە ئەوەیان زۆر کەمکردووەتەوە لەباتی (٤٥)ەکە بووە بە (١٥) لەوەش (٨)ی دەچێت بۆ کەمەنەتەوایەتییەکانو چەند کورسییەکی کەمی دەمێنێتەوە بۆ عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات، ئەمە بە دەرەجەی ئەساسی ئەم چوار گۆڕینەیە، کە لە قانوونەکان ڕوویداوە.

**– ئەگەر ئەم چوار گۆڕینە لەبەرچاو بگرین هەست دەکەیت کامەیان باشەو کامەیان خراپە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی سوودو زیانەکانی بۆ گەلی کورد؟**

* بەڕای من دووان لەو گۆڕینانە بە قازانجی کوردەو دووانیشی بە زەرەری کوردە، گۆڕانی یەکەم کە لە لیستی داخراوەوە کراوە بە لیستی کراوە، ئەوە بە قازانجی ژیانی دیموکراسییە، نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو عێراقدا، گۆڕانی دووەم ئەوەی کە لە یەک بازنەییو یەکلیستییەوە کراوە بە فرە بازنەییو فرە لیستی بۆ (١٨) پارێزگا، ئەمەش دیسان بە قازانجی ژیانی دیموکراسییە لە کوردستانو لە عێراقدا، بەڵام دووانەکەی دیکەیان زیادکردنی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەبێ ئەوەی کە کورد حیسابێکی بۆ کردبێتو شانبەشانی ئەو زیادبوونەی کە لە ناوچەی شیعەکاندا لە ناوچەی سوننیو ناوچەی عەرەبیدا زیادیکردووە حیسابی ئەوەمان بکردایە، کە کوردیش دەبوایە بە هەمان ڕێژە لە پەرلەماندا نیسبەتی زیادبکردایە، یان ڕێژەی زیادی بکردایە ئەوە یەکێکە لەوانەی کە زەرەری لێداوین، یەعنی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لە (٢٧٥)ەوە بۆ (٣٢٣)، لەکاتێکدا، کە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانتارانی کورد ڕەنگە زیاد نەکات، یا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، یان کەمتر دەبێتەوە، پێموایە؛ ئەمە شتێکی زۆر نائاساییەو ئەمە بە زەرەری کوردە، گۆڕینی دووەمیش کە بە زەرەری کوردەو بە قازانجی کورد نییە، ئەویش ئەوەیە تا ئەندازەیەکی زۆر دەنگدەرانی کوردی دەرەوەی وڵات بێبەشکراون، چونکە بۆ هەموو ئەوانەی کە لە دەرەوە دەژین ئێستا نزیکەی (٣) ملیۆن تا (٤) ملیۆن عێراقی لە دەرەوەی عێراق دەژین، لەوە بەشێکی گەورەی کوردە تەنیا ئەوانە (٧) کورسییان بۆ دانراوە، کە لەو (٧) کورسییە ڕەنگە (٢) یان ئەوپەڕی (٣) کورسی بەر دەنگدەری کورد دەکەوێت لە سەرتاسەری دونیا، کە ئەمە من پێموایە دیسان ناهەقییە بەرامبەر بە ئێمە کراوە.

**– دەستکاریکردنی ئەو ژمارانە لە کورسی پەرلەمان چۆن زیان بە کورد دەگەیەنێت؟**

* لەکاتی نووسینی دەستووری عێراقدا لە ڕاستیدا ئەو ڕێژانەی دەنگدان، کە دانرابوو بە شێوەیەکی وا دانرابوو کە نەوعێک لە تەوافوق تەئمین بکات لەنێوان کوردو لەنێوان لایەنەکانی دیکەدا، بۆ نموونە ئەو کاتەی کە پەرلەمانی عێراقی (٢٧٥) ئەندام بوو لەوە نزیکەی (٢١٪)ی بەر کورد کەوتبوو لە دەنگدانێک بە گوێرەی دەستووری عێراقی هەندێک دەنگدان هەیە، کە ڕێژەیەکی دیاریکراوی پێویستە، بۆنموونە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکانیان پێویستی بەوەیە کە (٣/٢)ی تێکڕای ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەربدەن وەختی خۆی کە لە کاتی نووسینی دەستووریدا حیساب کرابوو بەبێ دەنگی کورد نەدەکرا، ئەو (٣/٢)یە تەئمینبکرێت، لەبەرئەوە، ئەوە زەمانێک بوو گوێ لە دەنگی کورد بگیرێتو حیسابێک بۆ کورد بکرێت لەو پلەو پایە بەرزانەی کە لە عێراقدا هەیە، ئێستا لەم حاڵەتە کە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دەبێت بە (٣٢٣) کەس ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراقیدا (٢١٪) دادەبەزێتە خوارەوە بۆ کەمتر (١٨٪)، کە من پێموایە؛ ئەمە خەلەلێکی گەورە دەخاتە ناو پەرلەمانی عێراق، لە داهاتووداو بەو ئەندازەیەی کە جاران کورد دەیتوانی بۆنموونە هەر قانوونێک پێویستی بەوە بوایە (٣/٢)ی دەنگەکان بەدەست بێنێت، کورد دەیتوانی دەورێکی کاریگەری هەبێتو هەندێک لە قانوونەکانی دیکە پێویستی بەوە بوو کە (٥٠+١) بێت، لەوەشدا کورد دەیتوانی دەنگی هەبێت، ئەمە ئێستا هەڵتەکیوە بە شێوەیەکی وا، کە کورد دیارە حیسابی ئەوەی نەکردووە زیادبوون لە موسڵ، زیادبوون لە بەسرە، زیادبوون لە شارەکانی دیکەی عەرەبنشین، چ کاریگەرییەکی هەیە ئەگەر لە هەمان کاتدا تۆ زیادنەکەیت؟ چونکە هەموو هەرێمی کوردستان (٣) کورسی زیادیکردووە، تۆ حیسابی ئەوە بکە لە (٣٢٣) کورسی (٣) کورسی بۆ کورد زیادیکردووە باقییەکەی دیکەی بۆ لایەنەکانی دیکە بووە.

**– پێتوایە عێراقی دوای (٢٠٠٣)، ڕاستە عێراقی تەوافوقی بووە، بەڵام ژمارە دەوری بینیوە؟**

* بەڵێ، لە پەرلەمانی داهاتوودا یەکێک لەو خەتەرانەی، کە بەڕاستی دەبێت جێی مەترسی هەمووڵایەکمان بێت لە کوردستانداو دەبێت هەوڵبدەین کە ئەو خەلەلە ڕاست بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە بە تەقدیری من لە پەرلەمانی داهاتوودا مەبدەئی تەوافوق یەعنی سەرەتای سازان، کە پێکهاتنە لەسەر کۆمەڵێک شت ئەمە پێموایە؛ پشتگوێدەخرێت لە موقابیلی ئەوەدا سەرەتای کەمینەو زۆرینە یەعنی (ئەقەلیەتو ئەکسەریەت) دێتە پێشەوە، چونکە کورد دەبێت بە ئەکسەریەتێکی بچووک لە پەرلەمانی داهاتوودا، ئێمە لە پەرلەمانی پێشوودا بە گوێرەی دەستووری عێراقی دوو زەمانەتمان هەبوو کە تەئمینی تەوافوقی دەکرد لەنێوان کوردو لەنێوان پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا، ئەو دوو مەبدەئە، ئەو دوو سەرەتایە، ئەو دوو مادە دەستوورییە یەکێکیان ئەو دەنگدانە بوو، کە من باسمکرد یەعنی ئەو نیسبەتە بوو کە نەیاندەتوانی بەبێ دەنگی کورد (٣/٢) تەئمین بکەن، یا (٥٠+١)ی مەجموعی ئەندامی پەرلەمان تەئمین بکەن، ئێستا بەبێ ئەمە دەتوانن بیکەنو بەبێ منەتیش دەتوانن بیکەن، زەمانی دووەم ئەوەبوو کە ئێمە ئەنجومەنی سەرۆکایەتیمان هەبوو، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێکهاتووە لە (٣) کەس نوێنەرێکی کوردە، نوێنەرێکی شیعەیەو نوێنەرێکی سوننەیەو هەریەک لەم (٣) نوێنەرە، کە یەکیان سەرۆک کۆمارە دووانیان جێگرن، بۆیان هەبوو هەرچی قانوونە بچێت بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ڤیتۆ بەکار بێننو ڕەفزی بکەنەوەو بیگێڕنەوە بۆ ناو پەرلەمان، لەم دەورەیەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نامێنێتو دەبێتەوە بە سەرۆک کۆمار بە تاقی تەنیا، کە بوو بە سەرۆک کۆمار ئیحتیمالی زۆری هەیە، کە بەر کورد نەکەوێت ئەمجارە یەعنی کوردێک نەبێتەوە بە سەرۆک کۆماری عێراق لەبەر ئەوە ئەو ڤیتۆیەمان لەکیس چووو هەقی ڤیتۆمان نامێنێت، وەختی خۆی وا بیرکرابووەوە کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەمێنێت لە بەرامبەری ئەوە (مەجلیسی ئەقالیم) دروستبکرێت، واتە لەکاتی هەمواری ئەو قانوونە ئەو برادەرانەی ئێمە، یان ئەو کەسانەی ئێمە کە لە بەغدا نوێنەرایەتی کوردیان کردووە، بیریان لەوە نەکردووەتەوە بەدیلێک بدۆزنەوە بۆ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نەماو ئەو مافی ڤیتۆیەمان نەما، شتێکی دیکەمان هەبێت بەدیلی ئەمە بێتو بتوانێت جێگەی ئەوە بگرێتەوە.

**– سەبارەت بەو ترسانەی هەیە لە هەمواركردنەکە بۆ ئایندەی عێراق وەکو تۆ باسیدەکەیت، باشە کورد بەشداربووە لە حکومەتی عێراقیداو کورد وجودێکی دیاری هەبووە بەوپێیەی کە سەرۆکایەتی کۆمارو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنو هەموو پۆستەکانی دیکە کێ بەرپرسیارە لەوەی کە ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە تێدەپەڕێتو تێپەڕیوە تا ڕادەیەک؟**

* کێ بەرپرسیارە؟ ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە لە کوردستانو لە بەغدا، من نامەوێت تۆمەت بخەمە پاڵ کەس، بەڵام دەبوایە وەزارەتی بازرگانی، دائیرەکانی وەزارەتی بازرگانی، کە کارتی خۆراک ڕێکدەخەن وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی بازرگانی بەغدا، ئەوانەی کە لە بەغدا پۆستی بەرزیان هەیە دەبوایە لەباتی ئەوەی کە هەر خەریکی ئەوە بن زەخت لە ئێمە بکەنو تەزویر لە ئێمە بکەن، دەبوایە بیانزانیایە کە خەڵکی


نەوشیروان مستەفا

# پشکی یەکێتی لە هاوپەیمانێتی لەگـ

**بەرهەم خالید**

هەرچەندە یەکێتیو پارتیو چەند حیزبێکی دیکە هاوپەیمانێتییەکان بۆ بەشداریکردنی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق پێکهێنا، بەڵام سیستمی هەڵبژاردن، کە بڕیاروایە بە شێوازی لیستی کراوە بێت، ئاستەنگ بۆ هاوپەیمانێتییەی یەکێتیو پارتی دروستدەکات، بەوپێیەی ناتوانن بە یەکسانی نوێنەرەکانیان دیاریبکەن، ئەوەش باڵانسی ئەو دووپارتە بە لایەکیاندا لاسەنگ دەکاتو قەبارەی ڕاستەقینەیان دەردەکەوێت، بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێت: ئەمجارە دەنگی هاوڵاتییان دیاریدەکات، کە کام لایەن زۆرترین نوێنەری دەچێتە پەرلەمان.

هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی هەمواركرد، یەکێک لە گرنگترین بەندەکانی ئەو یاسایەش مەسەلەی گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنە لە لیستی داخراوەوە بۆ لیستی نیمچە کراوە، لەو حاڵەتەشدا دەنگدەر بۆی هەیە لە نێوان لیستو پاڵێوراوەکاندا دەنگ بە یەکێکیان بدات، ئەوەش لەگەڵ ناوەڕۆکی هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتیدا نایەتەوە، کە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ (١٠) حیزبی دیکەدا پێکیانهێنا، بەڵام هەریەکە لە لیستەکانی گۆڕانو یەکگرتوو کۆمەڵ بڕیاریاندا بە جیا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن.

> **«یەکێتیو پارتی بە پێی قەبارەی خۆیان نوێنەریان دەبێت، چونکە جەماوەری هەرلایەنێک دەنگدەداتە پاڵێوراوەکانی خۆیو بە پێی ریزبەندی لیستەکە نابێتو مەرج نییە وەک یەک نوێنەرمان هەبێت لە پەرلەماندا»**

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، لەبارەی ئەو گۆڕانکارییە لە یاساکەداو چارەنووسی پارسەنگی هێز لە لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی بە ڕۆژنامەی وت: «بەپێی ئەم سیستمە تازەیە گرفت دروستدەبێت لە نێوان پارتیو یەکێتیدا، چونکە کە لیستەکە کراوەبوو، حیزبەکان سەرەڕای بانگەشەکردن بۆ لیستەکە، بانگەشە بۆ نوێنەرە حیزبییەکانی خۆشیان دەکەن لەناو لیستەکەدا، ئەوەش ناهاوسەنگی دەخاتەوە، کە بە یەکسانی نوێنەرەکانیان دەرناچێتو هاوکێشە سیاسییەکە دەگۆڕێت».

لە بارەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکەش عیماد ئەحمەد، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان مەبەستیانە زۆربەی لایەنە کوردستانییەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمەو یەکگرتوو بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن داواکارییەکانی کورد لە بەغدا جێبەجێبکەن، بە تایبەت ئەو بابەتانەی کێشەیان لە نێوان هەرێمو ناوەندا دروستکردووەو وتیشی: «هاوپەیمانێتییەکە کراوەیە بۆ هەر لایەنێکی دیکە، کە بیەوێت بەشداریی تێدا بکات، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیمان بە سەرجەم لایەنەکانەوە کردووە».

دەربارەی مەترسی شێوازی هەڵبژاردنەکەش بۆ سەر هاوپەیمانی یەکێتیو پارتی، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی ڕایگەیاند: هەر لایەنێک بەپێی قەبارەی خۆی نوێنەری دەبێت، ئەوەش هەموو لایەنەکان دەگرێتەوەو هیچ لایەنێک لەسەر حسابی لایەنێکی دیکە نوێنەری نابێتو وتیشی: «یەکێتیو پارتی بەپێی قەبارەی خۆیان نوێنەریان دەبێت، چونکە جەماوەری هەرلایەنێک دەنگدەداتە پاڵێوراوەکانی خۆیو بەپێی ریزبەندی لیستەکە نابێتو مەرج نییە وەک یەک نوێنەرمان هەبێت لە پەرلەماندا، بەڵام ئەو حاڵەتە هیچ کاریگەریی لەسەر هاوپەیمانێتی یەکێتیو پارتی نابێت».

پاش هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممووزی ڕابردوو لە کوردستان، بارودۆخی سیاسیی هەرێم کاریگەریی لەسەر ڕێکەوتنە ستراتیژییەکەی نێوان یەکێتیو پارتی جێهێشتووەو بەڕای چاودێران، پێناچێت ئەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەی کە لە مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٧) تاڵەبانیو بارزانی ئیمزایانکرد، وەک خۆی بمێنێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە؛ هاوسەنگیی هێزی لەنێوان خۆییو یەکێتیدا لاسەنگ بووە، بەوپێیەی هێزێکی سیاسیی کاریگەر بە ناوی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دروستبووە، ئەوەش وا دەکات لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتی تەنیا دەنگی لایەنگرانی خۆی بەدەستبهێنێت، لەو حاڵەتەشدا ژمارەی نوێنەرەکانی لە بەرامبەر پارتیدا کەمدەبێت، چونکە شێوازی هەڵبژاردنەکە ڕێگە نادات یەکێتیو پارتی وەک یەک نوێنەر بنێرنە پەرلەمان.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخەی لە بەغدا

# ـــــم لەژێر چنگی حیزبدا

# ـــزە چەکدارەکان لەشکری تایبەتی سەر بە پارتیو یەکێتین

کەسانی دەستڕۆیشتوویان فەرمان لە هیچ لایەنێکەوە وەرناگرنو کاغەزی کەس ناخوێننەوە، بەڵام لە بودجەی حکومەت کە پارەی میللەتە مووچە وەردەگرنو سازو ئامادەدەکرێن بۆ ئەو شەڕانەی کە حیزب (نەک حکومەتو نەتەوە) پێویستی پێیەتی.

هەموو ئەو هێزە چەکدارەی کە دەکەونە سنووری یەکێتی، مەرجە تەنیاو تەنیا یەکێتی بن، خۆ ئەگەر مەیلێکی سیاسیی جیایان هەبێت، دەبێت بیشارنەوەو نەهێڵن کەس پێیبزانێت، چونکە دەبێتە هۆی دەرکردنو نانبڕینو ڕەنگە بە ئەوەندەش نەجاتیان نەبێتو ئەو حاڵەتەش سەبارەت بە پارتی بەهەمانشێوەیەو هیچ جیاوازییەکیان نییە.

هــەروەک بینیمان لەکاتی پڕۆسەی هەڵبژاردندا سەدان ئەفسەرو دەرەجەداری پێشمەرگەو ئاسایشو هێزەکانی ناوخۆ بە بیانووی بوونی بیــروڕای سیاسیی جیاوازەوە لەکاتی دەنگداندا نانبڕاوکرانو ئیجرائاتی نائوسوڵییان بەرامبەرکرا.

سەرکردایەتی کـورد لەماوەی چەند ساڵی رابــردوودا بــەردەوام پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەبێت سوپای عێراق سوپایەکی بێلایەن بێتو ئەرکی پاراستنی عێراق بێتو لە کێشە ناوخۆییەکاندا تەداخولی پێنەکرێت، بــەڵام خۆیان لە کوردستان ئامادەنین هێزی پێشمەرگە یەکبخەنو بیکەنە هێزێکی نیزامیو یاساییو ئێستا هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش لە کوردستان لایەندارنو سەر بە پارتیو یەکێتین، حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای (١٨) ساڵ هێشتا بەهۆی ململانێی حیزبییەوە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی سوپایەکی نیشتمانیو نیزامیی، کەچی بەپێچەوانەوە حکومەتی عێراق لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوەو لە شەش ساڵی رابــردوودا توانیویەتی سوپایەک دروست بکات بە ناوی سوپای عێراقیو لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتو وەزارەتــی تایبەتمەندایەو لەژێر دەستی حیزبدا نییەو لە هەر ئاڵوگۆڕێکی دەسەڵاتیشدا کەسێکی جیاواز دەبێتە سەرپەرشتیارو وەزیری بەرگریی عێراق، بــەڵام لە کوردستاندا سەرۆکی حیزبو سکرتێرو نوێنەرانی ســەرۆکو سکرتێر فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە دەکەن!

بوونی فرەدەزگاییو فرەمەرجەعیی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەو دەزگا ئەمنییەکان لە کوردستانو بوونی ڕێکخستنی حیزبیی بە ئاشکرا لە ناویاندا، سەرباری ئەوەی کە ئەو کارە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستوورو یـاسـایـە. ئــەم مەسەلەیە لــە بەغداش ئیحراجییەکی زۆری بۆ پەرلەمانتارانی کــورد دروســتــکــردووە، کــە هــەروەک عەبدولباری زێباری، پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ کەناڵی KNN وتی: «ئێمە لەبەرامبەر لیستەکانی دیکە لە پەرلەمانی عێراق زۆر ئیحراج بووین، کە هەمیشە پرسیارمان لێدەکەن، بۆچی هێزە ئەمنییەکانو پێشمەرگە لەژێر دەستی حیزب ماونەتەوەو نەبوونەتە لەشکرێکی نیزامیی؟!.

یەکێکی دیکە لە سیفەتە خراپەکانی بوونی هێزی چەکداری سەر بە حیزب ئەوەیە، کە کە لەکاتی هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کورد دا لەگەڵ لایەنی دەرەکیی، ئەم هێزانە چونکە بە هزری حیزبیی گۆشکراون، بەرژەوەندیی حیزبەکانیان پــێــش بــەرژەوەنــدیــیــە نەتەوەییەکانی کورد خستووە، زۆرکات لەبەر بەرژەوەندیی حیزبییان ئامادەنەبوون ڕووبەڕووی داگیرکەران ببنەوە، هەروەک چۆن لە ساڵانی ناوەڕاستی نەوەدەکانی رابردوودا کاتێک هێزەکانی ڕژێمی سەدام لە هەندێک قۆڵەوە پەلاماری خاکی کوردستانیان دەدا، دەمانبینی هێزەکانی یەکێک لەم لایەنانە ڕووبــەڕووی ڕژێــم دەبــوونــەوە، بەڵام هێزەکانی لایەنەکەی دیکە لە سنووری دەســەڵاتــی خۆیەوە شەڕیان نەدەکرد، هەروەک هەندێکجار بەپێچەوانەشەوە، کە ئەنجامی ئەم ڕەفتارە حیزبییەش بە زەرەری

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانو خەڵکی کوردستان دەشکایەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو دوو هێزە شەڕەکانیان بۆ بەرژەوەندیی حیزبی خۆیان دەکرد، نەک بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیو خاکی کوردستان!.

هەرچەندە پارتیو یەکێتی بانگەشەی ئەوەدەکەن کە ئێستا هێزەکانی پێشمەرگە یەکیانگرتووەتەوە لە چوارچێوەی یەک وەزارەتــی پێشمەرگەدا، بــەڵام تائێستا هێزی پێشمەرگە لەلایەن دوو سەرکردەی وەک تاڵەبانیو بارزانییەوە سەرکردایەتی دەکــرێــن، مەسعود بــارزانــی، سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پارتی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی لەشکری کوردستان (فەلەک)ەو جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراقو سکرتێری گشتیی یەکێتی، فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەو هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی فەرمان لە تاڵەبانیو بەرپرسانی یەکێتییەوە وەردەگــرنو هێزەکانی پارتیش فەرمان لە بارزانیو بەرپرسانی پارتییەوەو هیچ یەکێک لەو هێزانە حساب بۆ یەکتری ناکەن.

ئەمڕۆ لەکوردستانداکۆمەڵێک ئەکادیمیای سەربازیی هەن، وەک کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالانو ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆو کۆلێژەکانی پۆلیس لە هەولێرو سلێمانی، بەڵام هەموو ئەم دامــەزراوە سەربازییانە بەپێی بەرژەوەندییە حیزبییەکانی پارتیو یەکێتی کــاردەکــەنو هەمیشە بەپێی پێداویستییەکانی حیزب هەڵسوکەوت دەکــەنو هەموو ئــەو ئەفسەرانەش کە لەوێدا دەرچــوون بە تەزکییەی یەکێتی یاخود پارتی وەرگــیــراون! واتــە مەرجی بنچینەیی قبووڵکردنیان حیزبایەتی بووە، نەک مەرجی دڵسۆزیی بۆ خاکو نیشتمان، هەربۆیە تائێستا یەک هاوڵاتیی کوردستان بەبێ تەزکییەی حیزبیی پارتیو یەکێتی لەم دامەزراوە سەربازییانە وەرنەگیراوە.

## بوونی ڕێكخستنی حیزبیی لەناو هێزە چەكدارەكاندا، پەروەردەی حیزبیی لەبری پەروەردەی نەتەوەیی

لەناو هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیسی کوردستاندا کە تەواوی ئەم هێزانە لە بودجەی میللەت مووچە لە حکومەتی هەرێم وەردەگــرن، پارتیو یەکێتی دامودەزگای ڕێکخستنی حیزبییان هەیەو ئەمەش سەرباری ئەوەی پێچەوانەی دەستوورو یاساکانی پەرلەمانی عێراقو کوردستانە، کارمەندانی ئەو هێزانەیان بەشێوەیەک پــەروەردە کــردووە، لەبری ئەوەی ئیش بۆ نیشتمان بکەن، ئیش بۆ حیزب دەکەن، لەبری ئەوەی ئەندامانی ئەم هێزە چەکدارانە وەلائیان بۆ نەتەوەو نیشتمان هەبێت، وەلائیان بۆ شەخسو حیزب هەیە.

لــەنــاو هــێــزی پێشمەرگەدا پارتی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگەی هەیەو عــومــەر عوسمان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی لێپرسراویەتی، یەکێتیش مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی هەیەو مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی لێپرسراویەتی.

هێزەکانی ئاسایش لە سلێمانی سەر بە دەزگای زانیارینو د.خەسرەو ئەندامی سەرکردایەتی لێپرسراویانە، لە هەولێریش هێزەکانی ئاسایش ســەر بە ئاژانسی پاراستنی پارتینو مەسرور بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی لێپرسراویانە، کە بەپێی دەستوورو یاسا قەدەغەیە حیزب ڕێکخستن لەناو هێزە چەکدارەکاندا دروست بکات، هەروەک مادەی (٩)ی دەستووری عێراقی قەدەغەی کردووە حیزبی سیاسیی ڕێکخستنی لەناو هێزە چەکدارەکاندا هەبێت، هەروەها بەپێی مــادەی (١٥)ی یاسای پارتو ڕێکخراوەکان کە لەساڵی (١٩٩٣)دا دەرچووە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، نابێت حیزب هیچ ڕێکخستنێکی سەربازیی یان نیمچە سەربازیی هەبێتو قەدەغەیە چەکی هەبێت.

مەحمود سەنگاوی، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی وتی: «من خۆم ئەگەر بێتە سەر بڕوای خۆم تا ئەم جیلە بمێنێت حیزبایەتی دەمێنێت لەناو ئەم هێزانەدا، بەڵام ڕەنگە دوای ئەم جیلە گۆڕانکاری بکرێت بە شێوەیەکی دیکەو ئێستا پارتی فەلەکو زێرەڤانی هەیەو ئێمە فەرماندەیی گشتییو هەیئەی ئەرکانو وەزارەتمان هەیە، بەڵام فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە».

لە بەرامبەریشدا لیوا جەبار یــاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتــی کاروباری پێشمەرگە وتــی: لە هەر وڵاتێکدا چەک بەدەست لایەنی سیاسی بوو زۆرجار ئەو چەکە بەکاردەهێنرێت لەکاتی ململانێکاندا لــەبــەرئــەوە دەبــێــت چــەک بــەدەســت لایەنێک بێت کە بێلایەن بێت، کە ئەویش حکومەتەو بۆئەوەی لەململانێی ناوخۆیدا بەکارنەهێنرێت.

ئێستا لە هەموو کـات زیاتر ئەرکی ئــەخــلاقــیو نیشتمانیو نــەتــەوەیــی پەرلەمانتارانی کوردستانە کە یاسایەک دەربکەن بۆ قەدەغەکردنی ڕێکخستنی حیزبیی لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشداو دوور لە ئاڕاستەکردنیان لەلایەن پارتیو یەکێتیو پەروەردەکردنیان بە پەروەردەیەکی نیشتمانیی.

د. شاهۆ سەعید وتی: ئێمە هیوادارین هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان، هاوڕێیانمان لە فراکسیۆنی لیستی کوردستانی، هاوڕێیان لە لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیی، هاوڕێکانی دیکە لە لیستی رافیدەین برا تورکمانەکانی ناو پەرلەمان هەر هەموومان ئینتیمامان بۆ هەرێمی کوردستان هەبێت، هەموومان هەست بکەین کە پرۆژەیەکی وا چەندە گرنگەو لە بەرژەوەندیی هەموومانە تەنیا لە بەرژەوەندیی فراکسیۆنی گۆڕاندا نییە.

هێشتنەوەی هێزی چەکدار لە دەرەوەی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانیو دامودەزگایەکی ئاسایشو پۆلیسی حیزبییو لایەندار لەلایەن (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)و هەر پارتێکی دیکەوە، هەڵەیەکی ستراتیژیو مەترسیدارە، هەربۆیە گرنگی بێلایەنیی سوپاو هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس لەوەدایە کە هیچ لایەنێک ناتوانێت بۆ مەرامی خۆی بەکاریانبهێنێت، ئەگەر کورد ئەم ڕێگایە هەڵنەبژێرێت، مەحاڵە سیستمی دیموکراسیو گۆڕانی دەسەڵات جێگیر ببێت لە کوردستاندا.

بێلایەنیی هێزە چەکدارەکان لە وڵاتانی دنیادا گرنگی تایبەتی هەیە لەسەر پڕۆسەی دیموکرسییو وڵاتەکانیانوفاکتەرێکی ئیجابیی بووە بۆ گەشەسەندنی دیموکراسییەتو دەستاودەستکردنی دەســەڵات، هەربۆیە وەختێک هێزی چەکدار بێلایەن دەبێتو بەرگریی لە دەستوورو نیزامی وڵاتەکەی دەکات، ئەو وڵاتانە بە بەردەوامیی پڕۆسەی دیموکراسی تێیدا گەشەی کــردووەو گەشە دەکات. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لە هەرێمی کوردستان هێزە چەکدارەکان لەژێر چنگی پارتیو یەکێتی دەرنەهێنرێنو بە پــەروەردەیــەکــی نیشتمانی لەجیاتی پــەروەردەی حیزبیی پــەروەردە نەکرێن، ئەوا هەموو ئانو ساتێک ئەم هێزە لەکاتی بوونی ناکۆکیی سیاسیو رای جیاوازدا لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، مەترسیی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕێکی دیکەی نەگریسی ناوخۆی لێدەکرێتەوە.

**ئەگەر لە کوردستاندا هێزی چەکداری پێشمەرگەو ئاسایش لەژێر چنگی حیزب دەرنەهێنرێنو تەسلیمی حکومەت نەکرێن، ئەوا لەکاتی هەر ناکۆکییەکی سیاسییو بیروڕای جیاوازدا، لەنێوان پارتیو یەکێتی دووبارە مەترسیی هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆ دەکرێت**



# هێزی چەکداری هەرێم

## بـــارزانی دان بەوەدا دەنێت کە لە هەرێمی کوردستان هێـ

**سیروان رەشید**

لەدوای (١٨) ساڵ لە ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی، تائێستا بەهۆی هەژموونی پارتیو یەکێتییەوە بەسەر کۆی کایەکانی ژیانی سیاسیو ئیداریی لە کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی سوپایەکی نیزامیو یاسایی نییەو هێزی سەربازییو هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان خۆی لە هێزی چەکداری پەروەردەکراوی حیزبیی یەکێتیو پارتی دەبینێتەوە، کە ئەم هێزانە لەبری ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بن، بەڵام لەلایەن حیزبەوە ئاراستەدەکرێنو بۆ بەرژەوەندیی حیزب دەجولێنرێن، کە جۆری ئەو دەزگایانەی کاری تێدادەکەن بەمشێوەیە دابەشکراون:

**لە سنووری ئیدارەی هەولێر:**
**– فەرماندەیی لەشکری کوردستان (فەلەک)ی پارتی**
**– هێزی زێرەڤانی**
**– دەزگای ئاسایش**
**– هێزی تایبەتی دارستانو ژینگەپارێزیی**
**– هێزی دژەتیرۆر**
**ئەمە جگە لە لیوایەکی تایبەتی چەند هەزار چەکداری سەرۆکی هەرێم.**
**لە سنووری ئیدارەی سلێمانی:**
**– فەرماندەیی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ( یەکێتی)**
**– وەزارەتی پێشمەرگەی ئیدارەی سلێمانی**
**– دەزگای ئاسایش**
**– هێزی دژەتیرۆر**
**– هێزی بەرگریی فریاکەوتن**

کۆی گشتیی ئەم هێزە چەکدارانە لە سنووری ئیدارەی سلێمانیو هەولێر زیاتر لە (٢٠٠) هەزار چەکدارە، کە هەر هەموویان مووچە لە حکومەت وەردەگرن، بەڵام لەلایەن سەرکردایەتی پارتیو یەکێتییەوە ڕێنماییو فەرمانیان پێدەدرێتو دەجولێنرێن، نەک لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

### مەترسیی هێزی چەکدار بە دەستی حیزبەوە

هێزە چەکدارو ئەمنییەکانی کوردستان سەرباری گیانبەخشینو لەخۆبوردوویی بەشێکی زۆری بەرپرسانو ئەندامانی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەڵام ڕاستییەکی تاڵ کە ناتوانین بازی بەسەردا بدەین، ئەوەیە کە تائێستا سیستمی ئەمنیی کوردستان سیستمێکی نارۆشنو ناشارستانییە، تائێستا هێزی چەکدار لەبری ئینتیما بۆ نیشتمانو گەل، ئینتیمایان بۆ حیزب، لەناو حیزبیشدا ئینتیمایان بۆ دەستـەو گـروپو کەسی دەسترۆیشتوو هەیە.

بـوونـی هـێـزی چـەکـداری حیزب لە کوردستان ئەوەندە دیاردەیەکی مەترسیدارە هەموو لەحزەیەک لە حاڵەتی بوونی ناکۆکیی سیاسیو بیروڕای جیاوازدا لەنێوان پارتیو یەکێتیدا مەترسیی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆی لێدەکرێتەوە، کە هەروەک چۆن لە (١٩٩٤/٥/١) بەهۆی کێشەی ڕیزێک دووکانەوە لە شارۆچکەی قەڵادزێ، بۆ ماوەی (٤) ساڵ شەڕێکی ناوخۆ لە سەرتاسەری کوردستان لەنێوان ئەم دوو حیزبە خاوەن چەکدارەی کوردستاندا هەڵدەگیرسێتو چەندین هـەزار قوربانیی لێدەکەوێتەوەو تائێستاش ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە بەسەر ژیانی هاوڵاتییانەوە دیارەو ماوەی (١٥) ساڵە سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا کردووە بە دوو ئیدارەوە، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونانە ئەوەیە کە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (١١) ساڵ بەسەر شەڕی ناوخۆدا، تائێستا نێوانی ناحیەی شۆڕش (دێگەڵە)و شارۆچکەی کۆیە وەک خاڵی سنووریی نێوان پارتیو یەکێتی ماوەتەوەو دوو بازگەی جیاوازی پارتیو یەکێتی، دوو هێزی گەورەی فەرماندەییشیان لەسەر ڕێگەی سەرەکیی سنووری کۆیە دێگەڵەی ئـەو سنوورە ماوەتەوە، ئەمە جگە لـەوەی ئەو زنجیرە چیایەی کە لە دێگەڵەوە تادەگاتە دەربەندی گۆمەسپان ڕەبیەکانی پارتی تائێستا پێوەماوە، هەربۆیە مانەوەی ئەو ڕەبیانەی پێشمەرگەکانی پارتیو یەکێتی مانای ئەوەیە کە تائێستا زۆر شت ماوە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا یەکلایی نەکراونەتەوەو هەرێمی کوردستانیان هەر بە دوو ئیدارەیی هێشتووەتەوەو تائێستا هێزی چەکدار لە کوردستان بە پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیسیشەوە لەشکری تایبەتی پارتیو یەکێتییە، چونکە بە نەواتی فیکریی یەکێتیو پارتی پەروەردەکراوەو لە داهاتووشدا ئەگەر ناکۆکییەکی سیاسیی لەنێوان پارتیو یەکێتیدا دروستببێت، ئەم دوو هێزە هەریەکەیان بە جادەی تایبەتی خۆیدا دەڕواتو بەرگریی لە سیاسەتەکانی حیزب دەکات، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونانە ئەوەیە کە تائێستاو دوای (١١) ساڵ لە وەستاندنی شەڕی ناوخۆو دەرکردنی یاسایەک لەلایەن پەرلەمانەوە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی هێزی چەکدار لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تائێستا ئەو یاسایە جێبەجێنەکراوە.

بوونی هێزی چەکداری حیزب بە هەر پاساوو بیانوویەک کارێکی ناقانونییەو لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی قانونی ئەحزاب کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، نابێت حیزب هێزی چەکداری هەبێت، کە دەقی مادەکە بەپێی مادەی (١٥)ی یاسای پارتو ڕێکخراوەکان کە لەساڵی (١٩٩٣)دا دەرچووە دەڵێت: «نابێت حیزب هیچ ڕێکخستنێکی سەربازیی یان نیمچە سەربازیی هەبێتو قەدەغەیە چەکی هەبێت». لە عێراقیشدا بەپێی مادەی (٩)ی دەستوور نابێت لە دەرەوەی حکومەت هیچ حیزبێک هێزی چەکدارو میلیشیای هەبێتو دەقی مادە دەستوورییەکە دەڵێت: «قەدەغەیە میلیشیای سەربازیی دروستبکرێت لە دەرەوەی هێزە چەکدارەکانی حکومەت».

بەڵام لە کوردستانەکەی ئێمەدا لە پاش (١٨) ساڵ لە تەجروبەی حوکمی کوردی، هێشتا نەتوانراوە هێزەکانی ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگە لە دەسـت دەسـەڵاتـی حیزب دەربهێنرێنو بخرێنە ژێر دەسەڵاتی قانونی حکومەتی هەرێمەوەو ئەم هێزانە لە دەزگای سیاسییەوە بکرێن بە دەزگـای پیشەییو لە دەزگـای حیزبییەوە بکرێن بە دەزگای نیشتمانیو حکومەتی.

ئـەم هێزانە لە سـەردەمـی جیاوازیی دووئـیـدارەیـی پـێـشـووەوە تائێستاش هەریەکەیان وەکو دوو هێز بەجیا کاردەکەنو نەتوانراوە لەژێر دەسەڵاتی لایەنی سیاسی حیزبییەوە دەربهێنرێنو بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە، بۆئەوەی ڕێگە نەدرێت لە هیچ ناکۆکییەکی ناوخۆی کوردستاندا بەکاربهێنرێن.

### بارزانی دان بە بوونی مەترسییەکی گەورەی ناوخۆییدا دەنێت

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای (١٨)سـاڵ لە ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، پەردەی لەسەر هەڕەشەیەکی گـەورەی ناوخۆیی هـەڵـدایـەوە، ئەویش ئەوەیە کە تائێستا هێزەچەکدارەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پارتیو یەکێتیدانو لە تەشکیلەیەکی حکومیدا ڕێکنەخراون.

سەرۆکی هەرێم، لەکاتی مەراسیمی پێکهێنانی کابینەی نوێدا لە پەرلەمانی کوردستان وتـی: «ئەرکی هـەرەگـەورەی هەرێم ئەوەیە کە یەک لەشکر بۆ هەرێمی کوردستان دروستبکرێتو نابێت لەشکری سەر بەحیزبەکان بمێنن، هەروەها پێویستە دەزگاکانی دیکەی ئەمنیی، هەر هەموویان بەشێوەیەکی فەرمییو یاسایی ڕێکبخرێن».

ئەم هۆشدارییەی سەرۆکی هەرێم سەبارەت بە هێزەچەکدارەکانی هەرێم لەکاتێکدایە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، فەرماندەیی گشتیی پێشمەرگەو هێزی ئاسایشی تایبەت بەخۆی هەیەو پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەهەمانشێوە.

چاودێران ڕایانوایە، ئەگەر ئەو هێزانە تەسلیمی حکومەت نەکرێن، هەموو کاتێک لە کاتی بوونی ناکۆکیی سیاسیدا لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، ئەگەری هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ دەکرێت.

لـەمـاوەی رابـــردوودا فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان وەک پەرۆشییەک بۆ ئەم مەسەلەیەو داهاتووی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان پرۆژەیاسایەکی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بەمەبەستی دەرهێنانی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لەژێر چنگی حیزبەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەت.

د. شاهۆ سەعید، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان وتی: یەکێک لەو هەڕەشانەی لەکوردستان ڕووبـەڕووی دیموکراسیو ڕووبـەڕووی پرەنسیپی دەستاودەستکردنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات دەبێتەوە، مەسەلەی بوونی هێزی چەکدارە بەدەست حیزبەکانەوە، کە ئێستا هێزە چەکدارەکانی ئاسایش، هێزەکانی پۆلیس بەسەر حیزبەکاندا دابەشبوون بە تایبەت حیزبە دەسەڵاتدارەکان کە تاوەکو ئەو هێزانە بێلایەن نەبن دەکرێت لە هەر چرکەیەکدا ئەم هێزانە لە هێزی بەرگریکردن لە خاکی کوردستاندا ببن بە هێزی داپڵۆسینی ناوخۆیی.

شاهۆ سەعید وتیشی: بەپێی ئەو پـرۆژەیـەی پێشکەشمان کـردوون بە ناونیشانی پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی ڕێکخستنی سیاسی و ڕێکخستنی حیزبیی لەناو هێزە چەکدارەکانو ناو هێزەکانی ئاسایشو هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ واتا هەموو هێزە چەکدارەکان چ پێشمەرگە چ ئاسایش چ پۆلیس چ پاسەوانی سنوور چ پاسەوانی دارستان هەموو ئەمانە هێزی چەکداریان پێ دەوترێتو ئەم هێزانەش دەبێت ببن بە هێزی پاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان و بەپێی هەمان پرۆژە ئێمە داوامان کردووە کە چەند شتێک قەدەغە بکرێت، بۆ نموونە ڕێکخستنی حیزبیی لەناو ئەو هێزانەدا بە هەموو جۆرێک قەدەغە بکرێتو ڕێگە نەدرێت بە هیچ حیزبێک هێزی سەربازیی یاخود هێزی نیمچە سەربازییو میلیشیا دروستبکات.

### فرەمەرجەعیی هێزەکانی ئەمنیو نەبوونی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی

ئـەو هـێـزە چـەکـدارەی ئـەمـڕۆ لە کوردستاندا هەیە، کە ناوی (پێشمەرگە، ئاسایش، هێزی تایبەتو دژەتیرۆرە) لە بنچینەدا باڵی سەربازیی یەکێتیو پارتینو جگە لە سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبەو



فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

ژمـاره (556) سێشەممه 2009/11/17
hewal. rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# پەرلەمان چۆن بودجەی حیزبەکان دیاریدەکات؟

شارا عەبدولڕەحمان

بڕیاره ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەردوو پڕۆژەیاسای پشتگیریی دارایی حیزب‌و قەواره سیاسییەکان‌و پڕۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان بکرێت. بۆئەوەی چوارچێوەیەکی یاسایی دەستنیشانبکرێت بۆ پێدانی پاره لەلایەن حکومەتەوه به حیزب‌و کیانه سیاسییەکان‌و ڕێگه له تێکەڵاوکردنی گیرفانی حیزب‌و بودجەی گشتیی هەرێم بگیرێت.

له سەرەتای دەستبەکاربوونی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانەوه، فراکسیۆنی گۆڕان پڕۆژەیاسای پشتگیریی دارایی حیزب‌و قـەواره سیاسییەکانی پێشکەشی پەرلەمان کـردووەو بڕیاره ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت‌و ئاراستەی لیژنه پەیوەندیدارەکان بکرێت بۆ تاوتوێکردنی، بەپێی پڕۆژەیاساکەش پێویسته پشتگیریی دارایی بۆ حیزبەکان‌و ئـەو کیانه سیاسییانه دابینبکرێت که چوونەته پەرلەمانەوەو کورسییان هەیه، جا ئەگەر ئەو لایەن‌و حیزبانه بەشداریی حکومەتیان کردبێت، یان وەک لایەنی ئۆپۆزسیۆن مابێتنەوه.

بورهان ڕەشید گوڵه، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان‌و ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کـوردسـتـان، به ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بوونی یاسایەک بۆ دیاریکردنی بودجه بۆ حیزب‌و کیانه سیاسییەکان دەبێته سنوور دانانێک بۆ بەتاڵانبردنی داهاتی هەرێم، که ساڵانه زیاد له پارەیەکی زۆر به ناوی مووچەدانەوه دەبرێت، وتیشی: «له فراکسیۆنی گۆڕان دەمانەوێت به یاسا ئەوه ڕێکبخرێت‌و ڕێگه له تاڵانکردنی داهاتی گشتیی لەلایەن حیزبەوه بگیرێت».

لـەلایـەکـی دیـکـەوه فراکسیۆنی کوردستانی پـڕۆژەیـاسـای بودجەی حیزبەکانی پێشکەشی پەرلەمان کردووەو

***عەبدولڕەحمان سدیق:***
***حیزبەکان له ترسی بڕینی بودجەکانیان بەشداریی له حکومەتدا دەکەن، لەکاتێکدا که پێویسته هەر حیزب‌و لایەنێک که بەشداریی حکومەت بکات، یان ئۆپۆزسیۆن بێت، بەپێی ڕێژەی بەشداریکردنی له پرۆسەی سیاسیی‌و هەڵبژاردندا بودجەی پێبدرێت***



بڕیاره هەر له دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەویش بکرێت.

ئاسۆ کەریم وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانیی له پەرلەمانی کوردستان، به ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پڕۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان زۆر گرنگه، چونکه هانی فرەیی حیزبی‌و بەشداریی سیاسیی دەدات، بەشێوەیەک که له بودجەی گشتیی ڕێژەیەکی تایبەت دەدرێت به حیزبەکان بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک درێژه به کاری حیزبایەتی‌و سیاسیی خۆیان بدەن، چونکه حیزب پەرژەوەندییەکانی خەڵک به دەسەڵات دەگەیەنێت.

بـەڵام ئـەوەی جـێـگـەی تێبینییه پڕۆژەیاساکەی فراکسیۆنی کوردستانی تەنیا دیاریکردنی بودجەیه بۆ حیزبی سیاسیی‌و کیاناتی سیاسیی لێ بێبەش کـراوه، ئەمه له کاتێکدا ئێستا کیانی سیاسیی بەهێز له ساحەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەیه.

ئـەنـدامـەکـەی فراکسیۆنی گـۆڕان ئـەوەی بۆ ڕۆژنامه ڕوونـکـردەوه، که له پـڕۆژەکـەی ئەواندا باس له پێدانی بودجه بەو قــەواره سیاسییانه کـراوه، که حیزب نین‌و له هەمانکاتدا بەشداریی پرۆسەی سیاسیی کوردستانیان کردووه، سـەبـارەت به دیاریکردنی بودجەش بـۆ قــەواره سیاسییەکان کـه بەپێی پڕۆژەیاساکەی فراکسیۆنی کوردستانی لێی بێبەشکردوون، بورهان ڕەشید گوڵه وتـی: «له ئێستادا بـاس‌و خـواس هەیه لەسەر ئەو دوو پڕۆژەیاسایه، چونکه ئێمه بێبەشکردنی کیانه سیاسییەکان له بودجه له پڕۆژەیاساکەی فراکسیۆنی کوردستانیدا به هەڵوێستی سیاسیی لێکدەدەینەوەو دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوه بودجه نـەدەن به قەوارەسیاسییەکان، له کاتێکدا ئێمه قەوارەیەکی سیاسیی موعتەریفین لەسەر ئاستی هەموو عێراق، نەک هەر کوردستان، بۆیه پێمان باشه لەسەر بنەمای کورسییەکانی پەرلەمان بودجه بەلایەنەکان بدرێت»، ئاماژەی بەوەشکرد؛ که له لیژنەی یاسایی ڕێگەچاره دەدۆزنـەوه بۆ ئەوەی که یان ئەو دوو پڕۆژەیاسایه تێکەڵبکرێن، یان هەر شتێکی

***بورهان ڕەشید گوڵه:***
***بێبەشکردنی کیانه سیاسییەکان له بودجه له پڕۆژەیاساکەی فراکسیۆنی کوردستانیدا، به هەڵوێستی سیاسیی لێکدەدەینەوەو دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوه بودجه نەدەن به قەواره سیاسییەکان***



دیکه که سوودی بۆ بەرژەوەندیی هەموو لایەک هەبێت بدۆزرێتەوه.

له ئێستاداو بەپێی ئەو زانیارییانەی، که له ماوەی ڕابردوودا له ڕاگەیاندنەکانەوه بڵاوکرایەوه مانگانه هەریەک له یەکێتی‌و پارتی نزیکەی (٣٥) ملیۆن دۆلار له بودجەی گشتیی هەرێم بۆ خۆیان دەبەن‌و له مەکتەب‌و ناوەندەکانیاندا خەرجیدەکەن، ئەمه لەکاتێکدا به بـڕوای چاودێرێکی سیاسیی له وڵاتانی دیموکراسیدا حیزبەکان خۆیان پارەی خۆیان دابیندەکەن‌و باجیش دەدەنه دەوڵەت.

عەبدولڕەحمان سدیق سیاسەتمەدارو سەرۆکی سەنتەری پرد بۆ توێژینەوه، پێیوابوو؛ که یاسای بودجەی حیزبەکان زۆر گرنگه بۆ ڕێکخستنی کاری سیاسیی له هەرێمدا، بەڵام پێویسته ئەو یاسایەو سەرجەم یاساکانی دیکه له ژێر ڕۆشنایی دەستووردا دابڕێژرێن‌و دەستوور خۆشی دووبـاره دابڕێژرێتەوەو دەنگی لەسەر بدرێت‌و خەڵک پەسەندی بکات، ئەو کاته یاسای بودجەی حیزبەکان تاووتوێبکرێت، وتیشی: لـه وڵاتـانـی دیموکراسیی‌و پێشکەوتوودا شتێک نییه بـه نـاوی پارەدارکردنی حیزب لەلایەن دەوڵەتەوه، بەڵکو حیزب خـۆی ئەندامی هەیەو ئەندامەکانی پـاره دەدەن‌و پڕۆژەشی هەیه، ساڵانەش باج دەداته دەوڵەت، بەڵام له کوردستاندا پێچەوانه بووەتەوه، بۆیه دەبێت حیزب بەلای ئەوەدا ببەین خۆی پارەی خۆی دابین بکات.

سـەبـارەت بەدابەشکردنی بودجه بـۆ حـیـزب‌و قــەواره سیاسییەکان عەبدولڕەحمان سدیق به پێویستیزانی، لەسەر بنەمای کورسییه پەرلەمانییەکان بودجه بدرێت، نەک خەبات‌و مێژووی حیزبەکان، واته هەر لایەنێکی سیاسیی له بەرامبەر ئەو دەنگانەی، که هێناویەتی بـودجـەی پـێـبـدرێـت، وتیشی: «لێره حیزبەکان له ترسی بڕینی بودجەکانیان بەشداریی له حکومەتدا دەکەن، له کاتێکدا ڕاستییەکه ئـەوەیـه، که پێویسته هەر حیزب‌و لایەنێک که بەشداریی حکومەت بکات، یان ئۆپۆزسیۆن بێت بەپێی ڕێژەی بەشداریکردنی له پرۆسەی سیاسیی‌و هەڵبژاردندا بودجەی پێبدرێت».

# ئۆپۆزسیۆنەکانی دەرەوەی پەرلەمان جووڵەیان تێدەکەوێت

دلێر عەبدولخالق

حیزبه بەشداربووەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی هـەرێـمـی کـوردسـتـان که نەیانتوانی ئەمجاره بگەنه پەرلەمان‌و بەهۆی بەدەستنەهێنانی دەنگی پێویست له هەڵبژاردنەکان، ئاماژه به سروشتی ئۆپۆزسیۆنبوونی خـۆیـان دەکـەن، هـەروەک بەشێکیان پێیانوایه تائێستا مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ دەنگه جیاوازو ئۆپۆزسیۆنەکان تەندروست نەبووه.

له (٢٥)ی تەممووزی (٢٠٠٩) نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەری سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، دەنگی خۆیان بەخشیه (١٩) لیست‌و (٥) هاوپەیمانێتی بەشدار له پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی هـەرێـم. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەگەرچی دەرخەری دووباره گەڕانەوەی دەسەڵاتی یەکێتی‌و پارتییه وەک دوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ ناوەندی بڕیاردان، له هەمانکاتیشدا خولقاندنی بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستانیش بـوو، کـه چـاودێـران جەختیان له گۆڕانی باڵانسی هێزی سیاسیی گۆڕەپانه سیاسییەکه دەکرد، لـەو نـاوەنـدەشدا چەند قەوارەیەکی سیاسیی شوێنی خۆیان له پەرلەمان‌و کابینەی هەرێمدا گرت، لەبەرامبەریشدا چەند حـیـزب‌و قـەوارەیـەک بەهۆی بەدەستنەهێنانی دەنـگـی تـەواو له هەڵبژاردنەکان نەیانتوانی دەنـگ‌و نوێنەری خۆیان بگەیەننه پەرلەمان‌و هەروەک بەشداریش نەبوون له پێکهێنانی کابینەی شەشەمی هەرێمدا.

ئەگەرچی ئەو حیزب‌و هێزانه که ژمارەیان زیاد له (١٠) پارت‌و هێزی جـیـاوازه، دەنگی یاسایی خۆیان بۆ وەرگرتنی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستنەهێناوه، بـەڵام لـەدواجـاردا لـەنـاو پـرۆسـەی سیاسیی هەرێمدا ئامادەییان هەیەو خاوەنی ڕێژەیەک له ڕێژەکانی دەنگی دانیشتووانی هەرێمن، هەربۆیه هەریەک له سکرتێرو سەرۆکی ئەو پارتانەی کوردستان تێڕوانین‌و بۆچوونی جیاوازیان لەمەڕ پرۆسەی سیاسیی هەیەو لەو خاڵەشدا هەموویان بەیەکەوه کۆدەبنەوه، که دەڵێن «به سروشتی خۆمان ئۆپۆزسیۆنین».

لـیـسـتـی ئــازادی‌و عــەدالــەتــی کۆمەڵایەتی، بەپێکهاتەی (٧) حیزب‌و پارتی چەپ بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کردو (١٥٠٢٨) دەنگیان بەدەستهێنا، که بەهۆیەوه کورسییەکی پەرلەمان بۆ کاندیدی حیزبی شیوعی کوردستان مسۆگەر بوو، هاوکاتیش هەمان حیزب بەشدارییان له کابینەی شەشەمدا کردو پۆستی وەزارەتـی ڕۆشنبیرییان پـێـدرا، هەرچی حیزبەکانی دیکەی هاوپەیمانییەتییەکەشه تێڕوانینیان لـەبـەرەی ئۆپۆزسیۆنی "ئیجابیدا" دەخەنەڕوو.

بەهمەن حسێن، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، به ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «حیزبەکەمان که پێشتریش بەشداریی له کابینەکانی پێشووی حکومەت کردووه، هەر ڕەخنەگربوون‌و خۆمان له بەرەی ئۆپۆزسیۆن داناوه، چونکه له ئەدای کاری حکومەت‌و حیزبەکان ڕازی نەبووین‌و لەکاتی خۆشیدا هەڵوێستمان هەبووه».

لەبارەی هۆکاری بەشدارینەکردنیشیان له کابینەی شەشەم، بەهمەن حسێن ئاماژه بەوەدەکات؛ جگه له حیزبی شیوعی که وەک حیزبێک به وەرگرتنی وەزارەتێک بـەشـداریـیـان کــردووه، سـەرۆکـی ڕاسپێردراوی حکومەت پەیوەندیی به شەش حیزبەکەی دیکەوه نەکردووەو ئەوانیش زۆر مەبەستیان بەشداریکردن لەو کابینەیەدا نەبووه. وتیشی: «ئێمه وەک زەحمەتکێشان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆن دانەبڕاوین‌و ئێستا لەو بەرەیەداین، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێک دەبین که به کاره باشەکانی حکومەت دەڵێین باشه، له خراپەکانیش ڕەخنەدەگرین».

لەلایەکی دیکەشەوه سامان مەجید، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دیـمـوکـراسـیـخـوازانـی کـوردسـتـان، جـەخـت لـەسـەر ئۆپۆزسیۆنبوونی خـۆیـان دەکـاتــەوەو دەڵـێـت: «دوای بەشداریکردنمان له پرۆسەی هەڵبژاردندا، که چەند حیزبێک له هاوپەیمانێتییەکدا کۆبووینەوه، توانیمان کورسییەکی پەرلەمان بەدەستبهێنین، بـەڵام له دەرەوەی دەسەڵاتین‌و وەکو حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن کاردەکەین، ئەگەریش ئەو کورسییەی پەرلەمان که بەر شیوعی کەوتووه، هی دیموکراسیخوازان بوایه، بێگومان بەشداریمان له حکومەت نەدەکرد».

بـزووتـنـەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانیش یەکێک له هێزەکانی دیکەی لیستی ئازادی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتییه، سکرتێری بـزووتـنـەوەکـه دەڵـێـت: «بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرین بەرامبەر کەموکورتییەکانی ئیداره».

خدر ڕوسی، سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، به ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەبوونی ئۆپۆزسیۆن له پەرلەمانی کوردستان به حاڵەتێکی بـاش دەزانـیـن، وەکـو حیزبیش ئێمه بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرین بەرامبەر کەموکورتییەکانی ئیداره، چونکه ئەو ئیدارەیه بەهی خۆمان دەزانین، واته ڕاوبۆچوونمان ڕەخنەگرانەیه، بەڵام لەو ئۆپۆزسیۆنانه نین به چاک‌و خراپ بڵێین خراپ».

یەکێتی نـەتـەوەیـی دیموکراتی کوردستان، به لیستێکی جیا بەشداریی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو (١٨٥٩) دەنگیان بەدەستهێنا. غەفور مەخموری، سەرۆکی یەکێتییەکه دەڵێت: «بەداخەوه پێناسێکی ناتەندروست به بەر چەمکی ئۆپۆزسیۆن له کوردستاندا دابڕاوه، که بەشێک پێیانوایه، ئەو هێزەیه هەموو شتێک ڕەتدەکاتەوه، بەڵام ئێمه به پڕۆژەو بەرنامەوه هاوکاریی هەموو لایەنەکان دەبین، بەتایبەت ئەوانەی تێڕوانینی باشیان بۆ چاکسازیی له کوردستاندا هەیە».

پـارتـی چـارەسـەری دیموکراتی کوردستان ئـەو تاکه هێزه بـوو که کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕێگەی بەشداریکردنی له هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا پێنەدا، بـەڵام ئـەوان وەک خـۆیـان دەڵـێـن: «بـەردەوامـن له خەباتی سیاسیی‌و دیموکراسی خۆیان لەچوارچێوەی هەرێم‌و عێراقدا».

دیـار غـەریـب، سـەرۆکـی پارتی چارەسەری دیموکراتی، به ڕۆژنامەی ڕاگـەیـانـد: «بـه سـروشـتـی خۆمان ئۆپۆزسیۆنین‌و بەشداریی دەسەڵات نین له هەرێمدا، هاوکاتیش بڕوامان به تێکۆشانی دیموکراتی‌و نەتەوەیی‌و کارو خەباتی هاوبەش هەیه».

سەرۆکی پارتی چارەسەر پێیوایه؛ بەپێی ئـەزمـوونـی ژیـانـی سیاسیی خـۆیـان، دەردەکـەوێـت دەسـەڵات له کوردستاندا مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن نەکردووەو داواش لـه حکومەت دەکـات بەشێوەیەکی دیموکراتیانه مامەڵه لەگەڵ تێڕوانینه جیاوازەکان بکات.

لەگەڵ ئـەوەی له ئەزموونی کاری پەرلەمانی هەرێمدا، بۆ یەکەمجاره ژمـــارەی کـورسـیـیـەکـانـی بـەرەی ئۆپۆزسیۆن بگاته (٣٥) کورسی، که لیستەکانی گـۆڕان‌و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی ڕابەرایەتیان دەکەن، بـەڵام سکرتێری پارتی کرێکاران‌و ڕەنجدەرانی کوردستان، که خاوەنی (٣٤٧٣) دەنگی دانیشتووانی هەرێمن، ئـامـاژه بـەوه دەکـات؛ تائێستا وەک پێویست ئۆپۆزسیۆن دروستنەبووەو ناتوانن جیاکاریی بکەن لەنێوان بەرەی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆندا.

باپیر کامەلا سلێمان، سکرتێری پارتی کرێکاران‌و ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕایگەیاند: «ئێمه ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابین‌و ڕێدەکەین لەگەڵ ئەو هێزانەی خزمەتی چینه نزمەکانی کۆمەڵگه دەکەن، بەڵام لەبارەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن پێموایه تائێستا وەک پێویست دروستنەبووه، بەتایبەت ئەوانەی ئێستا ئۆپۆزسیۆنن، پێشتر هـەر خـۆیـان لـه دەسـەڵات بـوون، ئـەمـەش بـواری جیاکاریی نەهێشتووەتەوه».

# سەمیر سەلیم: دروستکردنی حکومەتی سێبەر بیرۆکەیەکی بەهێزە

# لەسەرەتادا چاودێریی حکومەت دەکەین و ئەگەر پێویستیکرد متمانەی لێدەسەنینەوە

سازدانی: دلێر عەبدولخالق



**سەمیر سەلیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەدیدارێکی رۆژنامەدا، ئاماژە بەو هەلومەرجە سیاسییە نوێیە دەکات کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لەبارەی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستانیشەوە دەڵێت: «بە نەفەسێکی بەهێز، بە تەوژمێکی بەهێزەوە هاتووینەتە مەیدان، بەرامبەرەکەشمان بۆ مژینی ئەو نەفەس و هێزە هەوڵدەدات ماشێنی ئۆپۆزسیۆن لەشوێنی خۆی بخولێتەوە».**

**بە بڕوای سەمیر سەلیم ئیدارەدانی کارو کۆبوونەوەکانی پەرلەمان خراپە، بەشێوەیەک هەستدەکرێت پەیوەندیی بەئەجێندای سیاسیی و پاڵنەری سیاسیی دەرەوەی پەرلەمانەوە هەیە، کە ئەو وای دەبینێت «هەوڵێکە بۆ پەراوێزخستن و پەکخستنی جوڵەی ئۆپۆزسیۆن، یان کار لەسەر ئەوە دەکرێت تاودانی بەرەوپێشچوونی ئۆپۆزسیۆن هێواشبکرێتەوە».**

**رۆژنامە: بە بڕوای تۆ گرنگیی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی (٢٥)ی تەمموز لەچیدا دەردەکەوێت، ئایا ئەو هێزانەی لەدوای ئەو هەڵبژاردنەوە لەچوارچێوەی ئۆپۆزسیۆندا خۆیان رێکخستووە، دەتوانن چی بکەن؟**

* هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوای کۆمەڵێک برگەی مێژوویی و رووداوی کەڵەکەبووی ناو گۆڕەپانی سیاسیی هەرێم هات، کە جۆرێک لە کەپتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لەناو واقیعی هەرێمدا دروستکردبوو، هەڵبژاردن بووە دەرفەتێک کە واقیع و ئیرادەیەکی سیاسیی نوێ بێتە کایەوە، لێرەشەوە ئۆپۆزسیۆن هەنگاوی سەرەتایی ناوەو لەسەرەتاکانی دەستەبەربوونی زەمینەیەکی نوێی سیاسیداین، کەئەگەر بتوانین کاری هاوسەنگ و ستراتیژیی لەناو پەرلەماندا ئەنجامبدەین، دەتوانم بڵێم سەرلەبەری کۆمەڵگەی کوردی لە گۆڕانکارییەکی گەورەدایەو ئەو ئەزموونە سیاسییەی (١٨) ساڵە بە لاسەنگیی ئیشدەکات، دەتوانرێت هاوسەنگ بکرێت و سیستمی دیموکراسیی هەرێمیش بەرەو کامڵبوون بچێت.

**رۆژنامە: ئەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیی لەهێزەکانی دیکەی بەشداربووی ئەم هەڵبژاردنە جیادەکردەوە، مکوڕبوونی هەردوو هێز بوو لەسەر ئۆپۆزسیۆنبوونیان، بوونی ئەو بڕیارە چەسپاوە لەلایەن یەکگرتووەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی دوورودرێژی کارکردن و ئەجێندای سیاسیی ئێمە لەسەر نەخشەی سیاسیی هەرێم، بەپێی هاتنە پێشەوەی دەرفەت و دەرکەوتە سیاسییە نوێیەکان، بڕیارماندا ئەم قۆناغە قۆناغی هاتنە دەرەوە بێت لە حکومەت، ئەمەش بەپێی ئەزموونی پێشووترمان لەناو حکومەت کە رەخنەگرتن و روحی ئۆپۆزسیۆنبوون لەناویدا نەیتوانی گۆڕانکاریی پێویست بکات کە ئێمە دەمانویست، هاوکاتیش هەبوونی لیستی گۆڕان وەک دەرکەوتەیەکی سیاسیی نوێ لە هەرێمدا، زەمینەو کەشوهەوای بەهێزبوونی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی زیاتر رەخساند، هەبوونی ئەو بەرەیەش بۆ واقیعی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێم یەکێک بوو لەپێویستییە گرنگەکان.

**رۆژنامە: بەوپێیەی بەرەی ئۆپۆزسیۆن یەک کەیسی هاوبەشی هەیە، ئایا لەگەڵ دوو هێزەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی) هیچ پرۆژەو هەماهەنگییەکتان هەیە بۆ نیشاندانی ئەدایەکی باشتری کاری ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا؟**

* هەرسێ لامان هاوبەشین لەوەی چاکسازیی و گۆڕانکاریی لەواقیعی سیاسیی هەرێمدا بکەین و گۆڕەپانێکی هاوبەش و تێگەیشتن لەنێوانماندا هەیە، بەڵام وەک ئەوەی پرۆژەیەکی هاوبەشمان هەبێت، یان رۆڵ دابەشبکەین و گوتاری هاوبەشمان هەبێت، بێگومان نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغە، بەڵام ئومێد دەکەین لەئاییندەدا بەو ئاراستەیە کاربکەین و کۆبوونەوەی هاوبەشیش بۆ ئەو مەبەستە لە نێوانماندا دەبێت.

**رۆژنامە: بەوپێیەی دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن بەو قەبارەیەی ئێستا هەیە، دیاردەیەکی نوێیە لەهەرێمدا، ئێوە چاوەڕێی پەرچەکرداری توندی دەسەڵات ناکەن؟**

* پێموانییە، چونکە وەک ئێستا دەردەکەوێت کاردانەوەی دەسەڵات بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن زیاتر لەچوارچێوەی پرۆژەی خزمەتگوزاریی و بەدامەزراوەییەوەیە، نەک پەرچەکرداری سیاسیی، بەوپێیەی دەسەڵات دەزانێت ئەگەر پەرچەکرداری سلبی بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن هەبێت، ئۆباڵی ئەنجامەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو، هێوریی زیاتریش بە پارتییەوە دەبینرێت وەک لە یەکێتی، بەڵام لەنێوان گۆڕان و یەکێتیدا بەحوکمی رابردووی خۆیان، بێگومان کاردانەوەی توند هەیە، ئەمەش حاڵەتەکە جیاوازە، لەناو پەرلەمانیشدا دەبینرێت لەبەرامبەر پرۆژەکانی هێزی ئۆپۆزسیۆندا لیستی دەسەڵات کاردانەوەی پێوەدیارە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە دانیشتنەکانی پەرلەمان بەئاراستەیەکدا بەرین کە نەهێڵین بەهۆی پەرچەکرداری دەسەڵاتەوە پرۆژەکانمان مرداربێتەوە.

**رۆژنامە: ئەزموونی دانیشتنەکانی پێشووی پەرلەمان، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە ئەو رووبەرە بچووکەی پێیدەوترێت پەرلەمان، ببێتە شوێنی بەلاداخستنی بەرژەوەندیی ئەو گروپە سیاسییانەی نوێنەرایەتیی جەماوەری کوردستان دەکەن؟**

* بەهۆی خراپیی ئیدارەی پەرلەمان و رێکخستنی کۆبوونەوەکان لە رووی کاتەوە، لە بەرتەسککردنەوەی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان، وەک ئەوەی لەدانیشتنەکەی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکان و متمانەبەخشین بەکابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بینرا، بەشێوەیەک یەک کەس قسەبکات ئەویش سەرۆکی فراکسیۆنەکان بن و پرسیارەکان سنووردار بکرێن، هەستدەکەیت ئەو جۆرە ئیدارەدانە پەیوەندیی بەئەجێندای سیاسیی و پاڵنەری سیاسییەوە هەیە، چونکە ئەگەر مەودای گفتوگۆ، قسەکردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕای پەرلەمانتاران بچووککرایەوە، واتە ئەرکی یاسادانان و چاودێریکردن زەمینەیەکی فشەڵی بۆ دروستدەکرێت، لەکۆی حاڵەتەکەشدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە جۆرێک لە پەراوێزخستن و پەکخستن و هێواشکردنی جوڵەی ئۆپۆزسیۆن هەبێت، یان کار لەسەر ئەوە بکرێت تاودانی بەرەوپێشچوونی ئۆپۆزسیۆن هێواشبکرێتەوە.

**رۆژنامە: بۆچوونتان لەسەر چەمکی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی و سلبی چییە، کە دەسەڵات دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی وێنای ئۆپۆزسیۆن بکات لەکوردستان؟**

* ئەوەی بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی و سلبی بەرهەمهێناوە، ئەوەی ئەم پۆلێنبەندییەی بۆ ئۆپۆزسیۆن دروستکردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە فاشییانەی کە لەعەقڵی سیاسیی کوردییدا هەیە، بەشێوەیەک بەرامبەر هەر هێزێک کە رووبەڕووی دەسەڵات دەبێتەوە بە نەیارو لەخانەی دوژمندا جێگەی دەکاتەوە، ناچار بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن لەبەر زاکیرەی کۆمەڵایەتی، لەبەر رۆشنبیریی خەڵک، لەبەر پرۆژەو بەدیلەکانی، لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەم پۆلێنەبەندییەی دروستکردووە، بە واتایەکی دیکە ئەم پۆلێنبەندییە دەرهێنانی جێکەوتەی ئۆپۆزسیۆنە لەخەیاڵدانی تاکی کوردیدا، لەخانەی دوژمنەوە بۆ دۆست، ئەگینا لە راستیدا لەدنیادا ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی و سلبی نییە. ئۆپۆزسیۆن ئەو هێزەیە بەشداریی دەسەڵات ناکات، گوتاری رەخنەگرانەی خۆی ئاراستەی دەسەڵات دەکات و ئەلتەرناتیڤ و پرۆژەی خۆشی هەیە، تائەوەی ئۆپۆزسیۆن بۆ دیراسەکردنی پرۆژەو کاری وەزارەتەکانی حکومەت، حکومەتی سێبەر دروستدەکات، بۆئەوەی ئەگەر حکومەت نەیتوانی کارەکانی بە باشی رابپەڕێنێت، ئەو ئامادەبێت دەسەڵات بگرێتە دەست.

## لەدنیادا ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی و سلبی نییە. ئۆپۆزسیۆن ئەو هێزەیە کە بەشداریی دەسەڵات ناکات

**رۆژنامە: ئێوە بەرنامەتان هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، حکومەتی سێبەر پێکبهێنن؟**

* ئەوە بیرۆکەیەو لە لێکۆڵینەوەدایە، هەرچی لیستی گۆڕانیشە لە رووی راگەیاندنەوە کاریان لەسەر کردووە، بەڵام لە راستیدا بیرۆکەیەکی ئێجگار بەهێزەو ئامادەکردنی هێزی بەدیل ئامادەکردنی خودی کۆمەڵگەیە، بۆئەوەی توانای باشتر بێنێتە سەر گۆڕەپانەکەو چاودێریی حکومەت بکات، بەشێوەیەک ئەگەر حکومەت توانی کەموکورتییەکانی چارەسەربکات و کارنامەیەکی بەهێز جێبەجێبکات، ئەوە باشە، ئەگەر نا هێزی دووەم کە ئۆپۆزسیۆنەو پرۆژەو بەدیلی هەیە ئامادەی گرتنەدەستی دەسەڵاتە.

**رۆژنامە: ئێستا بەرەی ئۆپۆزسیۆن زۆر جەخت لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەکاتەوە، بە رای تۆ ئەو ئەدایە درێژەی پێدەدرێت؟**

* بە نەفەسێکی بەهێز، بە تەوژمێکی بەهێزەوە هاتووینەتە مەیدان، بەرامبەرەکەشمان بۆ مژینی ئەو نەفەس و هێزە، هەوڵدەدات ماشێنی ئۆپۆزسیۆن لەشوێنی خۆی بخولێتەوە، بەڵام بەوپێیەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان روئیاو ئەجێندایان دیارە، هەماهەنگی زیاتر دەکەین و سنووردانان بۆ قسەکردن و گفتوگۆکردن رەتدەکەینەوە، چونکە پەرلەمانتار نوێنەرایەتیی گەل دەکات و کەس ناتوانێت مافی قسەکردنی لێ زەوتبکات، لەبارەی پاڵنەرە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە، ئەویش روونە کە خزمەتکردنی ئەزموونەکەو کامڵکردنی سیستمی حوکمڕانی و دیموکراسیی لە ناوچەکەدا، تێپەڕاندنی ئەو دۆخەیە کە گەندەڵیی لە کوردستان بەرهەمدەهێنێت، واتە ئێمە پێش ئەوەی قسە لەسەر کردارو بیرۆکەی گەندەڵیی بکەین، قسە لەسەر ئەو ناوەندە خانەخوێیە دەکەین کە گەندەڵیی لەناویدا گەورە دەبێت، بۆیە گەورەترین کاری ئۆپۆزسیۆن نەهێشتنی ئەو زەمینەیەی گەندەڵییەیە.

## ئێمە پێش ئەوەی قسە لەسەر کردارو بیرۆکەی گەندەڵیی بکەین، قسە لەسەر ئەو ناوەندە خانەخوێیە دەکەین کە گەندەڵیی لەناویدا گەورە دەبێت، بۆیە گەورەترین کاری ئۆپۆزسیۆن نەهێشتنی ئەو زەمینەی گەندەڵییەیە

**رۆژنامە: ئەگەر کابینەکەی د.بەرهەم و ئازاد بەرواری نەیتوانی ئەدای حکومەتەکەیان بەرەو باشتر بەرێتە کار لەسەر رووخاندنی حکومەت بە مانای «لێسەندنەوەی متمانە» دەکەن؟**

* ئەو حاڵەتە سروشتییە، ئێمە لەقۆناغی یەکەمدا چاودێرییەکی توندی حکومەت دەکەین لە رێگەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانەوە بەسەر وەزارەتەکاندا، لە رێگەی ئەو لیژنانەوە راپۆرت و پرۆژەیاسا ئامادە دەکەین، هەرکاتێک زانیمان حکومەت لەئاستی ئەو متمانەیەدا نییە کە پێیدراوە «هەرچەندە بەداخەوە نەیانهێشت متمانە لەسەر لێوەشاوەیی و کەسەکانی کابینەو کارنامەکەی ببەخشین»، بەڵکو ئەمجارەش متمانە بەخشینەکە وەکو کابینەکانی پێشوو کرایە نەریتێکی سیاسیی و لەسەر ئیعتیباری سیاسیی متمانەی پێبەخشرا، لەکاتێکدا ئێمە دەمانویست لەسەر کارنامەو لێوەشاوەیی کەسەکان بێت، پێموایە ئەم هەنگاوە باجی خۆی بەدواوەیەو ئامادەشین پێداچوونەوە بەو متمانە ئیعتیبارە سیاسییە بکەینەوەو بەپێی راپۆرتەکان و بەڵگەنامەکانمان بە لێپرسینەوەو روونکردنەوە تا حاڵەتی لێسەندنەوەی متمانە لەگەڵ حکومەت دەڕۆین.

**رۆژنامە: لە دەرەوەی خاڵی ئۆپۆزسیۆنبووندا، چ رایەڵەیەک ئێوەو گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیی کۆدەکاتەوە؟**

* جەماوەر

**رۆژنامە: چۆن؟**

* ویستەکانی جەماوەر، ئیرادەی جەماوەر، بەرژەوەندییەکانی جەماوەر کۆکەرەوەی ئەو سێ فراکسیۆنەیە، کە ئامانجمان کامڵکردنی دۆخی سیاسیی هەرێم و بەرەوپێشبردنی واقیعەکەیەتی.

**رۆژنامە: لەبارەی کاریگەریی هێزی ئۆپۆزسیۆنەوە لە پەرلەماندا، دەڵێیت چی؟**

* کاریگەریی ئێمە لەسەر چەند فاکتەرێک بەندە، کە بەشێکیان پەیوەندییان هەیە بە کەشوهەوای سیاسییەوە، بەشێکی لەسەر دەسەڵات بەندە، بەشێکی دیکەی بەندە لەسەر کەشی ناو پەرلەمان، هەرچی روئیای سیاسیی، ئیرادەی سیاسیی و پاڵنەری سیاسیی ئێمەشە، واتە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان پێموانییە جیابن، چونکە هەرسێکمان باسی گۆڕان و چاکسازیی دەکەین، گۆڕان ئەو کردەیەیە کە چاکسازیی ئەنجامیدەدات و چاکسازیش ئەو کردەیەیە کە گۆڕان ئەنجامدەدات، لەبەرئەوە ئیرادەی جەماوەر، گۆڕەپانی کارکردن و کێشەی هاوبەش هەموومان کۆدەکاتەوە.

**رۆژنامە: ئێوە وەک لایەنێکی ئیسلامیی هۆکاری دروستنەبوونی لیستە ئیسلامییەکەو بڕیاردان بە دابەزین بەلیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* کورد بەگشتیی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش گیرۆدەی هاوپەیمانێتیی ستراتیژیی یەکێتی و پارتییەو زیانی گەورەشی لێداوە، بەشێوەیەک پێموایە، ئەگەر ئەو دوو حیزبە ئەم هاوپەیمانێتییەیان نەکردایەو هەر یەکەو بەهێزی خۆی دابەزیایە، ئێستا بیرۆکەی هاوبەش بۆ کێشەی کورد زۆر باشتر دەبوو، لەوەی ئێستا هەیە.

لە رابردوودا، ئێمە ئەزموونێکی سەرکەوتوومان هەیە لە لیست جیایی و هەڵوێست هاوبەشیی، کوتلەکەمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هاوشانی هاوپەیمانیی کوردستان لە بەغدا لەسەر پرسە نەتەوەییەکان جدیی بوون، هەروەک پاساوێکیش نییە ئەو قۆناغە سەرکەوتووەی رابردوو بگۆڕین بۆ قۆناغێکی دیکە. ئێمە پاساوێک نابینین بۆئەوەی هاوپەیمانێتی دروستبکەین، ئینجا ئەو هاوپەیمانێتییە لە فۆڕمی نەتەوەیی بێت یان ئایدۆلۆژی، هاوکاتیش نە لە عێراق و نە لە هەرێمیش ئەزمەیەکی سیاسیی بەرامبەر بە پرۆژەی ئیسلامیی نییە، هەتا پێویستی بە هاوکاریی و کۆمەک و پێکەوە دابەزینی لایەنە ئیسلامییەکان هەبێت.

**رۆژنامە: بەڵام حیزبە ئیسلامییەکان پێیانوایە، پاساوی ئێوە بۆ دروستنەبوونی لیستێک کە سێ پارتە ئیسلامییەکەی تێدا کۆببێتەوە، پاساوێکی بەهێز نییەو لاوازە؟**

* ئەوان بۆچوونی خۆیان هەیەو ئێمەش بۆچوونی خۆمان، هەروەک بەپێی راپرسی ناوخۆییمان جەماوەرەکەمان لەگەڵ ئەوەدایە یەکگرتوو بەتەنیا وەک لیستێک بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات.

ژمــاره (556) سێشەممە 2009/11/17
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

## ئاوارەکان، کۆتا، کورسیی قەرەبوو، تێبینییان لەسەرە

# یاسـای هەڵبژاردن چـاوەڕوانی ڤیتۆ، یان پەسەندکـردنە



**بەهادین یوسف**

دوای پەسەندکردن‌و تێپەڕبوونی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەمواری یاسای هەڵبژاردنی گشتیی عێراق لەبەردەم ئەگەری ڕەتکردنەوەدایەو زۆرتـریـن تێبینییەکانیش لەسەر کورسیی قەرەبوو و ژمارەی کورسیی تەرخانکراوی ئاوارەکانی دەرەوەی وڵاتن لەگەڵ کورسیی کۆتای تایبەت بە کەمینەکانی عێراق.

لـە یـاسـای هـەڵـبـژاردنـی ساڵی (٢٠٠٥)دا، ژمــارەی کورسییەکانی قەرەبوو (٤٥) کورسی بوو، بەشێکیان تەرخانکران بۆ ئەو کوتلە سیاسییانەی کە ژمارەی پێویست دەنگیان بەدەست نەهێنا لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا، بەڵام لە ئاستی گشتیی وڵاتدا دەنگیان بەدەستهێنابوو، بەشێکی دیکەی کورسییەکانیش کە بە (کورسییە ماوەکان) ناوبرابوون بەسەر لیستە گەورەکاندا دابەشکران لە گەورەوە بۆ بچووک.

## سوننەکان نیگەرانی عێراقییەکانی دەرەوەن

لەیاسای هەڵبژاردنی نوێدا (کە رۆژی ٢٠٠٩/١١/٨ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركردەوە)، ژمــارەی کورسییە قەرەبووەکان کرا بە ڕێژەی (٥٪)، کە دەکاتە (١٦)کـورسـی لە کۆی (٣٢٣) کورسی‌و لەو ڕێژەیەش (٨) کورسی دەدرێـتـە کۆتا (مەسیحی، ئێزدی، شەبەک، سابیئە)، کورسیی تایبەتی ئاوارەکانیش لەسەر ئەو بەشەی دیکەی کورسییەکانی قەرەبوو ئەژمار دەکرێت، بەو پێیەی کە ئەوان لە پارێزگایەکی دیاریکراودا دەنگ نادەن، بەم پێیەش لە دواجـاردا کۆی کورسیی قەرەبوو لە (٤٥) کورسییەوە کەمکرایەوە بۆ (١٦)کـورسـی، سـەرەڕای زیادبوونی (٤٨)کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەچاو ساڵی (٢٠٠٥)دا.

دەرچوونی یاساکە بەلای بەشێک لە لیستە سوننەکانەوە جێگای نیگەرانییە، بەتایبەتی لە تەرخانکردنی کورسیی تایبەت بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی وڵات، کە ژمــارەیـان نزیکەی (٣)ملیۆنەو ئـەو ژمــارە کەمە کورسییەیان بۆ تەرخانکراوەو پێیانوایە، پێشێلکردنی مافی ڕەوەنـدی عێراقییە لە دەرەوەو پێچەوانەی دەستوورە.

بەپێی بەیاننامەیەکی تاریق هاشمی (سوننە مەزهەب)، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، ئەو تێبینی لەسەر مافی ئاوارەکان هەیەو هەموو هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ گەڕانەوەی مافی ئاوارەکان‌و ئاماژەی بەوەشکردووە: «پێویستە ئەو کورسییانەی بۆ ڕەوەندی عێراقی دەرەوە تەرخاندەکرێن، بەپێی ژمارەی دەنگدەرانی بێت‌و دەکرێت ئەوەش بکرێتە مادەیەکی تایبەت لە یاسای هەڵبژاردندا، بۆ ئەوەی ئەو نیگەرانی‌و گومانە لای عێراقییەکانی دەرەوە بڕەوێتەوەو هەست بکەن کە هەمان مافی عێراقییەکانی ناوەوەیان هەیە لە دەنگداندا».

لەلایەکی دیکەوە ساڵح موتڵەگ، پەرلەمانتاری سوننەی عێراق کە بەم دواییانە لەگەڵ ئەیاد عەلاوی لیستی (بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی)یان پێکهێناوە، لە بەیاننامەیەکدا داوایکرد، (٣٠)کورسی بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی وڵات تەرخانبکرێت، چونکە پێیوایە، ژمــارەی ئەو کورسییانەی بۆ ئەوان تەرخانکراوە، یەکناگرێتەوە لەگەڵ ژمارەیاندا، کە نزیکەی سێ ملیۆنە بەپێی ئاماری وەزارەتـی کۆچ‌و کۆچبەرانی عێراق، ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ مادەی (١٤)ی دەستووردا کە دەڵێت، هەموو عێراقییەکان یەکسانن.

هاوکات تەها درع، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف‌و یەکێک لە نوێنەرەکانی پارێزگای دیالە، هەڕەشەی ئەوەیکرد، کە ئەگەر پێداچوونەوە بە بڕگەی دەنگدانی ئاوارەکاندا نەکرێت، ئەوا لە دادگای فیدراڵی سکاڵا تۆمار دەکات‌و تانە لە نادەستووریی ئەو بڕگەیە دەدات لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا، وتیشی: «دەنگدان لەسەر بڕگەی ئاوارەکانی دەرەوەو نـــاوەوە، کـارەسـاتـێـک‌و پێشینەیەکی خـراپـەو پێچەوانەی دەستوورە».

## ئێزدییەکانیش داوای زیاتر دەکەن

بەپێی هـەمـواری یاسای ژمـارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندیکردووە، یەک کورسی بۆ پێکهاتەی ئێزدییەکان لە پارێزگای موسڵ تەرخاندەکرێت لە چوارچێوەی کورسیی کۆتادا، کە پێنج کورسی بۆ مەسیحییەکان لە بەغداو نەینەواو دهۆک‌و هەولێرو کەرکوکەو یەک کورسی بۆ سابیئەکانی بەغداو یەک کورسی بۆ شەبەکەکانی موسڵە، بـەڵام بـەلای ئێزدییەکانەوە مافیان پێشێلکراوە، بەوپێیەی ژمارەی ئەوان زیاترە لە نیو ملیۆن کـەس‌و دەبێت لانیکەم (٥)کورسییان بۆ تەرخانبکرێت.

لەکاتی گفتوگۆکردنی یاسای هەڵبژاردنەکاندا، پەرلەمانتار ئەمین فەرحان جیجۆ، نوێنەری ئێزدی لە لیستی ئیئتیلاف، داوایکرد (٥)کورسی بۆ ئێزدییەکانی موسڵ تەرخانبکرێت، بەڵام دواجار پەرلەمانتاران دەنگیان لەسەر تەنیا یەک کورسی دا بۆ ئێزدییەکان.

دوای پەسەندکردنی یاساکە، ئەمین فەرحان جیجۆ بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، زوڵمێکی گەورە لە ئێزدییەکان کراوە، چونکە بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەر (١٠٠)هـــەزار دەنگدەرێک یەک کورسییان بـەردەکـەوێـت‌و ژمــارەی ئێزدییەکانیش لە موسڵ لە نیو ملیۆن زیاترە، بەو پێیە دەبوو پێنج کورسیمان بۆ تەرخانبکرایە، بە وتەی جیجۆ: «لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی داوایانکردووە بڕگەی (کۆتا)ی ئێزدییەکان لە یاساکە لاببرێت، ئەمەش پێشێلکردنی مافی ئێزدییەو لـەگـەڵ ئاواتەکانی ئەو پێکهاتەیەدا یەکناگرێتەوە».

## سەرۆکایەتی بە دوای دەرچەیەکدا دەگەڕێت

ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق بە دوای دەرچەیەکی یاساییدا دەگەڕێت بۆ دەرچـوون لە قەیرانی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردن، بەپێی بەیاننامەیەکی سەرۆکایەتیی کۆمار، گفتوگۆو ئاڵوگۆڕی بیروڕا بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو کـە کـار نەکاتە سـەر دواکـەوتـنـی هەڵبژاردن.

ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی لەسەر زاری بـەهـا ئـەعـرەجـی، سـەرۆکـی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بڵاویکردەوە، کە هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆمارو عـادل عەبدولمەهدی، یاساکەیان پەسەندکردووە، بەڵام تاریق هاشمی بەهۆی بوونی تێبینی لەسەر دەنگدانی ئاوارەکانی دەرەوە، هێشتا ئیمزای لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردن نەکردووە، بە وتەی ئەعرەجی «یاساکە دەکەوێتە بـواری جێبەجێکردنەوەو ڕەتـنـاکـرێـتـەوە، چونکە سـەرۆک کۆمارو یەکێک لە جێگرەکانی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابــردوو، ئیمزایان لەسەرکردووەو هاشمیش نایەوێت یاساکە ڕەتـبـکـاتـەوە، بەڵکو تەنیا تەحەفوزی هەیە لەسەر دەنگدانی ئـاوارەکـانـی دەرەوەو ئـەو ژمـارە کورسییەی کە بۆیان تەرخانکراوە».

ئـەعـرەجـی ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد: «هەرچەندە هاشمی ئیمزای لەسەر مەرسومی کۆمارییی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە (٢٠١٠/١/١٨)کـردووە، بەڵام پڕۆژە یاسایەکی ئامادەکردووە بۆ هەمواركردنەوەی هەردوو بڕگەی تایبەت بـە کورسیی ئـاوارەکـان‌و کورسییەکانی قـەرەبـوو، ئـەوەش مافێکی یاسایی سەرۆکایەتییە»، هاوڕا لەگەڵ بەها ئەعرەجیدا، جینان عوبێدی، ئەندامی کوتلەی سەدر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشبینی کرد، سەرۆکایەتیی کۆمار ئیمزا لەسەر یاساکە بکات، لەگەڵ ئەوەی داوای چەند گۆڕانکاریی‌و هەموارێک بکەن لە یاسای هەڵبژاردنەکەدا.

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و وەزارەتی کۆچ‌و کۆچبەرانی عێراق، نزیکەی (٣)ملیۆن عێراقی لە دەرەوەی وڵات دەژیـن‌و ژمارەی تەواوی دەنگدەرانی عێراقییانی دانیشتووی ئەوروپایان لایـە، بەڵام تائێستا نازانرێت ژمارەی عێراقییەکانی نیشتەجێی سوریاو ئـوردن‌و ئێران‌و تورکیا چەندە.

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماریش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەماوەی ١٠ ڕۆژ لەبەرواری بەدەستگەیشتنیانەوە ئـەو یاسایانە پەسەند بکەن یان ڕەتیبکەنەوە، کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەرداوە، لەکاتێکدا لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٩ یاساکە ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆمار کراوە.

### هەڵبژاردنەکەی عێراق بە ژمارە

**(١١/١٣) دوا وادە بوو بۆ تۆمارکردنی ناوی هاوپەیمانی لە نێوان قەوارە سیاسییەکاندا.**

**(١١/١٦) دوا وادە بوو بۆ پێشکەشکردنی ناوی پاڵێوراوان، بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

**(٢٩٦) قەوارەی سیاسیی ناوی خۆیان لای کۆمسیۆنی باڵا تۆمارکردووە، لەکاتێکدا بۆ هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)، (٣٠٧) قەوارە بەشداربوون.**

**(١٤)هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو تۆمارکراون، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا (١٩) هاوپەیمانیی تۆمارکرابوون.**

**گرنگترین هاوپەیمانییەکان (ئیئتیلافی نیشتمانیی، یەکێتیی گەل، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، هاوپەیمانیی یەکێتیی نیشتمانیی، بەرەی نەینەوای نیشتمانیی، ئەنجومەنی عێراق بۆ هێزە نیشتمانییەکان، ئیئتیلافی عەشتاری نیشتمانیی، هاوپەیمانیی کوردستانی، ئیئتیلافی کارو رزگاریی نیشتمانیی، تەوافوقی عێراقیی، ئیئتیلافی کارو رزگاریی نیشتمانیی ئازاد، ئیئتیلافاتی عێراقیی، ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق، ئیئتیلافی ئیرادەو گۆڕان).**

**(٣٢٣)کورسی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دانراوە، لەکاتێکدا لە ساڵی (٢٠٠٥)دا ژمارەی کورسییەکانی (٢٧٥)کورسی بوو.**

**(١٦)کورسی قەرەبوو تەرخانکراوەو لەو ڕێژەیەش (٨)ی بۆ کەمینەکانە، لەکاتێکدا لە ساڵی (٢٠٠٥)دا (٤٥)کورسی قەرەبوو هەبوو، بێئەوەی بەشی کۆتای تێدابێت.**

**(٨)کورسی بۆ کۆتای مەسیحی‌و ئێزدی‌و شەبەک‌و سابیئە دانراوە، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا هیچ کورسییەکی تەرخانکراو بۆ ئەو پێکهاتانە نەبوو.**

**نزیکەی (١٩)ملیۆن هاوڵاتیی عێراقی مافی دەنگدانیان هەیە، نزیکەی (٢)ملیۆن‌و (٢٥٠)هەزاریش لە دەرەوەی وڵاتن.**

**هەر (١٠٠)هەزار هاوڵاتییەک کورسییەکی پەرلەمانی بەردەکەوێت‌و بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانیی، لەئێستادا ژمارەی دانیشتووانی عێراق (٣٢)ملیۆن‌و (٣٠٠)هەزار کەسە.**

**(٧٥٠٠)بنکەی دەنگدان‌و (٥٢)هەزار وێستگەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکە دەکرێنەوە.**

### زیادبوونی کورسییەکان بە ڕێژە لەنێوان شیعەو سوننەو کورددا:

*** ئەو پارێزگایانەی کە زۆرینەی سوننەیە (ئەنبار، نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین) (٢٤) کورسی زیادیکردووە، ڕێژەی زیادبوونی دەکاتە (٣١,١٧٪).**

*** ئەو پارێزگایانەی کە زۆرینەی شیعەیە (بەسرە، زیقار، بابل، نەجەف، واست، قادسیە، میسان، کەربەلا، موسەننا) (٣٨) کورسی زیادیکردووە، ڕێژەی زیادبوونی دەکاتە (٤٩,٣٥٪).**

*** بەغدا کە تێکەڵەیە لە زۆرینەی شیعەو سوننە بە هەندێک پێکهاتەی ئاینی‌و مەزهەبی‌و نەتەوەیی دیکەوە، (٩)کورسی زیادیکردووە، ڕێژەی زیادبوونەکەی دەکاتە (٢٢,٤٪).**

*** کەرکوک کە زۆرینەی کوردەو پێکهاتەکانی تورکمان‌و عەرەب بە هەردوو مەزهەب‌و مەسیحیشی تێدایە، تەنیا (٣) کورسی زیادیکردووە، ڕێژەی زیادبوونی دەکاتە (٣,٨٩٪).**


*** هەرێمی کوردستان کە زۆرینەی کوردەو هەندێک پێکهاتەی دیکەی تێدایە، هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) (٣) کورسی زیادیکردووە، ڕێژەی زیادبوونەکەی دەکاتە (٣,٨٩٪).**

## (مۆتەکەی لیژنە) لە کەرکوک نابێتەوە

# «پێکهێنانی لیژنە، بەهەمانشێوەی مادەی (٢٣) گرفت بۆ کورد دروستدەکات»

**پشتیوان سەعدوڵڵا**


ئەحمەد ئەنوەر


ئەسمەر حسێن


ڕێبوار تاڵەبانی

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی نوێنەران پێکدەهێنرێت بۆ پێداچوونەوەو وردبینی تۆماری دەنگدەرانی کەرکوک و ئەو پارێزگایانەی کە گومان لەسەر تۆمارەکانیان هەیە، هاوکات چاودێرانی سیاسیی پێکهێنانی ئەو لیژنەیە بەکارێکی قورس وەسفدەکەن و پێیانوایە؛ «ئەو هەنگاوە کێشەکە قووڵتر دەکاتەوە».

عومەر محەمەد، پسپۆڕ لە کێشەی کورد بە رۆژنامەی راگەیاند: کەرکوک کێشەیەکی بەردەوامەو کێشەکەش تادێت زیاتردەبێت، وەک چۆن لە مادەی (٢٣)دا بارودۆخێکی تایبەت درا بە کەرکوک، لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا دیسانەوە بارودۆخێکی تایبەت درا بەو پارێزگایە، پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانیش هێندەی دیکە کێشەکە قووڵدەکاتەوە».

وتیشی: «عەرەب و تورکمانەکان توانییان کورد هیلاک بکەن و دواتر ئەوان بردیانەوە، بــەوەی کە بارۆدۆخێکی تایبەت درا بە کەرکوک».

بە بــڕوای سیروان کاکەیی، نوێنەری کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە رووی عەمەلییەوە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە کاتێکی زۆری دەوێــت و شێوازی کارکردنەکەشی دەبێت دیاریبکرێت، ئەگەر ئەو لیژنەیە کارەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا کارێکی باش دەبێت.

بەپێی برگەی دووەمی مادەی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە (٢٠٠٩/١١/٨) پەسەندکرا، ئەو پارێزگایانەی، کە گومان لەسەر تۆمارەکانیان هەیە ئەوانەن، کە ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی ڕێژەی دانیشتووانی (٥٪) تێپەڕیکردووە، ئەویش بەپێی داوایــەک، کە لەلایەن (٥٠) ئەندامی پەرلەمان پێشکەشدەکرێت و دواتر بە زۆرینــەی ســادەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو داوایــە پەسەند دەکرێت.

هەروەک بەپێی برگەی سێیەمی هەمان مادە لیژنەیەکی تایبەت پێکدەهێنرێت لە نوێنەرانی ئەو پارێزگایە، لە ئەنجومەنی نوێنەران لە هەموو پێکهاتەکانی، بە ئەندامێتی وەزارەتــی پلاندانان و ناوخۆ و بازرگانی و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە هاوکاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێداچوونەوەو وردبینی ئەو هەڵانەی لە تۆماری دەنگدەراندا هەیە، بەپێی داتا رەسمییەکان و ئەو پێوەرانەی لە یاساکەدا دەستنیشانکراون، ماوەی یەک ساڵیش بۆ کاری لیژنەکە دانراوە.

ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ رۆژنامە وتــی: «پێکهێنانی ئــەو لیژنەیە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە ئەگەر عــەرەب و تورکمانەکان داوای وردبینی تۆماری کەرکوک بکەن، کوردیش داوای وردبینی تۆماری موسڵ و دیالەو سەلاحەدین دەکات، سوننەکان داوای وردبینی نەجەف و کەربەلا دەکــەن، بــەوەش ئەم کارە چەند ساڵێکی دەوێت.

> «پێکهێنانی ئەو لیژنەیە کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە ئەگەر عەرەب و تورکمانەکان داوای وردبینی تۆماری کەرکوک بکەن، کوردیش داوای وردبینی تۆماری موسڵ و دیالەو سەلاحەدین دەکات، سوننەکان داوای وردبینی نەجەف و کەربەلا دەکەن»

پێکهێنانی لیژنەیەکی دیکە لەحاڵەتی بوونی گومان لەسەر تۆماری دەنگدەران، دووبــارەبــوونــەوەی ٣ مــادەی یاسایی و دەستووریی دیکەیە لــەمــاوەی ٦ ساڵی رابــردوودا، ئەوانیش مادەکانی (٥٨، ١٤٠، ٢٣) کە ســەرەرای ئــەوەی کاتێکی زۆری بــەفــیــرۆداو کێشەی کــەرکــوک ئاڵۆزتر کرد، هیچ هەنگاوێکی ئیجابی نەناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

هــاوکــات ڕێــبــوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: لە رابــردوودا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک لیژنەیەکی زۆر دروستکراوەو دواترینیان لیژنەی مادەی (٢٣) بوو، کە شکستیهێناو نەگەیشتە ئەنجام، ئێمە هیوادارین ئەم لیژنەیە بە ئاراستەی لیژنەی مــادەی (٢٣)دا نەچێت و بتوانێت کارەکانی جێبەجێبکات.

لە برگەی چــوارەمــی مــادەی شەشی هەمواری یاسای هەڵبژاردنیشدا هاتووە، پشت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک و ئەو پارێزگایانەی گومان لەسەر تۆمارەکانیان هەیە، نابەسترێت، وەک بنەمایەک بۆ هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن لە داهاتوودا بۆ هیچ بارودۆخێکی سیاسیی و ئیداریی، پێش تەواوبوونی کاری وردبینی تۆماری دەنگدەران، لەلایەن لیژنەکەوە.

هەرچەند پێشتر نوێنەرانی کــورد لە بەغدا هەر جــۆرە تایبەتمەندییەکیان بۆ کەرکوک رەتدەکردەوە، بەڵام بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران جۆرێک لە تایبەتمەندی دراوە بە کەرکوک، لە کاتێکدا جگە لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، لیستی هاوپەیمانی دەنگی بۆ یاساکە دا.

ئەسمەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی یەکگرتوو بە رۆژنامەی راگەیاند: هۆکارێکی دەنگنەدانی فراکسیۆنی یەکگرتوو بە یاساکە ئەو جۆرە تایبەتمەندییەیە کە دراوە بە پارێزگای کەرکوک، بۆ نموونە لە دوو مادەدا چوارجار ناوی کەرکوک هاتووە، بەتایبەتی ئەو خاڵەی کە باسی پێکهێنانی لیژنەیەکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات، پێکهێنانی ئەو لیژنەیە بە هەمانشێوەی لیژنەی مادەی (٢٣) گرفتی گــەورە بۆ کــورد دروســتــدەکــات، چونکە ئەنجامی هەڵبژاردنی کەرکوک پشتی پێ نابەسترێت بۆ هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە، تا ئەو لیژنەیە کارەکانی تەواونەکات، ئەمەش خــۆی لە خۆیدا پێکهێنانی ئــەو لیژنەیە کارێکی قورسەو پێناچێت لە کارەکانیدا سەرکەوتووبێت.

## هەڵبژاردنێکی هەڵپەسێردراو

# کەرکوکییەکان بە گومانەوە دەنگدەدەن

**هەستیار قادر**



پسپۆڕانی هەڵبژاردن ئاماژە بەوە دەکەن؛ پێدانی بارێکی تایبەت بە کەرکوک لــە یــاســای هــەڵــبــژاردنــی ئەنجومەنی نوێنەراندا، «کاریگەریی خراپی» لەسەر رەوشی دیموکراسی کەرکوک دەبێت و بەدگومانیی لای کەرکوکییەکان سەبارەت بە دەرئەنجامی دەنگدانیان دروستدەکات.

بەتایبەتکردنی کەرکوک و هەندێک پارێزگای دیکە لە یاسای هەڵبژاردنی هــەمــوارکــراوی ســاڵــی (٢٠٠٥ ) بۆ هــەڵــبــژاردنــی (٢٠١٠)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جگە لەوەی رووبەڕووی رەخــنــەی هــەوادارانــی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەندەنی بووەتەوە، مەترسیی دروستبوونی کاریگەریی دەروونیشی لەسەر کەرکوکییەکان هێناوەتە ئاراوە، بەوپێیەی بەپێی مــادەی (٦)ی یاسا هەموارکراوەکە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە کەرکوک دانپێدانراو نابێت تا ئەو کاتەی وردبینی لە تۆماری دەنگدەرانیدا نەکرێت، ئەو دەرئەنجامەش ناکرێتە بنەما بۆ هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە یان هیچ بارێکی سیاسیی و ئیداریی دیکەی کەرکوک.

بە بۆچوونی هۆگر چەتۆ، بەڕێوەبەری تــۆڕی شــەمــس بــۆ چــاودێــریــکــردنــی هەڵبژاردن؛ ئەو مادەیە کاریگەریی لەسەر کەرکوکییەکان دەبێت بە کوردو عەرەب و تورکمانەوە، بەوپێیەی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەو شارە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوەو هیچ بەهایەکی سیاسیی و یاسایی و مێژوویی نابێت، وتیشی: «کەرکوکییەکان هەستدەکەن کە کێشەکەیان بــەردەوام دەبێت و ئەمەش لە حەماسی خەڵک کەمدەکاتەوە لە کاتی هەڵبژاردنداو دڵەڕاوکێ دروستدەکات، بەتایبەت لای تاکی هۆشیاری کەرکوک».

هۆگر چەتۆ پێیوایە، هێزە سیاسییەکان کــۆک نــیــن و بــەرژەوەنــدیــیــەکــانــیــان یەکناگرێتەوە لــەوەی کــە یاسایەک بەشێوەیەکی تەندروست دەربچێت و رەنــگــدانــەوەی بنەما بنەڕەتییەکانی پرۆسەی دیموکراسی بێت، وتیشی: «شوڤێنیستەکان و هەندێک لە وڵاتانی دراوسێ مەترسییان هەیە لەوەی زۆرینەی کورد لە کەرکوک دەربکەوێت و کورد بتوانێت کەرکوک بگەڕێنێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان».

هەندێکی دیکە پێیانوایە، دەرچوونی ئەو یاسایە لە ئێستاداو بەتایبەتکردنی کەرکوک تیایدا، شتێکی ئاسایی بووە بۆ واقیعی ئێستای شارەکە.

ئارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، ئاماژە بەوە دەکات کە پێدانی ئەو جۆرە لە تایبەتمەندیی بە کەرکوک، لە چارەسەرێکی تەکتیکی و کاتی دەچێت بۆ خاوکردنەوەی لایەنە کێبڕکێکارەکانی ئەو پارێزگایەو هەر شوێنێکی دیکە کە گومان لە تۆمارەکانی بکرێت، بــەوەی کە تێکڕای گەشەی زیادبوونی دانیشتووانی ساڵانەی (٥٪) زیاترە، وتیشی: «ئەم گومانە لەجەوهەردا تەنیا پارێزگای کەرکوک ناگرێتەوە، بەڵام هێنانی نــاوی کەرکوک بۆ ختوکەدانی هەستی ئەو لایەنانەیە کە دەیانەوێت تایبەتمەندییەک بدەنە ئەو پارێزگایەو لەولاشەوە ئەمە لەسەر ئــەرزی واقیع ببێتە ئاستەنگێک لەبەردەم ئەو هێزانەی دەیانەوێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو کاری ساختەبکەن، لەبەرئەوە بوونی ئەم مادەیە شتێکی ئاساییە بۆ واقیعێکی پڕ لەکێشەو بگرەوبەردەی وەک کەرکوک، پاشان دەتوانرێت ئەم مادەیە بۆ هەر پارێزگایەکی دیکەو لەلایەن هەر قەوارەیەکی سیاسیی دیکەشەوە بکرێتە سەنەدێکی یاسایی بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە کاری تەزویرو پێشێلکاریی».

ئارام جەمال دەڵێت: بۆ دۆخێکی ئاڵۆزی وەک ئێستای کەرکوک، «چارەسەری لەوە باشتر نادۆزرێتەوە» کە لە هەمواری یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە، «پێویستە ئەو چارەسەرەی بۆ کێشەی کەرکوک دۆزراوەتــەوە، لە سیاقەکەی خۆیداو لە روانگەی بایەخ و گرنگی دیموکراسییەوە ســەیــربــکــرێــت، نــەک لــە روانــگــەی بەرژەوەندیی تاکە ئەتنیک و مەزهەب و لایەنێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەوە».

پسپۆڕێکی دیکەی هەڵبژاردنیش پێیوایە، کە کێشەی کەرکوک زیاد لە پێویست بە سیاسیی کراوەو لە هەڵبژاردنی هاوشێوەی شاروانیی دیکە جیاکراوەتەوە.

سەعد جەبار، ئەندامی ئەنجومەنی بــەڕێــوەبــردنــی تــۆڕی عــەیــن بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن دەڵێت: بە رای زۆربەی هەڵسوڕاوانی بواری هەڵبژاردن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کێشەی کەرکوک زیاد لە پێویست بە سیاسی کراوەو پێویستیش بوو لە شارەکانی دیکەی عێراق جیانەکرایەتەوەو بە هەمانشێوە هەڵبژاردنی تیا ئەنجامبدرێت، وتیشی «بوونی مادەیەکی تایبەت بە کەرکوک، کاریگەریی دەبێت لەسەر دەنگدەری کەرکوک، بەڵام لەم قۆناغەدا پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مــەدەنــی و ڕێکخراوەکانی چاودێری هەڵبژاردن هانی خەڵک بدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنداو ڕێگرتن لە کاری ساختەکاریی، تا دەنگدەری کەرکوک دڵنیا بکەنەوە لەو پرۆسەی هەڵبژاردنە».

# ـــــۆنترۆڵی دەشتی نەینەوا



ئەشکەنجەدان. بەپێی قسەی چەند ئەندامێکی کەمینەکان کە قسەیان بۆ هیومان رایتس وۆچ کردووە، ئەم هەڕەشانە لە پاڵ پشتیوانیی داراییدا زۆرێک لە کەمینەکانی بە ملکەچیی هێشتووەتەوە، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش لای خۆیانەوە بە توندیی نکۆڵی لەو بەهانانە دەکەن کە دەدرێنە پاڵیان‌و ئەوان بە بەرپرس لە کردەوەکانی تۆقاندن‌و توندوتیژیی دادەنێن، گرفتەکان بە تەواویی دەخەنە ئەستۆی گروپە عەرەبە سوننە توندڕەوەکان.

## بەناوی کوردەوە هەڕەشە دەکرێت

سامر مەسقەتی، ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لە لێداونێکی تایبەتدا بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەگەرچی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم نکۆڵی لەوە دەکەن کە ئەوان هەڕەشە لە کەمینەکان بکەن، بەڵام بەپێی ئەو مەسحە مەیدانییەی ئێمە کردومانە، ناتوانرێ پارێزگاریی لەوە بکرێت بەشی هەرەزۆری ئەو هەڕەشانەی لە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەوەیە کە خۆیان وەک پێشمەرگە یا ئاسایشی هەرێم دەناسێنن‌و بە کوردی قسەدەکەن، سامر مەسقەتی وتیشی: «لەو ناوچانەدا هێزە کوردییەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیەو ئەگەر بیانویستایە هیچ نەبێ دەیانتوانی ئەو کوردانە دەستگیربکەن کە هەڕەشە لە خەڵکی ناوچەکە دەکەن».

بە بڕوای سامر مەسقەتی دەستگیرنەکردنی ئەو کەسانە لەلایەن هێزی پێشمەرگەو ئاسایشی کوردییەوە، راستی ئەو تۆمەتانە دەسەلمێنێت کە لەلایەن بەشێک لە کەمینەکانەوە ئاراستەی کورد دەکرێت، بەوەی کە ئەوان لەپشتی ئەم هەڕەشەو توندوتیژییانەوەن.

## کوردو پارێزگاریو کۆنترۆڵ

دۆڕاندنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی (٢٠٠٩) لە نەینەوا، نیشانەیەکی بەرچاو بوو بۆ پاشەکشەی حکومەتی هەرێم کە پێشتر بۆ بردنەوەی پشتیوانی ئەم کەمینانە پارەیەکی زۆریان بەسەردا هەڵڕشتن، سەرکیس ئاغاجان وەزیری پێشووی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ، کە خۆی کاسۆلیکێکی کلدانیە ملیۆنەها دۆلاری لە ناوچەجێناکۆکان خەرجکردووەو رشتنی پارە شوێنەواری خۆی لەو ناچەیە جێهێشتووە، لەسەر نۆژەنکردنەوەی خانووەکان‌و کەنیسەکان‌و دابەشکردنی یارمەتی بۆ یانە تازە دامەزراوەکانی لاوان‌و دامەزراوەکانی گوندەکانی دەشتەکە، یارمەتییەکان لە رێگەی کۆمیتەی کاروباری مەسیحییەکانەوە دابەشدەکرێت، کە لەلایەن خودی سەرکیس ئاغا جانەوە دامەزرێنراوە.

## میلیشیاکەی ئاغاجان

نوێنەرێکی مەسیحییەکان بە هیومان رایتس وۆچی راگەیاندووە، کە حکومەتی هەرێم یارمەتی دامەزراندنی میلیشیای تایبەت بە گوندەکان دەدات بە بەهانەی پارێزگاریکردن لەو ناوچانە، بەڵام لە راستیدا ئەو میلیشیایانە کاریگەریی کوردی زیاتر کردووە، ئەویش بە دروستکردنی گروپی چەکداری ناوخۆیی، کە بە تەواویی سەر بە پێشمەرگەن.

راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ ئەوە روونده‌کاتەوە کە میلیشیاکان ئامرازێکی دیکەی حکومەتی هەرێمن بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەجێناکۆکەکان‌و لە دەروازەی هەر گوندێکی مەسیحیدا لە دەشتی نەینەوا، کە هیومان رایتس وۆچ بەلایاندا تێپەڕیوە چەکدارانی میلیشیای مەسیحیی، کە بە پاسەوانی کەنیسە ناسراون، پاسەوانیی خاڵەکانی پشکنین دەکەن‌و ئەم میلیشیایە لەلایەن ئاغاجانەوە پارەیان پێدەدرێت‌و (١٢٠٠) چەکداری هەیەو لە قەرەقوش‌و دەرووبەری بڵاوبوونەتەوە. دەسەڵاتدارانی کورد پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەگەر میلیشیای مەسیحی‌و هێزی پێشمەرگە نەبوایە ئاسایشی ناوچەجێناکۆکان زامن نەدەبوو، کەریم سنجاری، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، لە راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ ئەوەی خستووەتەڕوو، کە پێشمەرگە لەسەر داوای حکومەتی عێراقی‌و سوپای ئەمریکی چوونەتە ئەو ناوچانەو ناوبراو لەبارەی میلیشیا مەسیحییەکەی سەرکیس ئاغاجانەوە وتویەتی: «میلیشیا فەندکراوەکان لەلایەن حکومەتی هەرێم لەپاڵ پاسەوانیکردنی کۆمەڵەکاندا رۆڵی پۆلیس ناگێڕن، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە ئەو خەڵکانەی لە ناوچەجێناکۆکان دەژین ویستیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندایەو داوای پارێزگاریکردنیان لە ئێمە کردووە بۆیە ئەو حاڵەتە روویداوە، مەسیحییەکان دەتوانن لەناو هەرێمی کوردستاندا ئۆتۆنۆمیی خۆیان هەبێت».

## کورد وەک مەزڵوم

سامر مەسقەتی ئامادەکاری راپۆرتە مەیدانییەکەی هیومان رایتس وۆچ ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو، کە کورد وەک نەتەوەیەک موعاناتی زۆری چەشتووە بەدەست رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، بۆیە نەدەبوو ئەوەی لە رابردوو بەرامبەر بەخۆی کراوە ئێستا بێت خۆی دووبارەی بکاتەوە بەسەر کەمینەکانی دیکەدا.

بەپێی وتەی مەسقەتی ئەو کەسانەی کە ئەوان چاوپێکەوتنیان لەگەڵیاندا کردووە زۆری کەمینەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە؛ ئەوان ئامادەنەبوون کار بۆ ئەجێندای کوردەکان بکەن، بۆیە رووبەڕووی سەرکوتکردن بوونەتەوە، ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەوان بەر لە بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەیان سەردانی سەرۆکی حکومەتیان کردووە لە تەواوی زانیارییەکانی راپۆرتەکە سەرۆکی حکومەتیان ئاگادارکردووەتەوەو ئەویش لای خۆیەوە بەڵێنی ئەوەی پێداون کە لێکۆڵینەوە بکات‌و چارەسەری تەواوی کێشەکان بکات.

لەلایەکی دیکەوە دوابەداوی بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ، حکومەتی هەرێم لە روونکردنەوەیەکدا تەواوی زانیارییەکانی نێو ئەم راپۆرتەی رەتکردەوەو لە روونکردنەوەکەی حکومەتدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە ئەوان بوونەتە لانەیەکی ئارام بۆ کەمینەکانی ئەو ناوچانە لەکاتی رووبەڕووبوونەوەو توندوتیژیی‌و بوونی کارەسات.

# ـــمە نەک بۆ کەمینە، بۆ ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆش هەروا بووە

* هیوادەخوازم روونەدات، عێراق زۆری چەشتووە بەدەست جەنگەکانەوە بەتایبەت بەشی باکوورو بەهۆی پرۆسەی بەعەرەبکردنەوە. بۆیە هیواخوازم روونەدات، بەڵام ئەگەر بڕوانینە کێشەکان رووداني جەنگ بەتەواوی واقیعییە، سۆزی کوردبوون‌و عەرەب بوون هەیەو هیچ خواستێکی سازشکردنیش پیشان نەدراوە لەلایەن گرووپە ئێتنییە جیاوازەکانەوە، بەڵام پێموایە؛ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەموو دنیادا بە دوو شێوەیە، یەکەمیان یان ئەوەیە بەشێوەیەکی دبلۆماسی چارەسەری دەکەیت، یان لە رێگەی سەربازییەوە.

پێموایە؛ رێگەی دبلۆماسی کۆتایی پێهاتووەو نەتوانرا سازشی لەسەر ناوچەجێناکۆکەکان بکرێت، بۆیە ئێستا نۆرەی چارەسەری سەربازییە.

**رۆژنامە: کێ ئەم جەنگە چاوەڕوانکراوە دەدۆڕێنێت؟**

* پێموایە هەموو لایەک زەرەرمەند دەبن، رووداني هەر ململانێیەک لە نێوان کوردو عەرەبدا زەرەر لە هەردوولا دەدات، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە رووداني هەر ململانێیەکدا کەمینەکان گەورەترین زەرەریان بەردەکەوێت‌و دەبنە قوربانیی ململانێکان.

**رۆژنامە: پێتوایە رەفتاری سیاسیی دەسەڵاتدارانی کورد بووەتە هۆی جولاندنی رق‌و تورەیی پێکهاتەکانی دیکەی نەینەوا، بەتایبەت وەک لە راپۆرتەکاندا هاتووە، کوردەکان ئاڵای کوردستان هەڵدەکەن‌و ئاڵای عێراق هەڵناکەن؟**

ئێمە کەمتر تەرکیزمان کردووەتە سەر کێشەی کوردو عەرەب لە نەینەواو زیاتر تەرکیزمان خستووەتە سەر کێشەی کەمینەکانی نەینەوا، بۆیە پێموانییە؛ هەڵکردنی ئاڵاو رەمزی دیکە ببێتە هۆی تورەکردنی ئەو کەمینانە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بچینە شێخان‌و چەندین ناوچەی دیکە، ئەوا رەمزی نیشتمانیی دەبینین‌و نەبووەتە هۆی بڵاوکردنەوەی توندوتیژیی، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئێمە تەرکیزمان خستووەتە سەر کەمینەکان لەم راپۆرتەدا، نەک کوردو عەرەب.

**رۆژنامە: لە راپۆرتەکەتاندا هاتووە؛ کە دەسەڵاتدارانی کورد هەڕەشەو تەنانەت سزای کەمینەکانیان داوە، ئایا ئەمە تاچەند راستە؟**

* چەند نموونەیەکمان هەیە بۆ ئەوە، ئێمە چەند دۆکیۆمێنتێکمان هەیە کە باس لە سزادان دەکات، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەمە تەنیا کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان نییە، ئەمە کێشەی ناوخۆی کوردستانیشە.

دەمەوێت روونیبکەمەوە، کە سیاسەتی دژایەتیکردن تەنیا دژ بە کەمینەکان نییە، لە کوردستاندا چەندین گرووپی کەمینە هەن‌و بەخۆشی دەژین، بەڵام کاتێک ئۆپۆزسیۆن‌و بەرەنگاریی دروستدەبێت بۆ دەسەڵاتی هەرێم ئەم سیاسەتانە پیادە دەکرێن، تەنانەت گرووپی کوردمان هەیە، کە تووشی دژایەتیکردن هاتوون لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە لەبەر ئەوە نا، کە کەمینەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

لەبەر ئەوە کێشەکە ئەوە نییە، کە حکومەتی هەرێم جیاکاریی بکات‌و ئەوانی دیکە وەک کەمەنەتەوە حساب بۆ بکات، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە، کە حکومەت دەیەوێت کۆنترۆڵی ئەو ناوچە بکات‌و دڵنیابێت، کە هەموو ئەو کۆمەڵگەیە بەپێی خواستی ئەوان دەجولێتەوە.

**رۆژنامە: حکومەتی هەرێم لە وەڵامی راپۆرتەکەتاندا دەنووسێت، شێواندنێکی سیستماتیک لەبارەی بارودۆخی ئێستای موسڵ کراوە، ئایا ئەمە راستە؟**

* بەدڵنیاییەوە ئەمە راست نییە، چەندین نموونەمان لایە، کە نوێنەری چەندین گرووپ لە موسڵ، کە دڵشاد نین بە سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم لە ناوچەکانیان‌و تێڕوانینی رەخنەییان بۆی هەیەو حەز ناکەن بەردەوام بێت.

**رۆژنامە: پێتوایە نکۆڵیکردنی ئەم جۆرە راپۆرتانە یارمەتی بارودۆخەکە دەدات، یان دەبێت کاری جدیی بۆ بکرێت؟**

* پێدەچێت بەنیازبن کاری جدیی بکەن‌و لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی نەینەوا بکەن، بۆیە پێدەچێت بەجدیی وەریانگرتبێت‌و بەدوایدا بچن، بەڵام بەدڵنیاییەوە بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن سەرەتا دەبێت دان بە کێشەکاندا بنێت.



# ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ووچ:

# سەرکیس ئاغاجان میلیشیایەکی (١٢٠٠) کەسیی دادەمەزرێنێت بۆ کـ

ڕاپۆرتی ئیبراهیم عەلی

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (هیومان ڕایتس ووچ) لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا بەناونیشانی (عێراق لەسەر زەمینەی مۆلەق) ئەو توندوتیژییانە دەخاتەڕوو، کە دژ بە کەمینەکان لە ناوچە جێناکۆکەکانی پارێزگای موسڵ ئەنجامدەدرێت، ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ووچ لەسەر بناغەی مەئمورییەتێکی سێ هەفتەیی‌و گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا لە شارەکانی باکووری عێراق، هەولێر، سلێمانی، هەروەها شارۆچکە یان گوندەکانی قەرەتەپەو تەلئەسقەفو ئەلقوش‌و بەعشیقەو بەرتلە، لە شوباتی (٢٠٠٩)دا ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییەی ئەنجامدا. هیومان ڕایتس ووچ دیمانەی (٥٧) ژن‌و پیاوی کلدو ئاشووری‌و ئێزدی‌و شەبەکی کردووەو هیومان ڕایتس ووچ دیمانەی تەلەفۆنیشی کردووەو ڕاوێژی دەربارەی ئەو بەڵگەنامە ڕەسمیانە کردووە کە نوێنەرانی کەمینەکان خستوویانەتەڕوو.

ئەمە جگە لەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا دیمانەی چەند بەرپرسێکی کوردو کەمینەکان کراوە وەک (خەسرەو گۆران، کەریم سنجاری، عەدنان موفتی، یوسف محەمەد، محەمەد ئیحسان، سەعدی ئەحمەد پیرە، قوسەی عەباس، خودیدە خەلیفە عیدۆشی). ڕۆژنامە بەشێکی ئەو ڕاپۆرتە وەک خۆی دەخاتەڕوو.

## بانگەشەی خاوەندارێتیی

ململانێی درێژخایەن لەسەر خاک لە باکووری عێراق لەنێوان حکومەتی ناوەندی، کە عەرەب تێیدا باڵادەستەو حکومەتی هەرێم، کە زۆر لای جیهانی دەرەوە بەرچاو نییە، بەڵام مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کە دیسان بهەژێتەوەو کارەساتێکی دیکە بەسەر مافەکانی مرۆڤی گروپە کەمینەکاندا بهێنێت. مەسەلەی ڕەوشی ناوچە جێناکۆکەکان کە پێشتر ڕژێمی عێراق ئەو ناوچە بەرینەی عێراقی تەعریب کردووەو سەدان هەزار کوردو کەمینەی دیکەی لە ماڵەکانیان وەدەرناوەو عەرەب جێگەی گرتوونەتەوە، دوای ڕووخاندنی حکومەتەکەی سەدام حسێن، سەرکردە کوردەکان جورئەتی ئەوەیان پەیداکرد کە داوا بکەن ئەو خاکە بەشێکە لەو هەرێمەی کە لە مێژوودا کوردی لێ ژیاوە، کە لە خۆرئاواوە لە گوندی شەنگاری نزیک سنووری سوریاوە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە خانەقین لە نزیک سنووری ئێران لە خۆرهەڵات. کوردو عەرەب بانگەشەی خاوەندارێتیی ئەم خاکە مشتومڕاوییە دەکەن، بەڵام واقیعی حاڵەکە جیاوازە لەو گێرانە نەژادییانە، ناوچە جێناکۆکەکان لە ڕووی مێژووییەوە یەکێکە لە فرەچەشنترین ناوچەکانی عێراق لە ڕووی نەژادو کلتووریی‌و ئایینییەوە، چەندین سەدەیە لە پاڵ کوردو عەرەبدا، تورکمان‌و ئاشووری‌و کلدانی‌و مەسیحی‌و ئێزدی‌و شەبەک‌و کەمینەی دیکەشی لێ دەژی.

## شەڕ لەپێناو خاک

هەڵمەتی توندوتیژیی کە لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)دا مەسیحییەکانی موسڵی کردە ئامانج‌و (٤٠) کەس تیایدا کوژراو (١٢٠٠٠) کەسیش ئاوارەبوون، دوای ساڵی (٢٠٠٧)و دوای هێوربوونەوەی توندوتیژیی تایفیی لە عێراق، سەرکردەکانی سوننەو شیعە بۆیان دەرکەوت کە لەکاتێکدا ئەوان شەڕی یەکتریان دەکرد، سەرکردایەتی کورد کۆنترۆڵی خۆی بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەجێناکۆکان سەپاندووەو هیومان ڕایتس ووچ لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا ئەوەی خستووەتەڕوو، کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەیەوێت لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە، کە مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەستنیشانیکردووە بەشی زۆری نەینەوا بخاتە سەر هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان لای خۆیەوە سەرسەختانە داوای جێبەجێکردنی ڕیفراندۆمێک دەکات کە دەستوور ڕایسپاردووە دەربارەی ئایندەی ناوچەجێناکۆکان ئەنجامبدرێت، ڕیفراندۆمێک کە بەرپرسانی کورد بە ئامادەیی سیاسی‌و ئاسایشەوە لەو ناوچەیەدا هەموو هەوڵێک دەدەن‌و هەموو ڕێگەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە دەخەنەڕوو بۆئەوەی دڵنیابن کە ئەنجامەکە بەلای خۆیاندا دەشکێتەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس ووچ گروەکان بایەخدارن‌و حکومەتی ناوەندی لەبەردەمی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم بەسەر نزیکەی (١٠) لە سەدی تەواوی خاکی عێراقەوە بەرەو بەزین دەچێت، ئەمەش نزیکە لە دوو هێندە کردنەوەی خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمە جگەلەوەی ئەوەی کە لەژێر ئەم خاکەدا هەیە سوودێکی زۆری بۆیان هەیەو زیاتر لە نیوەی نەوتی یەدەگی عێراق لە باکووری عێراقەو بەشی زۆری‌و باشترین جۆریشی لەم ناوچە جێناکۆکەیەو دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمیی فراوانکراو لەگەڵ دەستگەیشتنی بە کێڵگە نەوتییەکان، مایەی نیگەرانیی تورکیا، سوریا، ئێرانی دراوسێیە، کە خۆشیان دانیشتووانێکی گەورەی کوردیان هەیەو خواستی ناسیونالیستیانەشیان هەیە.



## کەمینە گەمارۆدراوەکان

دەسەڵاتدارانی کورد بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە پارێزگای موسڵ‌و ئاسانکردنی لکاندنی بە هەرێمی کوردستانەوە، ستراتیژێکی دوو سەرەیان پیادەکرد لە یەککاتدا تەماعیان دەخستە بەردەم کەمینەکان‌و لەهەمانکاتیشدا ئاماژەی سەرکوتکردنیشیان پیشاندەدان، ئامانجی ئەو تاکتیکانە ئەوەبوو، کە کۆمەڵەی ئێزدی‌و شەبەکەکان والێبکەن وەک کورد نەژاد بناسرێن، هەروەها مەسیحییەکانیش وابەستەی پلانی حکومەتی کوردی ببن بۆ زامنکردنی سەرکەوتوویی کورد لە هەر ڕیفراندۆمێکدا، ئەمە جگەلەوەی دەسەڵاتی کوردی سیاسەتێکی دڵڕەقانەی بەکاردەهێنا بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی لەناو ئەو کەمینانەدا تەحەدای کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم دەکەن، هێزەکانی کورد بە زۆریی پشتیان بە ترساندن‌و هەڕەشەکردن‌و دەستگیرکردنی هەڕەمەکی‌و زیندانیکردن بەستووە، هیومان ڕایتس ووچ بینیویەتی کە لە چەند حاڵەتێکی پەڕگیردا هێزە کوردییەکان هانایان بردووەتەبەر توندوتیژیی‌و

# بەرپرسێکی هیومان ڕایتس ووچ بۆ ڕۆژنامە

# سیاسەتی حکومەتی هەرێم ئەوەبووە ئازاری ڕکابەرەکانی بدات، ئـ

شاڵاو فەتاح

سامر مەسقەتی لێکۆڵیاری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ، باس لە دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکەی دەکات، کە لەسەر کێشەی کەمینەکانی نەینەوا بڵاویانکردۆتەوە ئەو دووپاتیدەکاتەوە؛ کە ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەربارەی سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە ناوچە جێناکۆکەکان وتراوە ڕاستەو نموونەو دۆکیۆمێنتیان لەلایە، ئەمە جگە لەوەی لە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕێک دەورووژێنێت، کە بەهۆی نەبوونی سازش لەلایەن پێکهاتەکانی عێراقەوە لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان ئەگەری ڕوودانی هەیە.

ئەو بەرپرسەی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ، کە لەبەر هۆکاری ئەمنی نەیویست وێنەکەی بڵاو بکرێتەوە ئاماژە بەوەش دەکات، کە حکومەتی هەرێم سیاسەتی جیاکاریی بە تەنها بەرامبەر کەمینەکان پەیڕەو نەکردووە، بەڵکو هەڕەشەو سزادانی لە سیاقی سیاسەتەکانیدا بووە، بۆ کپکردنی دەنگی ئۆپۆزسیۆنەکانی‌و دەڵێت: «ئەمە لە ناوخۆشدا هەروایە».

**ڕۆژنامە: وەک پێشتر لە نووسەری ڕاپۆرتێکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی تایبەت بە نەینەوام پرسی، بۆچی نەینەوا وەک مەترسی دەستپێکی شەڕ دەبینن، نەک کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکانی دی؟**

* پێموایە تەرکیزی زۆر خراوەتە سەر کێشەکانی کەرکوک‌و هەموو کەسێک لە جیهاندا لەبارەی کێشەی کەرکوکەوە دەزانێت، نەینەواش کێشەی زۆر گەورەی تێدایە، بەڵام دەبینین تەرکیز زیاتر لەسەر کەرکوک‌و ناوچەجێناکۆکەکانی دیکەیە، چەندین کۆمەڵگەی کەمینە لە نەینەوادا دەژین‌و شوێنێکی فرەکلتوورە لە عێراقدا، بۆیە ئێمە پێمانباشبوو ئەمجارە تەرکیز بخەینە سەر نەینەوا.

**ڕۆژنامە: قوربانیی سەرەکی ناوچەجێناکۆکەکان کێن؟ کورد، عەرەب، یان کەمینەکان؟**

* قووربانی زۆر هەیە، ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین کوردەکان، شەبەک‌و ئێزدییەکان لە حەفتاو هەشتاو تەنانەت نەوەدەکانیشدا چەوسێنراونەتەوەو قووربانیی سیاسەتەکانی حکومەتی پێشووی عێراق بوون، بۆیە پرسیاری ئەوەی کێ قوربانی سەرەکییە پێویستی بە گەڕانەوە هەیە بۆ ڕابردوویەکی درێژ، بەڵام ئەوەی لەمڕۆدا تەرکیزی دەخەینە سەر ئەوەیە، کۆمەڵگە کەمینەکان کراونەتە ئامانجی چەند لایەنێک‌و ئەمەش زۆر قوورسە بۆ ئەوان، ئەوان لەلایەن هێزە پەڕگیرەکانەوە کراونەتە ئامانج‌و کردەوەی تیرۆریستیان لە دژ ئەنجامدەدرێت.

**ڕۆژنامە: پێتوایە خاوەندارێتی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ لایەنێک، یان گرووپێکی ئێتنی تایبەتی بێت، یان پێویستە هاوبەشی بکرێت؟**

* پێموایە ناوچەجێناکۆکەکان بەتایبەت لە نەینەوا، ڕێژەیەکی بەرزی کەمینەی هەیە، وەکو کوردو عەرەب‌و چەندین کەمینەی نەتەوەی دیکە، بۆیە پێویستە پرۆتۆکۆڵێک هەبێت لە نێوان ئەم گرووپە ئێتنیانەدا بۆ پێکەوەژیان.

**ڕۆژنامە: پێتوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکانی بەڕێگەیەکی دەستووری داوە، یان زیاتر مەبەستی بووە کە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکات؟**

* پێموایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ویستوویەتی کێشەی ناوچەجێناکۆکەکان بەشێوەی یاسایی چارەسەر بکات، دەبینین کە مادەی (١٤٠) هەیەو دەسەڵاتدارانی هەرێمیش داوای زۆریان کردووە، کە کار بەو مادە دەستوورییە بکرێت، بەڵام پێموایە دەسەڵاتدارانی هەرێم نائومێدبوون لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی دەستووریی، چونکە پەیمانی شتێکیان لە دەستووردا پێدراوە، کە بە هیچ جۆرێک بە ئەنجام نەگەیشتووە، بۆیە ئەوانیش بێئومێدبوون‌و لەجیاتی ڕێگەی دەستووری چەند ڕێگەیەکی دیکەیان گرتووەتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

وەکو بردنە ناوەوەی پێشمەرگەو دانانی چەندین خاڵی پشکنین لەو ناوچانە.

**ڕۆژنامە: بە «بەئاگاهاتنەوەی سیاسییە عێراقییەکان»و نەتوانینی چارەسەرکردنی کێشەکان لەلایەن ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تاچەندە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ هەیە؟**



# فرۆشیاران دوکانەکانیان دادەخەن

## ڕێگەی هێنانی مریشک لە بەغداوە بۆ ئیبراهیم خەلیل دەگوازرێتەوە

**سیروان عەول**
**ستارە عارف**

مریشک فـرۆشـەکـانـی سلێمانی دوکانەکانیان داخست، پاش ئـەوەی بە بڕیارێکی بەڕێوەبەرێتی سامانو دروستیی ئـاژەڵ لە سلێمانی، هێنانی مریشک لە ڕێگەی کـەرکـوکـو بەغداو موسڵەوە قەدەغە کرا، ئەمەش بە پاساوی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی.

بە بڕوای سـەردار عەلی، کە یەکێکە لە مریشکفرۆشەکانی سلێمانی، ئەو مریشکەی لە بەغداوە داخڵی هەرێمی کوردستان دەبێت، هەمان مریشکە کە لە باکووری کوردستانەوە دێتە ناوەوە.

سەردار عەلی بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوە ناحەقیە کە دەبێت لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ هەر لۆرییەک مریشک (٧٥٠٠) دۆلار گومرگ بدەین، ئێمەش دەبێت نرخی مریشک لە (٤٢٥٠) دینارەوە زیادبکەین بۆ(٦٠٠٠) دینار».

جگە لە کوشتارگەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بازرگانان مریشکو گۆشتی بەستوو لە وڵاتـی بەرازیلو هەندێک وڵاتی دیکەوە دەهێننە ناوەوەو لە ناوخۆی عێراقیشدا لە ڕێگەکانی ڕەبیعەو سنوورەکانی ئێرانو کەرکوکو موسڵەوە دێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەو ڕێگایانەی قەدەغەکردووەو فرۆشیاران دەتوانن تەنیا لە ڕێگەی گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە مریشک داغڵی هەرێم بکەن.

حـەیـدەر ئیسماعیل، کـە کارگەی خواردنی ئامادەکراوی هەیە، پێیوایە؛ ئـەوان جـاران گۆشتی بەڕازیلییان لە وەکیلەکان بە (٣٥٠٠ ) دینار وەردەگرت، کە لەژێر چاودێریی ڤێتێرنەری سلێمانیدا بـوونو پشکنین بۆ گۆشتەکە دەکـراو ئەوکاتە ڕێگەی فرۆشتنیان پێدەدرا، بەڵام ئێستا ڤێتێرنەری ئەم بڕیارەی گۆڕیوەو ڕێگە نادات گۆشتی بەڕازیلی بێتە ناوەوە، تەنیا لە ڕێگەی ئیبراهیم خەلیلەوە ڕێگەیان پێدراوە، ئەویش تێچوونێکی زۆری دەبێتو ئەگەرچی ڕێگەیان بەچەند بازرگانێک داوە بیهێنن، ئەوانیش بە (٦٥٠٠) دینار دەیفرۆشن.

نرخی مریشکی بەستوو بە بەراورد بە نرخی گۆشتو مریشکی خۆماڵیی، زیاترەو ڕێگرتن لە هێنانی مریشکی بەستوو کاریگەریی خستووەتە سەر بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە تەنیا لە شاری سلێمانیدا ڕۆژانە (٥٠ –٥٥) تەن مریشک سەرفدەکرێت.

خالید ڕەشید تەمەن (٥٥) ساڵ، یەکێکە لە کڕیارەکانی مریشکو بە نیگەرانییەوە لە یەکێک لە بازاڕەکانی سلێمانی لە داخستنی دوکانی مریشکفرۆشەکانی دەڕوانـیو ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کە بۆ جەژن مریشکی دەستنەکەوێتو نەشتوانێت گۆشتی سوور بکڕێت.

خالید ڕەشید بۆ ڕۆژنامە وتی: «کڕینی مریشک باشترە لە گۆشتی سوور، چونکە ئەو (٢٨) هـەزارەی دەیـدەم بە (٢) کیلۆ گۆشتی حەیوان، (٤) مریشکی پێدەکڕم، چونکە من (١٥٠) هـەزاری خانەنشینی وەردەگـــرمو تـا پێم بکرێت بـەدوای هەرزانترین نرخدا دەگەڕێم».

ئەنفلۆنزای بـــەراز لـە ئێستادا لە هەندێک شاری عێراق بڵاوبووەتەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵی ڕێگریکردنە لە ئەو کەلوپەلو خواردەمەنیانەی مەترسیی گواستنەوەی ئەو نەخۆشییەیان لێدەکات بۆ هەرێمی کوردستان.

د.عەباس عەلی عەبدی، بەڕێوەبەری سامانو دروستیی ئاژەڵ لە سلێمانی، قەدەغەکردنی هێنانی مریشکو گۆشتی بەستوو بەکاری بەڕێوەبەرێتییەکەیان نـازانـێـتو ئـامـاژە بـەوەدەکـات؛ تەنیا دەیانەوێت بەرهەمێکی تەندورست بێتە ناو شاری سلێمانییەوە.

وەزارەتی کشتوکاڵ بەمەبەستی هێنانی خواردنی دروست بۆ هەرێمی کوردستان چەند کەرنتینەیەکی (وێستگەی پشکنین) لە مـەرزی باشماخو گومرگی ئیبراهیم خەلیل داناوە، کە ئەمانە ڕێگەکانی بەغداو کەرکوکو موسڵ ناگرێتەوە.

د.عەباس عەلی دەڵێت: «توانیومانە ڕێگە لەو کەسانە بگرین کە لە ڕێگە قاچاغەکانی وەک موسڵو کەرکوک خواردن دەهێنن، لەم ڕووەشەوە دەستمانگرتووە بەسەر (٢٥٠) تەن لە سنگی مریشکی جۆری میراو سمابای بەرازیلی، کە ئەگەر داغڵی سلێمانی ببوایە جۆرە ڤایرۆسێکی گرانەتای کوشندەی بڵاودەکردەوە».

سەبارەت بە دانانی گومرگ لەسەر ئەو گۆشتانەی لە دەرەوە دەهێنرێتە هەرێمی کوردستانەوەو فرۆشیارانی مریشکی نیگەرانکردووە، بەڕێوەبەری سامانو دروستیی ئاژەڵ دەیگێڕێتەوە بۆئەوەی کە ببێتە هۆی هاندانی کەرتی تایبەتی خۆماڵیی تا کێڵگە ناوخۆییەکان بەرهەمبهێنن.

لەگەڵ ڕاگرتنی هێنانی مریشکو گۆشتی بەستوو بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەغداو موسڵو کەرکوکەوە، خەڵکیی لە جەژنی قوربان نزیکدەبنەوە، کە زۆرترین ڕێژەی گۆشتو مریشکی تیا سەرفدەبێت.

د.عەباس عەلی لەم بارەیەوە وتی: «لـەگـەڵ بـەڕادەکـانـدا کۆبوونەوەمان کردووەو لەئێستادا زیاتر لە (٢٠٠) تەن مریشک لە بەڕادەکانیاندا هەیەو ئەم جەژنە بەهیچ شێوەیەک پەکمان ناکەوێت».

لەلایەکی دیـکـەوە فەیسەل عەلی، ئابووریناس، پێیوایە؛ ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەرەو حکومەتی هەرێم پێویستە سەرلەنوێ هاتنی گۆشتی بەڕازیلی بۆ ناو کوردستان ڕێکبخاتەوە، بەمەرجێک نەبێتە هـۆی ئـەوەی بەشێک قازانجو بەشێکی دیکە زەرەر بکات، دەبێت هەمان بوار بۆ ئەو بازرگانانە بڕەخسێنرێت کە گۆشتی بەڕازیلی دەهێنن، بۆیان هەبێت لە سنوورەکانی ئێرانو ئیبراهیم خەلیلەوە گۆشتی بەڕازیلی لـەژێـر چاودێریی کۆنترۆڵی جۆرییدا بهێننو مۆڵەتی مەنشەئیان پێببێت.

لەبارەی بەرهەمی خۆماڵییەوە فەیسەڵ عەلی پێیوایە؛ دەبێت حکومەت بەرامبەر بەم کێشانە گرنگی بە هەڵهێنەرەکانی ناوخۆ «دواجن» بدات، کە ماوەیەکە خاوەنەکانیان گلەییان لە حکومەت هەیە، کە وەک پێویست ئاوڕیان لێنادرێتەوە، بۆیە دەبێت جارێکی دیکە حکومەت بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە، بۆئەوەی سەرلەنوێ ئەمانە ببووژێنەوە، لەبری ئەوەی هەر پەنا بۆ ئەو ڕێگایانەی دەرەوە ببەین ئەم هەڵهێنەرانە بتوانن پێویستییەکانی خەڵک لە گۆشت، لەناوخۆدا پڕبکەنەوە.


بەر لە هاتنی جەژنی قوربان، گۆشتی مریشک نزیکەی (٢) دوو هەزار دینار گرانتر دەبێت
فۆتۆ: ڕۆژنامە

# کەرتی بازرگانیی ئێرانی لە دهۆک گەشە دەسێنێت

**ئارام شێخ وەسانی**

وابڕیارە لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵدا پێشانگای دووەمـی ئێرانی بە بـەشـداری ١٠٢ کۆمپانیای ئێرانی بەڕێوەبچێت، پاش ئەوەی دەروازەی شاری دهـۆک بـەڕووی بازرگانە ئێرانییەکاندا کرایەوە، کە پێشتر تەنیا کۆمپانیاو بارزگانە تورکییەکان ڕوویان تێدەکرد.

لـەمـاوەی ڕابـــردوودا پـارێـزگـای دهۆک بەهۆی هاوسنووربوونی لەگەڵ تورکیاو نزیکی لە تورکیا، زۆرترین جوڵە بازرگانییەکانو گرێبەستەکانی تەنیا لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکانو بازرگانە تورکەکان بـووە، بەڵام پاش کرانەوەی دەروازەی دهـۆک بـەڕووی کۆمپانیاو بازرگانە ئێرانییەکاندا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵی ڕابردوو پێشانگایەکی گەورەی لە دهۆک کردەوەو بازرگانو کۆمپانیا ئێرانییەکان زیاتر ڕوویان کردووەتە ئەم شارە.


دیمەنێک لە شاری دهۆک

وەک ئامادەکارییەک بۆ کردنەوەی دووەم پێشانگای ئێرانی لە دهۆک، شاندێکی گـــەورەی بازرگانیی ئـێـرانـیو شـاری ئەسفەهان سەردانی شاری دهۆکیان کردو چەند پرۆتۆکۆڵێکی بازرگانیشیان واژۆ کردووە.

شێخ ئەیاد حەسەن عەبدولحەکیم، سەرۆکی ژووری پیشەسازییو بازرگانیی دهۆک بۆ ڕۆژنامە وتی «ئەمساڵ ئامادەکاریی باشتر کراوە بۆ پێشانگاکە، لەپێشەنگاکەی ڕابردوودا تەنیا (٥٢)کۆمپانیا بەشداربوون، بـەڵام ئەمجارە بڕیارە (١٢٠)کۆمپانیا بەشداریی بکەن».

دووەم پێشانگای ئێرانی لە دهۆک بڕیاربوو لە (١٨)ی ئەم مانگەدا بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی تەواو نەبوونی بەشێک لە ئامادەکارییەکانی کردنەوەی پێشانگاکە دواخرا بۆ مانگی دوانزە.

بەپێی ڕاگـەیـەنـراوێـک کە ناوەندی بـەدواداچـوونـی ئـابـووریـی ئێرانی بـڵاویـکـردووەتـەوە، سـەبـارەت بە پێشانگاکە هـاتـووە «پێشانگاکە پێنج ڕۆژ بـەردەوام دەبێتو (١٢٠) کۆمپانیا تێیدا بەشداریی دەکەن، ڕووبەری ٦٠٠٠ مەتر دووجا ئامادەکراوە بۆ پێشانگاکە، بەرهەمە بەشداربووەکانیش لەبواری (کەرەستەی پیشەسازیی، کشتوکاڵی، هونەریی، پلاستیکی، خۆراکو جۆرەکانی شیرەمەنی)دان».

سـەبـارەت بـە سـەردانـی شـانـدی بازرگانیی ئەسفەهان، سەرۆکی ژووری پیشەسازییو بازرگانیی دهـۆک وتی «ئـەم سـەردانـەی شـانـدی بازرگانانی ئەسفەهان زۆر گرنگ بوو، توانیمان چەند پرۆتۆکۆڵێک واژۆ بکەین، بەشداریی پێشانگا بازرگانییەکانی یەکتر بکەینو پەیوەندییەکانمان بەهێزتر بکەین». وەک دیارە ژووری بازرگانیی ئەسفەهان گرنگیی زۆری هەیە لە ئێران، چونکە (٧٠٪)ئاسنی ئێران لە ئەسفەهان بەرهەمدێت، هەروەها (٦٢٪)هەموو جۆرەکانی سیرامیک لەو شارە بەرهەمدەهێنرێت، ئەمە وێـڕای چەندین هەزار کارگەو بەرهەمی جۆراوجۆر».

# عێراق دەبێتە یەکەم هەناردەکاری نەوت لە ناوچەکەدا

**ڕۆژنامە**


هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەرزدەبێتەوە

وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەستێکی وەبەرهێنانی کێڵگەی رومێلە لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای (بی.بی) بەریتانیو (سی.ئێن.بی.سی) چینی واژۆدەکاتو حسێن شەهرستانی ئاشکرای دەکات، وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتییەکان لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە لە خولی مۆڵەتپێدانی دووەمیدا بەشداردەبێت لـەوەی عـێـراق ببێت بـە یەکەمین هـەنـاردەکـار لە نـاوچـەکـەداو ئاستی بەرهەمهێنانی دەگاتە (١٢) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

ئـەم گـرێـبـەسـتـە بـەشـێـکـە لە نزیکبوونەوەی کۆمپانیا بەریتانییەکان لە وەبەرهێنانی نەوت لە عێراقو دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی عێراقیش ئاشکرایکرد، کە وڵاتەکەی ئارەزووی هێنانەناوەوەی کۆمپانیاکانی بەریتانیا دەکات بۆ بازاڕەکانی عێراقو جێگرتنی رۆڵیان لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق.

کێڵگەی رومێلە دەکەوێتە باشووری وڵاتو ناوەندی راگەیاندنی نیشتمانی عێراقیش لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرایکرد «رێژەی بەرهەمهێنانی کێڵگەکە لە شەش ساڵی داهاتوودا بەرزدەبێتەوە لە یەک ملیۆن بەرمیلەوە بۆ (٢) ملیۆنو (٨٥٠) هەزار بەرمیلی رۆژانە».

بڕی گرێبەستی واژۆکـراوی ئەو پڕۆژەیە دەگاتە (٥٠) ملیار دۆلارو حسێن شەهرستانی پێیوایە؛ «وڵاتەکەی توانیویەتی گرنگترینو مەزنترین کۆمپانیا جیهانییە تایبەتمەندەکانی بواری وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتییەکانو پەرەپێدانیان بەرەو خۆی رابکێشێت، بۆئەوەی بتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی بەرزبکاتەوە».

وەزیری نەوتی عێراق روونیکردەوە، کە عێراق لەماوەی وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتییەکانیدا لە خولی مۆڵەتپێدانی یەکەمدا دەتوانێت نزیکەی (٧) ملیۆن بەرمیل بەرهەمبهێنێت، ئەوەش رێژەی بەرهەمهێنانی گەورەیە کە دەتوانرێت لە رێگەی ئەو گرێبەستانەوە پێی بگەین.

بە بڕوای شەهرستانی «وەبەرهێنانی کێڵگە نەوتییەکان لەلایەن کۆمپانیا بیانییەکانەوە لە خولی مۆڵەتپێدانی دووەمدا بەشداردەبێت، لەوەی عێراق ببێت بە یەکەمین هـەنـاردەکـار لە نـاوچـەکـەداو ئاستی بەرهەمهێنانی دەگاتە (١٢) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا».

متمانەی خۆیشی دووپاتکردەوە، بەوەی کایەی دووەم پێشوازییەکی چڕی کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان بەخۆوە ببینێت، ئەوەش بێگومان دەبێتەهۆی بەدیهێنانی داهاتێکی دارایی گەورەتری کەرتی نەوتی لە عێراقو بەرزکردنەوەی قەبارەی بودجە.

بەشداریکردنی کۆمپانیای (بی بی) بەریتانی لە وەبەرهێنانی نەوتی کێڵگەی رومێلە بەشێکە لەو هاتنەپێشەوانەی کەرتی تایبەتی بەریتانی بۆ وەبەرهێنان لە عێراق، ئەمەش بە قازانجی ژێرخانی ئابووریی عێراق دەشکێتەوە.

سێر ئـەنـدرۆ کـان، بـەڕێـوەبـەری راپـەڕانـدن لە وەزارەتـی بازرگانیو وەبـەرهـێـنـانـی بـەریـتـانـی، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ سالار محەمەد ئەمین، جێگری سـەرۆکـی دەستەی وەبەرهینانی نیشتمانی عێراق، رۆژی (٢٠٠٩/١١/٣) خۆشحاڵیی خۆی راگەیاند بەرامبەر هەموارکردنەکانی ئەم دواییانەی یاسای وەبەرهێنانی عێراقیی ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٦)و بـەسـەرەتـایـەکـی هـانـدەری دانـا بۆ هاتنەژوورەوەی وەبەرهێنانە بەریتانیو جیهانییەکان لە عێراقدا.

لەهەمانکاتدا بانگهێشتنی خۆی ئاڕاستەی سەرۆکی دەستەی نیشتمانی وەبەرهێنان کـرد بۆ سـەردانکردنی شانشینی یەکگرتوو لـە سـەرەتـای کانوونی دووەمی داهاتوودا، بەمەبەستی پێشکەشکردنی دەرفەتەکانی وەبەرهێنانی دەستەبەر لە عێراقدا، بەمەش خواستێکی زۆری کۆمپانیا بەریتانییەکانو کەرتی تایبەتی شانشینی یەکگرتووی پیشاندا بۆ کارکردن لەگەڵ کەرتی تایبەتی عێراقو چوونە ناو هاوبەشییەکی ئابووریی شێوە هەمەجۆر.

# لێپرسینەوە لە شەهرستانی، گرێبەستە نەوتییەکانی نەگرتەوە

**ئەلەند مەحوی**


حسین شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق

پەرلەمانی عێراق نەیتوانی لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی وەزارەتـی نـەوت، لـێـپـرسـیـنـەوە لـە حسێن شەهرستانی بکات، لەکاتێکدا تا رۆژی پێش بانگهێشتکردنی بۆ پەرلەمان، شەهرستانی تۆمەتبار دەکرا بە بوونی گەندەڵیی لە گرێبەستە نەوتییەکانی وەزارەتەکەیو داواش دەکرا متمانەی لێبسەنرێتەوە.

لەسەر داوای جابر خەلیفە جابر، بـڕیـاردەری لیژنەی نـەوتو گازی پەڕلەمانی عـێـراق، رۆژانـی (١٠-٢٠٠٩/١١/١١) پەرلەمانی عێراق بانگهێشتی حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراقی کرد، بەڵام پەرلەمانتاران نەیانتوانی هیچ پرسیارێک سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەکان رووبەڕووی وەزیری نەوت بکەنەوە.

بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوتو گازی پەرلەمانی عێراق باس لەوەدەکات، کە بانگهێشتکردنەکەی وەزیری نەوت بەشێوەیەک بوو کە تەنیا جابر خەلیفە جابر دەیتوانی پرسیاری لێبکات، ئەویش بۆی نەبوو پرسیار لەبارەی گرێبەستەکانەوە بکات، چونکە کاتێک داوای بانگکردنی وەزیـری نەوت کرابوو، هێشتا وەزارەتی نەوت گرێبەستی نەکردبوو.

بەبڕوای چاودێرانی سیاسیی، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە بانگکردنی حسێن شەهرستانیدا بۆ لێپرسینەوە، خۆی بەدوور گرتووە، لەکاتێکدا ئاشتی هەورامی، وەزیـری نەوتی هەرێمو زۆر لە پەرلەمانتارە کـوردەکـان، شەهرستانیو وەزارەتەکەی بە بوونی گەندەڵیی لە گرێبەستە نەوتییەکاندا تۆمەتبار دەکەن.

بایەزید حەسەن لەم بارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی «هەندێکجار پێویست ناکات ئێمە خۆمان شەڕەکە بکەین، لیژنەی نەوتو گاز هەیە، شەڕەکە بە ئەوان دەکەین».

لێپرسینەوە لـە وەزیـرەکـانـی کابینەکەی مالیکی بووەتە گەمەیەکی سیاسیو لیستەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان لێپرسینەوە لە وەزیرەکان دەکەن، یان ناهێڵن وەزیرەکان بانگ بکرێن بۆ پەرلەمان.

بایەزید حەسەن لەبارەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانییەوە دەڵێت «حساب بۆ هەندێک بەرژەوەندیی سیاسیش دەکـەیـن، جـاری وا هەیە (٢) لیست هەن کە لە ئێمەوە نزیکن، ناکرێت ئێمە بە بانگکردنی وەزیرێکیان، بەرژەوەندیی سیاسیمان لەگەڵیاندا تێکبدەین».

وەزیری نەوتی عێراق لە هەردوو رۆژی لێپرسینەوەکەیدا لە پەرلەمان، بەشێوەیەکی قەناعەتپێکەر وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانتارانی دایەوەو ئەو بڕوایەشی لاوازکـرد کە پێشتر باسیان لە لابردنی لە پۆستەکەی دەکرد.

ئەو تۆمەتانەی لە لێپرسینەوەکەدا رووبەڕووی وەزیری نەوت کرانەوە، تایبەت بوون بە هەندێک بەڵێنی وەزارەتی نەوتەوە کە نەیتوانیبوو جێبەجێیان بکات، وەک هەڵکەندنی (٦٠)بیر لە کێڵگەی بەسرە، بەڵام کۆمپانیای رام لە (٢٠٠٦)ەوە نەیتوانیووە جێبەجێی بکات، بەم هۆیەشەوە عێراق زیانێکی مادیی زۆری کردووە.

هەروەها جابر خەلیفە هۆکاری دیارنەمانی بڕێکی نەوتی لە کاتی گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەکانەوە بۆ پاڵێوگەکان لە وەزیری نەوت پرسیوەو وەزیریش هۆکارەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ بارودۆخی ئەمنییو پێوەرەکانی نـەوتو وەرزەکـان کە کاریگەرییان لەسەر کەمبوونەوەی رێژەی نەوتەکە دەبێت.

سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارەی کـە بـۆچـی تـاپـۆی دوو مـوڵـک لە کۆمپانیای (ارض البیروت) نەسەنراوە، لەکاتێکدا لە ساڵی (٢٠٠٧) گرێبەستی لەگەڵ کراوە کە (٣٠)تانکەر بەنزین لە کێڵگەی بێجیەوە بگوێزێتەوە، وەزیری نەوت وەڵامی پەرلەمانتارانی دایەوەو وتی «ئەو کۆمپانیایە (٥٠)ملیۆن دیناری لە بانق خەواندبوو».

لای خۆشییەوە جابر خەلیفە جابر رایگەیاند «چەندین پرسیاری گرنگ لەسەر دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نـەوتو باشترکردنی کەرتی نەوت ئـاڕاسـتـەی شەهرستانی کـراوەو رەخنەی ئەوەشی لێگیرا کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا هیچ پڕۆژەیەکی ستراتیژیی جێبەجێنەکردووە».

جـابـر خـەلـیـفـە جـابـر وتیشی «لێپرسینەوە لە شەهرستانی کۆتایی پێ نەهاتووەو بەردەوامدەبێت».

# چەند داواکارییەو پێشنیازێک بۆ خزمەتکردنی کەمئەندامان

**هاشم غەمگین**



بەهۆی ئەوەی ماوەی دووساڵ لە وڵاتی هۆڵەندا بوومو کەسێکم ساڵانێک لەو وڵاتە نیشتەجێبووم، بە سەرنجدان لەو خزمەتانەی لە هۆڵەندا پێشکەش بە کەمئەندامان دەکرێت، بۆیە بە پێویستم زانی لێرەدا چەند پێشنیازێک بۆ چاککردنی رەوشی کەمئەندامان بخەمەڕوو، هەروەها داواکارییو خواستەکانی کەمئەندامانیش رووبەڕووی حکومەتو پەرلەمانی کوردستان بکەمەوە.

• پێویستە پەرلەمانو حکومەتی هەرێم بڕیارو یاسایەک دەربکات بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بۆئەوەی هەر پرۆژەیەک ئەنجامدرا رەچاوی وەزعی کەمئەندامان بکرێت، بەتایبەتی لە دروستکردنی بازاڕو سۆپەرمارکێتو شۆستەو پارکو شوێنە گشتییەکانو بینا حکومیو ئەهلییەکان، بۆئەوەی ئەو کەمئەندامانەی لەسەر کورسیو عارەبانەن بتوانن وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی سەردانی ئەو شوێنانە بکەنو لە خەمۆکیو دڵتەنگیو گۆشەگیریی ماڵەوە قوتاریان بێت.

• ئەو کەمئەندامانەی تووشی شەلەل بوونو توانای رۆیشتنیان نییەو لەسەر عارەبانەن، پێویستە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵبدات عارەبانەی کارەباییان بۆ دابینبکات، رەنگە رێژەی تووشبووان بەو حاڵەتە هێندە زۆر نەبێت، بۆ کڕینیشی بارگرانیی لە سەر دارایی حکومەت دروست ناکات، بۆ ئەو مەبەستە ئەگەر بیانەوێت بودجەی بۆ دابینبکرێت، دەتوانرێت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا گفتوگۆو گرێبەست بکرێتو بە ئاسانترین شێوە بگاتە کوردستان، بەتایبەتی ئێستا دەبینرێت چەندین وڵات کونسڵگەرییان لە هەولێر هەیە دەتوانن لەوبارەیەوە گفتوگۆ بکەن، لە وڵاتی هۆڵەندا دەزگایەک هەیە بەناوی (Zorg) واتە خزمەت، دەتوانێت سەرجەم کەرەستەو پێداویستییەکانی کەمئەندامان دابینبکات، بە ئەنجامدانو دابینکردنی ئەم ئامێرە زۆر کێشە لە کۆڵ کەمئەندام دەکاتەوەو دەتوانن بێ هاوکاریکردن بۆ هەموو شوێنێک بڕۆن، بەڵام لەو حاڵەتەدا دەبێت وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی هەڵمەتێک بکات بۆ چاککردنەوەی شۆستەکان، چونکە تائێستا ئەو شۆستانەی دروستکراوەو دەکرێت بەتایبەتی لە بازاڕو شوێنە گشتییەکاندا تایبەتمەندێتیی کەمئەندام رەچاونەکراوەو لێکنەدراوەتەوە، لە قەراغی شۆستەکاندا شوێنێک بە قەبارەو پانی عەرەبانەکەی بۆ دروستنەکراوە.

• لە وڵاتە ئەوروپییەکان لە رووی نیشتەجێبوونەوە حکومەت بایەخێکی زۆر بە کەمئەندامان دەدات، ئەو شوقەو خانوانانەی پێیاندەدات بە مواسەفاتو خواستی کەمئەندامان دروستکراوەو هەموو کارئاسانییەکی بۆکراوە، بۆئەوەی بتوانێ خۆی ئەوکارانە ئەنجامبدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خانوانە لە بازاڕو نەخۆشخانەوە نزیکن، لای خۆشمان پێویستە حکومەت لە کارنامەی خۆی هەمان سیستم پەیڕەوبکات.

•لەرووی رایکردنی ئیشوکارەکانی کەمئەندامانەوە، لەگەڵ بوونی هەر کێشەیەکدا، هەر کەمئەندامێک کۆنتاک پێرسنی خۆی هەیە لە شارەوانی ئەو شارەی تیایدا نیشتەجێیە، پەیوەندییو هاتوچۆکردنیان لەنێواندا هەیەو دەتوانێت لەوبارەیەوە پەیوەندیی پێوە بکات، یاخود مەوعیدی لەگەڵدا دروستبکات بۆ وتووێژکردن لەمەڕ داواکارییو کێشەکانی، پاشان ئەویش بە جدیی بەدواداچوون بۆ کێشەکانی دەکاتو بە زووترین کات بە پۆست یاخود لەڕێی پەیوەندیکردن وەڵامو روونکردنەوەی پێویستی کەمئەندامەکە دەدرێتەوە.

• لە رووی مووچەوە لە وڵاتی هۆڵەندا ئەو کەمئەندامانەی کارناکەن سۆشیال یارمەتییان دەداتو مانگانە بڕی (١٢٠٠) هەزارو دووسەد ئیرۆیان پێدەدرێت، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو پارەیە بۆ کرێی خانوو ئاوو کارەباو تەلەفۆنو زەمانی تەندروستی دەڕوات، لانیکەم بڕی (٤٠٠) ئیرۆیان بۆ دەمێنێتەوە بۆ مەسروفاتی خواردەمەنیو جلوبەرگو هتد، بەڵام لە کوردستان حکومەت جگە لە کەمئەندامی سەنگەر، مووچەیەکی کەم دەدات بە کەمئەندامان، کە بەشی بژێویی هەفتەیەکیان ناکات، بۆیە پێویستە پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران بەو مووچەیەدا بچێتەوەو بۆیان زیادبکات.

• جگە پارەی سۆشیال، ساڵانە کەمئەندامان لەلایەن سۆشیالەوە بڕێک پارەیان پێدەدرێت بۆ گەشتوگوزارو حەوانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەمئەندامانەی هەردوو قاچیان لەدەستداوەو توانای رۆیشتنیان نییەو لەسەر کورسیو عارەبانەن، دوو کەسیان بۆ تەرخانکراوە بۆ خزمەتکردنیانو سۆشیال مووچەیەکی زۆریان پێدەداتو لەو روانگەیەوە ئەو کەسانە مەشقو راهێنانیان پێکراوەو شارەزایی تەوایان هەیە لەسەر چۆنێتیی خزمەتکردنی کەمئەندامان.

• بەپێی یاساو رێساکانی ئەوروپا، کەمئەندام بۆی هەیە لە هەموو شوێنێکدا کاربکات، ئەگەر بیەوێتو توانای کارکردنی هەبێت، شارەوانی هەوڵی دۆزینەوەی کاری بۆ دەدات، بەڵام لە کوردستان هەلی کارکردن بۆ کەمئەندامان نەڕەخساوە.

• لە هۆڵەندا ئۆتۆمبیلو تاکسی تایبەت بە کەمئەندامان هەیە، ئەگەر هەر کەمئەندامێک کارێکی هەبێت یان بیەوێت بۆ شوێنێک بۆ لای کەسێکی یان بۆ چێشتخانەیەک بڕوات، لەڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندیی بەو شەریکەیەوە دەکاتو کاتی چوونو هاتنەوەی بۆ دیاریدەکات، پاشان ئەدرەسی لێ وەردەگیرێتو ئۆتۆمبیل لەکاتی خۆیدا دەگاتە لایو دەیباتە ئەو شوێنانەی کە دەیەوێت.

زۆر نموونەو شتی دیکە هەیە لەمەڕ بایەخدان بە ژیانو گوزەرانی کەمئەندامان، بەڵام رەنگە جێبەجێکردنیان بەلای حکومەتەوە لە ئێستادا کارێکی قورس بێتو نەشتوانرێت بەزوویی جێبەجێبکرێت، بۆیە ئەم نموونانەی لە سەرەوە باسکراون ئەگەر دیراسە بکرێتو حکومەتو پەرلەمان بیکاتە ئەجێندای پلانو کارکردنی خۆیەوەو هەنگاوی بۆ بنێت، پێموایە کەمئەندامان بە گشتیی دڵخۆش دەکات.

# وەڵامێک بۆ مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکێتی

راگەیاندنی مەڵبەندەکەتان لە ژمارە (٥٠٢٤) لاپەڕە (٥)ی رۆژنامەی کوردستانی نوێدا، روونکردنەوەیەکی سەبارەت بە راپۆرتە هەواڵێکی رۆژنامە بڵاوکردووەتەوە، کە لە هەواڵەکەماندا باسمان لەوەکردبوو بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رێگریی لە پڕۆژەیەکی پارێزگای سلێمانی دەکات، بەڵام بەداخەوە راگەیاندنی مەڵبەندەکەتان بەشێوەیەکی ناشرین وەڵامی داوەتەوەو هەر لە روونکردنەوەکەشتاندا جەختتان لەوەکردووەتەوە کە بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجە قسەی بۆ رۆژنامەکەمان کردووەو زانیاریی لەبارەی ئەو پڕۆژەیەوە داوە بەپەیامنێرەکەمان.

بەپێویستی دەزانین مەڵبەندەکەتانو خوێنەرانی بەڕێزی رۆژنامەکەمان لەوە ئاگاداربکەینەوە، ئەو قسانەی بڵاوکراونەتەوە قسەی بەرپرسی مەڵبەندنو هیچ دەستکاری نەکراوەو لای رۆژنامە پارێزراوەو ئەگەر پێویست بێت دەیخەینەڕوو.

**بەشی ناوخۆ: رۆژنامەی رۆژنامە**

# بۆ وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم

من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە، داواکارم لە وەزارەتی ناوخۆ کە لێکۆڵینەوە بکەن بەرامبەر بە ئەفسەرێکی هاتوچۆ، کە ژمارەی ئۆتومبێلەکەیان (١٢٦) سەنیەو رۆژی یەکشەممە سەعات (١١/٣٠) بەرواری (٢٠٠٩/١١/٨) لە سەرو بانقی رەشید لە سلێمانی ناهەقی بەرامبەر کردم.

کاتێک من وەستابووم دایکم هێنا بۆ مووچە وەرگرتنی (باوکم + برایەکم)، کە هەردووکیان شەهیدن، ئەو ئەفسەرە بەبێ سەرپێچی وەسلێکی بۆ کردم، چوومە پێشەوە قسەم لەگەڵ کردو پێموت لەبەر دایکم وەستاوم مووچەی شەهیدانە وەردەگرێ، ئەویش لە وەڵامدا وتی: شەهید چییە ئێمە قانوون تەتبیق دەکەین. وتم: بۆ قانون رێز لە شەهید ناگرێت؟ وتی: ئێمە رێز لە تۆ ناگرین، نەک شەهیدەکەشت، ئەی خۆ ئێمە جاش نین.

لە هەمانکاتدا چەند سەیارەیەکی دیکە وەستابوو، چونکە سەیارەکەی من تەکسی بوو وەسلەکەی دایە دەستم.

من ئەو پرسیارە لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەم، ئایا شەهید لە کەیەوە ئاوا بێ ڕێز بووە؟ ئەی بۆچی ناتوانن بەرامبەر بەسەیارەی جامڕەش یان سەیارەی دەوڵەمەند قانوون تەتبیق بکەن.

**داواکار**
**بەرهەم رەزا محەممەد عەزیز**
**٠٧٧٠١٥٦٣١٧٢**

**بۆ ناردنی سکاڵا و بۆچوونو پەیامەکانتان پەیوەندی بەم ناونیشانانەوە بکەن:**

**تەلەفون: ٣١٩٢٠٠٥**
e.mail: nawxo.rozhnama@yahoo.com

# ناوی خوێندنگاکان مەگۆڕن، یادگاریمان لەگەڵیاندا هەیە

قوتابخانەی گۆیژەی بنەڕەتیی یەکێکە لەو خوێندنگە دێرینانەی شاری سلێمانی کە چەندین «پۆلە» خوێندکاری چالاکو بە ئەزموونی پێگەیاندووەو ئێستا لە فەرمانگەکاندا کار دەکەن.

دیارە کاتی خۆی کە ناوی ئەم خوێندنگەیە نراوە بەو ناوەوە هەر لە خۆڕا نەبووەو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە شاخی گۆیژە یەکێکە لەو چیا سەربەرزانەی کە نزیک شارەو سەیرانگایەکی دڵڕفێنەو دایم سەوزە، گۆیژ منداڵان تامەزرۆینو پێشئەوەی بڕۆنە بەر خوێندن ئاشنایەتیان لەگەڵیدا هەیە، بۆیە کە باسی خوێندنگەی گۆیژە دەکرێت منداڵ وا هەست دەکات کە دەڕواتە باخێکەوە پڕە لە دار گۆیژە، بۆیە نەدەبوو بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی سلێمانی بیری لە گۆڕینی ناوی ئەم خوێندنگەیە بکردایەتەوەو بیکردایە بە (قەڵای دمدم) کە هەر بۆخۆی ئەم ناوە ناوێکی لێکدراوو زۆر قورسەو لە رووی زمانەوانییەوە تەواو نییەو سەردەمی ئەم ناوە دوورو درێژانە نەماوەو لەگەڵ خوێندنگەی بنەڕەتیدا نایەتەوەو هیچ کەمتر نییە لە (پینەچی بەتام).

بۆیە وا باشترە کە وەزارەتی پەروەردە ناوێک هەڵبژێرێت بۆ قوتابخانەیەکی بنەڕەتیی کە سایکۆلۆجی منداڵان لەبەرچاو بگرێت، نەک کەسێک بێت بە میزاجی پیرانەی خۆی ناوێک دابنێت کە رەنگە ئەو کەسە هەر خەڵکی ئەم شارە نەبێتو ئەوە نەزانێت کە گۆڕینی ناوی قوتابخانەیەک بەرپرسیارێتی مێژوویییەو ناو لە هەندێک جاردا پێناسەو پێوەری ئەو جێگەیەی لەسەر دەکرێت، هەروەها ئاسان نییە کە من لێرەدا بەو بەڕێزانە دەڵێم کە راوێژکارن لە پەروەردە، ئێوە کارتان چییە؟

نابێت ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم خوێندنگەیە دێرینترین خوێندنگەی سلێمانییە کە وەک سمبولی زانستو مەعریفەی شاری لێهاتووە، کەسێک بێتو بە ئارەزووی خۆی ناوەکەی بگۆڕێت.

راستە لە سلێمانیدا ناوەندییەک هەیە ناوی (گۆیژە)یە، بەڵام خۆ ئەمە تازە نییەو نیو سەدەیە ئەم قوتابخانەیە هەیەو دەکرا بکرایە بە گۆیژەی یەکو گۆیژەی دوو.

لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، رەنگە برادەرانی پەروەردەی سلێمانی زۆر بڕوایان بەو ئەرشیفە نەبێت، یان هەر ئەرشیفیان نەبێتو ئاگایان لەو ئەرشیفە جوانەی ئەم خوێندنگەیە نەبێت کە چەند خوێندکارو مامۆستایەک وەستاونو لە پشت سەریانەوە نووسراوە قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتاییو کاتێک ئینسان دەیبینێت یەکسەر بە فلاش باکێک یادگارییەکانی منداڵی لە هزریدا دێنو دەچنو لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە ئاخافتنو گفتوگۆ، جا بە هەر بارێکدا لەم دیاردەیە بڕوانین، دەبینین کە زۆر پێچەوانەی یاساو پرەنسیپە پەروەردەییو فێرکارییەکانە.

هەر بۆیە واپێویستە کە لایەنە بەرپرسەکان لە وەزارەتی پەروەردە سنوورێک دابنێنو بەدواچوونێکی ورد بکەن بۆ کارەکانیان، تا یادگارییو وێنە جوانەکانی منداڵە چاوگەشە خێرلەخۆنەدیوەکانی کورد نەشێوێتو مێژووەکەیان دەستکاریی نەکەنو دواجار بە زیانی قوتابییانو خوێندکارانو پیاوانی دواڕۆژی ئەم نەتەوەیە بکەوێتەوە.

**رزگاری حاجی کەریم**

## زیاتر لە (١٣) هەزار قوربانیی‌و برینداری لێکەوتووەتەوە

# (٨٠٪)ی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان پاکنەکراونەتەوە

**سەنگەر جەمال**

**دوای زیاتر لە (١٣) هەزار قوربانیی‌و بریندارو تێپەڕبوونی (١٨) ساڵ حوکمڕانیی، (٢٠٪)ی ناوچە مینڕێژکراوەکانی کوردستان پاککراونەتەوەو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە تا (١٠) ساڵی دیکەش کوردستان لە مین پاکناکرێتەوە**

هەرچەندە ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتیی کاروباری مین‌و دەزگـای مین کە (دوو فەرمانگەی جیاوازن لە هەولێرو سلێمانی)، ئاماژە بە کەمبوونەوەی قوربانییان‌و بریندارانی مین دەکـەن، بەشێوەیەک کە ئەمساڵ تائێستا نزیکەی (٢٨) قوربانیی هەیەو بە بـەراورد بەساڵانی رابـردوو کەمترە، چونکە ساڵی رابـردوو (٨٤) قوربانیی‌و بریندار هەبووە، بەڵام ئەوانە ئاماژەن بۆ هەوڵەکان بە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان، نەک کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی مین.

## زۆریی قوربانییەکان

لـە سـاڵـی (١٩٩١)ەوە تائێستا نزیکەی(١٣٥٠٠) قوربانیی مین هەیە لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا، لەو ڕێژەیەش (٧) هەزاریان گیانیانلەدەستداوەو ئەوەی دیکەشی بریندارو کەمئەندامبوون‌و بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە.

میروان ئەحمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن‌و پەیوەندییە گشتییەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری مین لە سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات؛ هەفتەی رابردوو کارمەندێکی کۆمپانیایەکی هەڵگرتنەوەی مین لەکاتی کاردا برینداربووەو قاچی لەدەستداوە، بەڵام ڕوونیدەکاتەوە کە بەراورد بە ساڵانی رابردوو ڕێژەی قوربانییان کەمیکردووەو وتی: «لە سنووری سلێمانی‌و گەرمیاندا کەمتر لە (٢٠) حاڵەت هەبووە، کە (٣)یان گیانیانلەدەستداوە، کەمبوونەوەی ئەو ڕێژەیەش بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان دەگەڕێتەوە لەلایەن تیمەکانمانەوە».

## ٨٠٪ی ناوچەکان پاکنەکراونەتەوە

هەرچەندە (١٨) ساڵە چەند ڕێکخراو و کۆمپانیایەک‌و دواتریش حکومەتی هەرێم کاری لە هەڵگرتنەوەی میندا کردووە، بەڵام تائێستا (٨٠٪)ی رووبـەرە پیسبووەکان پاکنەکراونەتەوە.

میروان نکوڵی لەوە ناکات، کە لە چەند ساڵی رابردوودا ڕێژەیەکی کەمی ناوچە مینڕێژکراوەکان پاککراونەتەوە، بەڵام ڕوونیدەکاتەوە، کە کەمیی کادیرو بودجەو ئامێرو ڕێگرییەکان هۆکاربوون‌و وتی: «تاساڵی (١٩٩٥) تەنیا ڕێکخراوی (ئێم ئەی جی) کاریکردووە، دوای ئەویش چەند ڕێکخراو و کۆمپانیایەک ئیشیانکردووە، کە وەک پێویست نەبووە، لەساڵی (١٩٩٧–٢٠٠٣) ڕێکخراوی یوئێن لەڕێی یونێپسەوە کاری پاکسازیی مینی کردووەو لەو ڕێیەوە ستافی زۆر باشی کوردی پەروەردەبوون‌و سوودمان لێوەرگرتن». ئەو باس لەوە دەکـات، کە سەرجەمی ئەو ڕێکخراو و کۆمپانیایانە هێندەی حکومەت لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە کاریان نەکردووە، وتیشی: «سەرەتا ڕۆتین زۆربوو زۆرێک لەو ساڵانە وەک پێویست کارنەکراوە، حکومەتی عێراقی زۆر ڕێی نـەدەدا، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٥) کە حکومەتی هەرێم خۆی کارەکەی گرتە ئەستۆ لەڕێی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری مین لە سلێمانی‌و دەزگای مین لە هەولێر بـەراوردی کارەکان بکەین، پێنج هێندەی رابردوو کارمان کردووە بە بودجەیەکی زۆر کەمتر».

ڕێگریی‌و کەموکوڕییەکان بەشێکن لە پاساوی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مانەوەی ئەو ناوچانە وەک خۆی.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنەکەی کاروباری مین، ئاماژە بە ڕێگرییەکان دەکـات‌و دەڵێت: «لەمانگی تشرینی یەکەمدا بودجەی (٢٠٠٩)مـان بۆ تەسدیقکراوە، ئەوەش ئیشەکانی ڕاگرتووە، چونکە ئێمە لەڕێی تەندەرینەوە کاردەکەین‌و لەو وادەیەوە دەستبەکار دەکـرێـت لە ناوچەکاندا، جگە لەوە ناوچەکان شاخاوین، ئەوەش کارەکانی قورسکردووە، هەروەک هەندێک لە کێڵگەکان شێوێنراون، ڕێگریی دیکەش زۆرە، وەک کەمیی بـودجـەو کەمیی کارمەندو ئامێر».

## هێشتا دوو ئیدارەییە

لـەمـاوەی رابــردوودا دوو ئامێری پێشکەوتوو بۆ دیاریکردن‌و جیاکردنەوەی مینی دژە مرۆڤ‌و تانک بۆ دەزگای مینی هەولێرو دهـۆک تەرخانکراوە، بەڵام هیچ ئامێرێکی هاوشێوە بۆ سلێمانی نەکڕدراوە، ئەوە لەکاتێکدایە زۆرترین ڕێـژەی مین لـە سـنـووری پارێزگای سلێمانیدایە، بەتایبەت پێنجوێن‌و شارباژێڕ، بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتییەکەش ئەوە بۆ یەکنەگرتنەوەی فەرمانگەکان دەگەڕێننەوە، لەکاتێکدا کە لەساڵی (٢٠٠٦)ەوە کابینەی یەکگرتوو (ئیدارەی هەولێرو سلێمانی) پێکهێنراوە.

میروان ئەحمەد، لەوبارەیەوە وتی: «چەند ئامێرێکمان لە وڵاتی ئەڵمانیا کڕیوە بە هیواین بەمنزیکانە بگاتە دەستمان کە ئامێری باشن، ئەو ئامێرانەشی بۆ هەولێرو دهۆک کڕدراون زۆر پێشکەوتوون، بەڵام زۆر گرانن. جیاوازیی ئەو ئامێرانەش ئەوەیە کە ئەوەی هەولێر توانای زیاترەو مین لە کانزاکانی دیکە جیا دەکاتەوە»، باسی لە گرانیی نرخی ئەو ئامێرەش کرد، کە وەک خۆی دەڵێت، دەتوانن بەو (٥٠) هـەزار دۆلارە (٥) ئامێری دیکە بکڕن، بەڵام وتیشی: «سوپاسی حکومەت‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین ئەگەر ئەوەشمان بۆ بکڕن، هەرچەندە تەقسیریی نەکراوە لە کڕینی ئامێر، بەڵام ئـەوەش بۆ زۆر ناوچە پێویستە وەک پێنجوێن، کە خودی شاخەکانی ئاسنی تێدایە».

ئـەوەشـی خـسـتـەڕوو کـە دەزگـاو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی مین لە هەولێرو سلێمانی یەکیان نـەگـرتـووەتـەوە کە هۆکارێکی کەم پاکردنەوەی ناوچەکان‌و جیاوازیی ئامێرەکانە، وتی: «هەرچەندە ئێمە ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە دەزگا یەکبگرێتەوەو پرۆژەیاسایەکیش هەیە لە پەرلەمان کە دەزگـای مین لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری مین یەکبگرێتەوە بۆئەوەی دەزگایەکی گشتگیر لە کوردستان کارەکان بکات، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوەو ڕەنگە هۆکارێکیش بێت بۆ پاکسازیی مین لە کوردستان، کە تائێستا ئەو دوو دەزگا گەورەیە یەکیان نەگرتووەتەوە، جگەلەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەر لایەنەی داواکارییەک بکات بۆ سنووری خۆی‌و کارەکانیان یەکسان نییە، ناشزانین هۆکاری یەکنەگرتنەوەکە چییە».

## (١٠) ساڵی دیکەش کوردستان پاکناکرێتەوە

بەپێی ڕێکەوتننامەی ئـۆتـاوا، کە ڕێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتییەو (١٥٦) وڵات ئیمزای لەسەر دەکەن‌و کوردستانیش ئیمزای کـردووە، دەبێت لەماوەی (١٠) ساڵدا ئەو وڵاتانەی خاکەکەیان لە مین پاکبکرێتەوەو ئەو مینە عەمبارکراوانەش ئەگەر هەیانبێت لەناو ببرێن، بەڵام بەپێی وتەی بەرپرسان کوردستان تا ئەو کاتە لە مین پاکناکرێتەوەو ئـەوەش ترسی قوربانیدانی زیاتر کردووە.

میروان ئەحمەد ڕوونـیـکـردەوە، کە ئیمزاکردنەکەیان لەساڵی (٢٠٠٨)ەوە کەوتووەتە بـواری جێبەجێکردنەوەو بەوپێیە دەبێت لەساڵی (٢٠١٨) کوردستان لە مین پاکبکرێتەوە، بـەڵام ڕایگەیاند: ناتوانرێت «لەو بـەرواره کوردستان لە مین پاکبکرێتەوە، ئەوەش بەهۆی کەمیی تواناکان‌و زۆریی ڕێگرییەکانی بەردەممان، لـە کـۆبـوونـەوەکـانـی دیـکـەدا داوای درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە دەکەین».



> **عێراق یەکێکە لە پێنج وڵاتەکەی پیسبوو بە مین کە زۆرترین ڕێژەی مینی تێدایە، بەپێی ئامارو داتای لایەنە پەیوەندیدارو ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانیش لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا نزیکەی (٥) هەزار ناوچەی کوردستان (٣) هەزارو (٩٠٠) کێڵگەی مینی تێدابووە، کە رووبەرەکەی نزیکەی (٨٥٠)کم دووجایەو پشکی شێر بەر کوردستان‌و بەتایبەت سلێمانی کەوتووە، نزیکەی (٧) ملیۆن مین لەو رووبەرەدا چێنراوە، کە تائێستا نزیکەی (٢٠٪)ی ئەو ڕێژەیە پاککراونەتەوە**

# کوردەکانی دەرەوە تەرمەکانیان دەنێرنەوە بۆ هەرێمی کوردستان

**ستارە عارف**

**گروپێک لە کوردەکانی دانیشتووی ئەوروپا سندووقێک بەناوی سندووقی هاوبەشی دابینکردنی خەرجیی ناردنەوەی تەرم بۆ کوردستان، دروستدەکەن‌و ڕایدەگەیەنن هەتا دەزگایەکی فەرمیی ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆی، سندووقی هاوبەش ئەم ئەرکە بەڕێوەدەبات.**

هـاوژیـن عەلی سابیر، بەرپرسی سندووقەکە لە سویسرا، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەبەرئەوەی لە رابــردوودا لەنێو کوردانی تاراوگەدا حاڵەتی مردن ڕوویــداوەو لە داهاتووشدا بـەردەوام دەبێت، بۆیە گرنگە بەمەبەستی ناردنەوەی تەرمەکانیان بۆ کوردستان سندووقێکی هاوبەش پێکبهێنرێت‌و ئـەوانـەش کە سوودمەند دەبن لێی لە ڕێگەی ئابوونەوە بەشداریی لە سندوقەکەدا دەکەن».

بە وتەی هاوژین عەلی ئەرکی سندوقەکە دابینکردنی خەرجیی ناردنەوەی ڕووفاتی کەسی کۆچکردووە بۆ خاکی وڵات‌و هیچ ئەرک‌و کۆمەکێکی دیکەی وەک دابینکردنی خەرجیی سەفەرو ڕێگای ئەو کەسەی لەگەڵ تەرمەکە دەگەڕێتەوە، ناکات.

خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهۆی کاریگەریی ئایین بەسەریانەوە زۆر گرنگی بە ناشتنی مردوو دەدەن، ئەمەش وایـکـردووە کە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان‌و قەزاو ناحیەکانیاندا موڵکێکی زۆر بۆ گۆڕستان تەرخانکراوە.

شوان ڕەشید، توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە؛ تائێستا لەناو خەڵکدا ڕێزگرتن لە بۆنەی پرسەو گۆڕی مردوو ماوە، بۆیە بە بڕوای ئەو توێژەرە هێنانەوەی تەرمی کوردانی نیشتەجێی ئەوروپا، هەرچەندە لە کوردستان گۆڕستانەکانیش پڕبن، بەڵام تەرمەکە دەهێننەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئیدی ئەوە کێشە نابێت کە شوێن مابێت یان نا، بەڵکو لەوانەیە زەویشی بۆ بکڕدرێت، بەتایبەتی کە لەناو ئیسلامدا ڕێز زۆر لە مردوو دەگیرێت.

دەستەی ئەم سندوقە کە لە (٣) کەس پێکهاتووە، دامودەزگاکانی حکومەتی عـێـراق‌و هەرێمیش ئاگاداردەکەنەوە کۆمەکی پێویست بەم سندووقە بکەن‌و لە ئایندەشدا حکومەت خۆی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

هاوژین عەلی ئاماژەی بەوەشکرد؛ لە ڕووی یاسایی‌و ویژدانییەوە دەستەکە لە کاری سندووقەکە بەرپرسیار دەبن‌و ئیشوکارەکانی دەگرنە ئەستۆو هەر سێ مانگ جارێک دەستی خەرجی‌و پاشەکەوتی لەبەردەم ڕاگەیاندنەکاندا ئاشکرا دەکات، هەتا ئەوکاتەی دەزگایەکی فەرمیی حکومیی ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ.

تا پێش پڕۆسەی ئـازادیـی عێراق مانگانە کوردانی دەرەوە وەک کۆمەک پارەیان دەناردەوە بۆ منداڵانی هەڵەبجەو خەڵکانی نەخۆش، بەڵام لە ئێستادا پارە بۆ ئەو سندووقە تەرخاندەکەن.

بە بڕوای شوان ڕەشید ژمارەی ئەو کوردانەی لە دەرەوەن بە بەراورد بەوانەی ناوخۆ، کەمن‌و ئەو حاڵەتانەش زۆر کەمن کە تەرمی مردوو بهێنرێتەوە بۆ وڵات، بۆیە نابێتە کێشەو لەوانەیە گوزارشت لە بۆچوون‌و خواستی زۆر کەس بکات.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە بە باشی دەزانی لە شوێنی ئەو سندووقە، کۆمەک بۆ منداڵی نەخۆش‌و کەمدەرامەت لە هەرێمی کوردستان لە سندووقێکدا کۆبکرایەتەوە.

# شارەوانیی سلێمانی، ئەندامی ئەنجومەن‌و مافناس‌و ئەندازیاری کشتوکاڵی بۆ خولی پاککردنەوەی خۆڵ‌و خاشاک دەنێرێتە دەرەوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

شارەوانیی سلێمانی داوا لە وەزارەتی شارەوانی دەکات ڕەزامەندیی دەرببڕێت بۆ ناردنەدەرەوەی حەوت کەس لە ستافی شارەوانی بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان لەسەر کارگەی پاککردنەوەی خۆڵ‌و خاشاک. لەناو ئەوکەسانەدا ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی‌و مافناسێک‌و ئەندازیارێکی کشتوکاڵی هەن.

لەو نووسراوەدا، شارەوانیی سلێمانی داوا لە وەزارەتی شارەوانییەکان دەکات کە ڕەزامەندیی دەربڕێت لەسەر ئیفادکردنی (٧) فەرمانبەر بۆ وڵاتی ئیتاڵیا، بەمەبەستی بینینی خول‌و ڕاهێنان لەسەر ئەو کارگانەی کۆمپانیای (W.B.G GLOBAL RECYCLINE)ی ئیتاڵی دەیهێنێت، بۆ چارەسەرکردنی خۆڵ‌و خاشاکی شاری سلێمانی‌و ئیفادەکە (١٥) ڕۆژە.

فەرمانبەرەکان پێکهاتوون لە هەریەک لە (نامیق ئیسماعیل ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی، ڕزگار ئەحمەد حسێن، لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاریی، فوئاد ئەنوەر ڕەفیق، مافناس، ئەحمەد ڕەشید عارف، ئەندازیاری کشتوکاڵ، سامان مەحمود محەمەد، ئەندازیار، ڕێبین جەمیل محەمەد، ئەندازیار، ئاراس عەبدولمەجید حسێن، ئەندازیار).

سەرچاوەیەکی تایبەت لە شارەوانیی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو کەسانە هیچ پەیوەندییەکیان بە کارگەی بەکارهێنانەوە (ریسایکلین)ی خۆڵ‌و خاشاکەوە نییە».

لەم بارەیەوە عومەر مەحوی، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی، بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەڵێ ئەوانە سەرپەرشتیاریی ئەو ئیشە دەکەن، ئەوەی کە خزمەتگوزارییە، ئەوەی لە پرۆژەکاندا ئیشیکردووە، خەڵکێکی تێدا نییە کە پەیوەندیی نەبێت بەسەر ئەو پرۆژەیەوە».

لەبارەی ئیفادەکردنی مافناسەکەوە، سەرۆکی شارەوانی ئاماژەی بەوەکرد؛ لەبەرئەوە ئیفاد دەکرێت پەیوەندیی بە گرێبەستەوە هەیە، لەکاتێکدا لە نووسراوەکەدا باسی گرێبەست نەکراوەو باسی بینینی خول‌و ڕاهێنان کراوە لەسەر کارگەکان.

سەرچاوە تایبەتەکەی شارەوانیش ئاشکرای دەکات، کە بەهیچ شێوەیەک ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی پەیوەندیی بە کارگەی ریسایکلینەوە نییەو ئەندازیار (سامان مەحمود محەمەد) تەنیا لە ئەمساڵدا سێجار نێردراوەتە دەرەوەی وڵات.

هەروەها لەبارەی ئەندازیارەکانەوە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی هۆکاری ئیفادکردنەکەیان دەگێڕێتەوە بۆئەوەی «ئەندازیاری مەدەنین‌و ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیاری کارگەکە دەکەن». لەکاتێکدا ئەحمەد ڕەشید عارف، ئەندازیاری کشتوکاڵە، نەک ئەندازیاری مەدەنی.

عومەر مەحوی باس لەوەدەکات، کە شارەوانی زەوی بۆ ئەو پرۆژەیە دیاریدەکات‌و خۆڵ‌و خاشاکیشی بۆ دەگوازێتەوەو ئەو فەرمانبەرانەش کارمەندی شارەوانین‌و بۆ ئاگاداربوون لە ئیشەکان سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکەن.

خاوەنی یەکێک لە کۆمپانیاکانی بواری خزمەتگوزاریی پاککردنەوەی خۆڵ‌و خاشاک، کە نەیویست ناوی بهێنرێت، جەختی لەوە کردەوە، کە «کارگەی ریسایکلینی خۆڵ‌و خاشاک پێویستی بە ئەندازیاری میکانیک‌و کارەبا هەیە، نەک ئەندازیاری مەدەنی‌و کشتوکاڵ».


بۆ / وەزارەتی شارەوانی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی

بابەت / ڕەزامەندی

(W.B.G GLOBAL RECYCLINE)

| ناو | ناونیشان |
| --- | --- |
| ١. نامق اسماعيل احمد | ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی |
| ٢. رزگار احمد حسين | ل. بەشی خزمەتگوزاری |
| ٣. فؤاد نور رفيق | مافناس |
| ٤. احمد رشيد عارف | ئەندازیاری کشتوکاڵی |
| ٥. سامان محمود محمد | ئەندازیار |
| ٦. ريبين جميل محمد | ئەندازیار |
| ٧. ئاراس عبدالمجيد حسين | ئەندازیار |

عمر محمد محوی
سەرۆکی شارەوانی سلێمانی

# پێشانگای (DBX)ی نێودەوڵەتیی بەرەو بازاڕێکی ناوخۆیی دەڕوات

**نیان مەجید**

پێشانگای DBXی نێودەوڵەتیی لە سلێمانی کە ڕۆژی (١١/١٤) دوای (٥) ڕۆژ لە نمایشی کاڵاکانی، کۆتایی بە کارەکانی هێنا، بەهۆی بەشداریی کەمی کۆمپانیا گەورەکانەوە، نەیتوانی ببێتە جێگەی ڕەزامەندیی ئامادەبووانی‌و ڕۆڵی بازاڕێکی ناوخۆیی دەبینی.

بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا بەشداربووەکانی پێشانگاکە گرێبەستیان لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نەکردو پێشانگای ئەمساڵیان وەک بازاڕێکی ئاسایی بینی، کە هەر خەڵکی ئاسایی ڕووی تێدەکات‌و کەسانی شارەزاو خاوەنکارەکان نەڕۆیشتوون بۆ پێشانگاکە.

ئارام محەمەد کە کارمەندێکی کۆمپانیای کۆمۆنیکەیشن بوو، لەبارەی پێشەنگاکەوە بۆ ڕۆژنامە وتی «ئەم پێشانگایە ڕۆڵی خۆی لەدەستداوەو وەک بازاڕێکی ئاساییە، نەک وەک پێشانگایەکی نێودەوڵەتیی».

کۆمپانیای کۆمۆنیکەیشن تایبەتە بە ئامێری تەکنۆلۆژیای نوێ‌و پەیوەندییە گشتییەکان‌و ئینتەرنێت‌و تەلەفۆن‌و تەلەفزیۆن، بەڵام ئەم تەکنەلۆژیایە سەرنجی هیچ کۆمپانیایەکی ناوخۆیی یان حکومەتی ڕانەکێشاو هیچ ڕێککەوتن‌و گرێبەستێکی لەگەڵ هیچ لایەنێکدا ئیمزا نەکرد.

لەبەرامبەردا ماجد میشێل فوئاد، جێگری بەڕێوبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە عێراق بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەو پێشانگاکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، پێشانگای ئەمساڵ لە بواری بیناسازیی‌و بەڵێندەرایەتی‌و بوارەکانی دیکەی وەک ئامێرە کارەبایی‌و ناوماڵییەکان‌و زۆر بواری دیکەی خوێندن‌و ئامێرە پێشکەوتووەکاندا بووەو (٨٥) کۆمپانیا گرێبەستیان ئیمزاکردووە.

لە پێشانگای DBXی نێودەوڵەتیی لە سلێمانی، (٢٢٢)کۆمپانیا بەشداربوون کە (٧٠)کۆمپانیایان ناوخۆیی‌و (٧٥)کۆمپانیایان ئێرانی‌و (٥٠)کۆمپانیایان عێراقی‌و (٢٥)کۆمپانیایان عەرەبی بوون، چەند کۆمپانیایەکیش لە وڵاتانی دیکەی وەک ئەمریکاو سویدو یابان‌و هۆڵەنداو تورکیاوە هاتبوون.



# سلێمانی زەرەرمەندی یەکەمە لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا

شارا عەبدولڕەحمان



ڕێژەی زیادکراوی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا زۆر کەمەو بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم تەنیا (٣) کورسی زیادکراوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بۆ (١٥) پارێزگاکەی دیکەی عێراق (٧٤) کورسی زیادکراوە.

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاشکرایکرد ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی داهاتووی نوێنەرانی عێراق (٣٢٣) کورسی دەبێتو بۆ هەر (١٠٠) هەزار هاوڵاتییەکی عێراقی نوێنەرێک لە پەرلەماندا دادەنرێتو بۆ زیادکردنی کورسییەکانیش پشت بە فۆرمی خۆراکی دانیشتووان دەبەسترێت.

بەپێی دواهەمین راگەیەنراوی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لە زیادکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، پارێزگای بەغدا ژمارەی کورسییەکانی لە (٥٩) کورسییەوە دەبێتە (٦٨) کورسیو پارێزگای بەسرە لە (١٦) کورسییەوە بووەتە (٢٤) کورسیو پارێزگای موسڵ لە (١٩) کورسییەوە بووەتە (٣١) کورسی، بەهەمانشێوە بۆ پارێزگاکانی دیکەی ناوەڕاستو باشووری عێراق.

بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا تەنیا (٣) کورسی زیادکراوەو پارێزگای هەولێر لە (١٣) کورسییەوە بووەتە (١٤) کورسیو پارێزگای دهۆک لە (٧) کورسییەوە بووەتە (٩) کورسیو پارێزگای سلێمانییش وەک خۆی (١٥) کورسی بەردەکەوێت، کە ئەمە بەپێچەوانەی زیادکردنی سروشتی ڕێژەی دانیشتووانە لە هەرێمدا.

مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی، سەبارەت بە زیادکردنی ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانو بەتایبەتبیش پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «سلێمانی کە (١٥) کورسی بۆ دانراوە بۆ (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەس دانراوە، لەکاتێکدا دانیشتووانی سلێمانی (١) ملیۆنو (٦٣٥) هەزارو (١٩٣) کەسە، لەبەرئەوە پێویستە پێداچوونەوە بە ژمارەی فۆرمی خۆراکەکاندا بکرێتو بە وردیو بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم کورسییەکان دیاریبکرێت.

بەهۆی نەبوونی سەرژمێرییەکی دروست لە عێراقدا، ناتوانرێت ڕێژەی دانیشتووانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق وەک خۆی بزانرێت، ئەمەش کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ناچاردەکات پشت بە فۆرمی خۆراک ببەستێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی دانیشتووان.

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو کە لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی باشبوونی گوزەرانی هاوڵاتییان، ژمارەیەک لە خێزانەکان فۆرمی خۆراک نوێ ناکەنەوە، یان ناچن بۆ وەرگرتنی خۆراکەکانیان، یاخود لەکاتی زیادکردنی ئەندامێکی خێزانەکانیان (وەک منداڵبوون) فۆرمی خۆراکی بۆ دەرناکەن، وتیشی: «ئەمەش کێشەی گەورە دروستدەکات، چونکە فۆرمی خۆراک بۆ زۆر شت پشتی پێدەبەسترێت، بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، هەرچەند ئێمە بەردەوام هۆشداریمان داوەتە هاوڵاتییان، بەڵام لەو ڕووەوە هاوکاریی ناکەن».

هاوکات مەحمود عوسمان بەپێویستیشی زانی کە حکومەتی هەرێم لەسەر کەمیی زیادکردنی ڕێژەی کورسییەکانی هەرێمو زۆریی زیادکردنی کورسی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بێدەنگ نەبێتو هەڵوێستی هەبێتو وتی: «پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بەدواداچوون بکەنو ڕاستییەکان ساغ بکەنەوە، تاکو ڕێژەی دانیشتووانی هەرێم بچێتەوە جێگەی خۆی».

لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیای خۆراکی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لەچەند رۆژی رابردوودا ژمارەی دانیشتووانی خۆیان داوەتە وەفدی وەزارەتی بازرگانی عێراق، بەڵام ئەو ڕێژەیەی کە لەو وەزارەتەوە ئاشکراکراوە دروست نییەو کەمترە لەو ڕێژەیەی کە کۆمپانیاکانی خۆراک پێیداون.

بەیان ئەحمەد محەمەد، بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوڵەی خۆراکی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: هەفتەی رابردوو کە وەفدی وەزارەتی بازرگانی عێراق هاتن ئێمە دواهەمین ڕێژەی فۆرمی خۆراکی دانیشتووانمان دانێ، کە (١) ملیۆنو (٦٣٥) هەزارو (١٩٣) کەسە، لەکاتێکدا لەساڵی (٢٠٠٥)دا (١) ملیۆنو (٥٠٠) هەزار کەس بووین، بەوپێیەش لەمساڵدا (٧٧) هەزار کەسمان زیادیکردووە، بەڵام لە وەزارەتی بازرگانی عێراق هەر ڕێژەکەی ساڵی (٢٠٠٥) هەژمارکراوە».

وەزارەتی بازرگانی عێراق ئاماژە بەوەدەکات؛ کە ڕێژەی دانیشتووانی عێراق بەپێی فۆرمی خۆراک وەک ئەوەی لەئێستادا راگەیەنراوە دروستەو ڕێژەی کەمیی زیادکردنی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی کەمیی خستنەوەی منداڵە لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

سوەیبە زەنگەنە، بریکاری وەزارەتی بازرگانی عێراق، لەم بارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «بەهۆی هۆشیاریو ڕۆشنبیریی دانیشتووانی هەرێمەوە، لەچەند ساڵی رابردوودا خێزانە کوردەکان ڕێژەیەکی کەمیان لە منداڵ خستووەتەوە، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، کە خێزانی وا هەیە زیاتر لە (٨) منداڵی هەیەو خێزانی وا هەیە (١٢) کەسن».

لەبەرامبەر کەمیی وەچە خستنەوە لە خێزانەکانی هەرێمی کوردستاندا، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە تەقینەوەو کردەوە تیرۆرستییەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاستو خواررووی عێراقدا، پێچەوانەی ئەو ڕێژە بەرزەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، کە بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاستو خواررووی عێراق دانراوە.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رایگەیاند: «کۆمسیۆن تۆماری (٢٠٠٧ – ٢٠٠٨)ی نوێکردووەتەوەو جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ تۆماری ساڵی (٢٠٠٩)دا، کە ژمارەکانی ناسروشتیو نامەنتقین.

حەیدەری ئاشکراشی کرد، کە ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای موسڵ لە (١) ملیۆنو (٩٠٠) هەزار دەنگدەرەوە بووەتە (٣) ملیۆنو (٣٠٠) هەزارو شارەکانی هەرێمی کوردستانیش دهۆک دوو کورسیو هەولێر کورسییەکی زیادکردووەو سلێمانیش بەپێی تۆماری ساڵی (٢٠٠٧)ی کۆمسیۆن (١) ملیۆنو (٦٠٠) هەزار دەنگدەری هەیەو دەبوایە (١٦) کورسی بۆ تەرخان بکرایە، بەڵام کورسییەکی لێ کەمکراوەتەوە.

یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە پەرلەمان پەسەندکرا، بەڵام نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق کەمتەرخەمبوون لەبەرامبەر ئەو کورسیانەی کە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاریدەکرێت.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد، کە پێش چەند رۆژێک لە راگەیاندنی ژمارەی کورسییەکان، نوێنەری وەزارەتی بازرگانی عێراق لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبووەتەوەو لە مەترسیی کەمیی کورسییەکانی کورد ئاگاداری کردونەتەوە، بەڵام ئەوان کەمتەرخەمبوون.

سەرچاوەکە بەرپرسیارێتیی ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە دەخاتە ئەستۆی نوێنەرانی کورد لە بەغداو وتی: «کێشەکە سیاسییەو لەوە گەورەترە کە وەزارەتی بازرگانی چارەسەری بکات».

کێشەی کەمکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هێشتا نەگەیشتووە بە بنبەستو قاسم عەبودی، سەرۆکی بازنەی هەڵبژاردنەکانی کۆمسیۆنی باڵا، ئاماژە بەوە دەکات؛ «ئەگەر قەوارە سیاسییەکان یان دەنگدەران لەو ڕووەوە کێشەیەک دەبینن، دەتوانن سکاڵا پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمسیارانی سەر بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بکەنو ئەنجومەنیش بڕیاری خۆی دەدات، تەنانەت ئەوکاتەش دەزگای دادوەریی دەتوانێت ڤیتۆ ئاراستەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی کۆمسیاران بکات».

لەلایەکی ترەوە رۆژی (٢٠٠٩/١١/١٥) پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنێکی نائاساییدا گفتوگۆی دەربارەی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقو زیادبوونی ناسروشتیی دەنگدەران بەپێی راگەیاندنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کردو سەرۆکی پەرلەمان د. کەمال کەرکوکی ئاماژەی بەوەکرد کە نامەیەکی ئاراستەی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق کردووەو تێیدا داوای لێکردوە کە کاربکات بۆئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دووبارە پێداچوونەوەبەمادەی(١)ی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکاندا بکەنەوە کەباس لەوەدەکات بۆ هەر (١٠٠)هەزار هاوڵاتییەک کورسیەکە بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانیو ڕێژەی (٥٪)ی ژمارەی کورسییەکان بۆ قەرەبووەو لەو ڕێژەیەش کورسی کۆتاکان دەدرێت، کەئەم ڕێژەیە زیاد بکرێت بۆ (١٨٪)ی کورسییەکان، هاوکات بەهۆی ئەوەی کەسەرژمێریی گشتیی دانیشتوان ئەنجامنەدراوەو ئامارەکان جێی متمانەنین، بۆیە بۆ پاراستنی دادەپەروەریی لەنێوان هەر(١٨) پارێزگاکەی عێراقدا ڕێژەی ٣٪ کەپێوەرێکی پەسەندکراوە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانە بۆ زیادبونی ڕێژەی دانیشتووان لەعیراقدا بکرێت بەبنەمایەک بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی کورسییەکان.

# رۆژانی هەینی پەیوەندیی مۆبایل بە خۆڕایی

بەرهەم عومەر

چەند شارەزایەکی بواری پەیوەندیی، داواکارییەکیان پێشکەشی حکومەتی عێراق کردووە، بۆ ئەوەی داوابکات لە کۆمپانیاکانی تۆڕی مۆبایل کە رۆژانی هەینی نرخی پەیوەندیکردن بە خۆڕایی بێت.

لە نووسراوێکدا کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، هەفتەی رابردوو چەند ئەندازیارو شارەزایەکی بواری تۆڕی مۆبایل، پێشنیازێکیان خستووەتە بەردەم حکومەتی عێراقی کە لەبری ئەو کێشەو کەموکوڕییانەی ئەو کۆمپانیایانە هەیانە لە رۆژانی چاککردنەوەی تۆڕەکانیاندا، هەروەها بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە گەورانەی هاوڵاتییان پێیاندەگات، بە پێویستی دەزانن «رۆژانی هەینی پەیوەندیکردن لە ڕێی تۆڕی مۆبایلو نۆرماڵەوە بە خۆڕایی بێت».

لە نووسراوەکەدا هاتووە: «ئەم داواکارییە بەرزدەکەینەوە بۆ هەموو بەرپرسان لە عێراقدا کە کاربکەن لەسەر بەخۆڕاییکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، وەکو ئاسانترین خەڵاتی کۆمپانیاکان بۆ ئەو هاوڵاتییانەی کە زەرەرمەندی راستەوخۆی خراپیو ناجۆریی تۆڕەکانی مۆبایل بوون».

نائیل سەرکیس بوترس، ئەندازیارو پسپۆڕی بواری تۆڕەکانی مۆبایلو هێڵی نۆرماڵ لە عێراق، رایگەیاند «رۆژی هەینی لە دامودەزگاکاندا دەوامی فەرمیی ناکرێتو هاوڵاتییان پشوو دەدەن، بەشێوەیەک کە بازاڕو ناوچە بازرگانییەکانی عێراق کاری تێدا ناکرێت، هەر بۆیە دەکرێت لەو رۆژەدا ئەو کۆمپانیایانە خەڵاتێکی دیاریکراو پێشکەشی هاوڵاتییان بکەنو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیان بکەنە خۆڕایی».

لە زۆرێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، لە رۆژانی پشووی هەفتەدا پەیوەندیکردن بە مۆبایل بە خۆڕاییە، وەکو وڵاتانی بەریتانیا، فەرەنسا... ئەمەش وەکو قەرەبووکردنێکی ئەو هەڵە تەکنیکیو تەکنەلۆژییانەی کۆمپانیاکان رۆژانە ئەنجامی دەدەنو زیانێکی گەورە بە هاوڵاتییان دەگەیەنن.

ساڵی رابردوو وەزارەتی پەیوەندیو گەیاندنی عێراقی چەند کۆمپانیایەکی تۆڕی مۆبایلو تەلەفۆنی سزادا، لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە بەپێی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵیاندا کراوە خزمەتگوزارییەکانیان بە هاوڵاتییان بگەیەنن لەسەرجەم عێراقداو رۆژانە چەندین گرفت لەنێوان تۆڕەکاندا هەیەو لەنێو شارەکاندا زۆرجار پەیوەندییەکان دەپچڕێنو گرفت بۆ هاوڵاتییان دروست دەبێت.

عەلی دەهوەری، لە تۆڕی پەیوەندی زەین، لەم بارەیەوە رایگەیاند: دەیانەوێت هەموو بەشدارەکانی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە لە هەموو ئەو زیانانەی بەهۆی کێشەی لەناکاوو تەشویشی دەرەکییەوە توشی تۆڕەکانیان دەبێت کە لە دەرەوەی تواناکانی ئەواندایە.

لە بەیاننامەکەدا داواکراوە کە حکومەتی عێراقی داواکەی خۆی بسەپێنێت بەسەر هەموو کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردندا، بەبێ جیاوازی، بۆ ئەوەی رۆژی هەینی بکرێتە رۆژی «پەیوەندیی نیشتمانیی».

جاسم محەمەد خالید، ئەندازیارو تایبەتمەندی بواری (bss) وتی: «زۆرێک لە وڵاتان رۆژانی پشووی هەفتەیان ناو ناوە (رۆژی پەیوەندیی نیشتمانیی)، جگە لەوەی هەندێک کۆمپانیا کارئاسانیی زیاتری کردووەو پەیوەندیکردن بە وڵاتانی دەرەوەی بە نرخێکی هەرزانتر بۆ هاوڵاتییان فەراهەمکردووە».

لە عێراقدا کۆمپانیاکانی (زەین- عێراق، ئاسیاسێل، ئیتیسالۆنا، ئەمنییە، فورات فۆن، کۆڕەک) گرێبەستیان لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا هەیە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تۆڕی مۆبایلو تەلەفۆن، لەکاتێکدا ئێستا چەندین کۆمپانیای تر لە ئامادەسازیدان بۆ ئەوەی لە ئایندەدا مۆڵەتی کارکردن بەدەستبهێنن لە سەرتاسەری عێراقدا.

# به كێ دەڵێن تەكنۆكرات؟!!



مامۆستا ساڵح ژاژڵەیی

**ئەوانەی کە پۆستی باڵا وەردەگرن لە دامودەزگاکانی حکومەتداو دەبنە خاوەنی دەسەڵات و بڕیار لەسەر بنەمای تەکنۆکراتیی، بەو مانایە دێت کە ئەو پۆستەی کە وەریدەگرن لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی و شارەزایی و ئەزموونی چەندین ساڵەیانەو بەری رەنج و ماندووبوونی خۆیان گەیشتوونەتە ئەو شوێنە، نەک لەسەر بنەمای پابەندبوونیانەوە بە حیزبێکی سیاسی و خێریان پێ کرابێت**

زۆرجار گوێبیستی وشەی تەکنۆکرات دەبین کە لەکاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت‌و باسی لێوە دەکرێت، وەکو ئەوەی فلاّنە کەس کەسێکی تەکنۆکراتە یان دەڵێین کابینەکەی دکتۆر بەرهەم سەرکەوتوو دەبێت، چونکە خۆی کەسێکی تەکنۆکراتەو کەسانی تەکنۆکراتیش دەکاتە وەزیرو فەرمانبەری پلەبەرز.

مێژووی بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە هەرێمی کوردستاندا زۆر کۆن نییەو وا تازە بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت‌و زیاتریش وەکو مۆدێل‌و بۆ خەڵەتاندن سوودی لێ وەردەگرن.

ئەگەر سەرنج بدەین ئەوەندەی بەرپرسانی حیزب‌و حکومیی باسی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، خەڵکانی دیکە باسی ئەوە ناکەن‌و لە راستیشدا ئەوانە خۆیان دژی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤن.

من لەو بڕوایەدام تائێستا کەسانێکی زۆر هەن، تەنانەت کە پۆستی باڵای حیزبیی یان حکومییان هەیەو خۆشیان بە کەسانی تەکنۆکرات دەزانن‌و نازانن تەکنۆکرات مانای چییە.

با بزانین بە کێ دەڵێن تەکنۆکرات؟ کەسی تەکنۆکرات یان کەسانی تەکنۆکرات ئەوانەن کە ساڵانی زۆری تەمەنیان لە بوارێک یان چەند بوارێکی کارکردندا بەسەربردووەو تێیدا شارەزان‌و تەواو قاڵبوونەتەوە، لە ئەنجامی ئەو کارکردنە بەردەوامەدا بوونە خاوەنی ئەزموونێکی زۆرو توانایەکی بێ سنوورو دەریایەک لە زانیاریی‌و شارەزاییەکی لە رادەبەدەر، دواجار ئەوانە دەبنە داهێنەرو خاوەنی نەخشەو پلانی پێشکەوتوو و گونجاو بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگە لە بوارە جیاجیاکاندا. کەسانی تەکنۆکرات ئەوانەن کە دەبنە سەرچاوەی زانیاریی‌و مەرجەع بۆ ئەوانەی کە کاریان لەگەڵدا دەکەن‌و هەمیشە پرس‌و رایان پێدەکرێت‌و راوبۆچوون‌و پێشنیازەکانیان بە هەند وەردەگیرێت.

بەبێ بوونی کەسانی شارەزاو تەکنۆکرات هەرگیز کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ناچێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوانەی کە پۆستی باڵا وەردەگرن لە دامودەزگاکانی حکومەتداو دەبنە خاوەنی دەسەڵات‌و بڕیار لەسەر بنەمای تەکنۆکراتیی، بەو مانایە دێت کە ئەو پۆستەی کە وەریدەگرن لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی‌و شارەزایی‌و ئەزموونی چەندین ساڵەیانەو بە بەری رەنج‌و ماندووبوونی خۆیان گەیشتوونەتە ئەو شوێنە، نەک لەسەر بنەمای پابەندبوونیانەوە بە حیزبێکی سیاسی‌و خێریان پێ کرابێت.

لە لایەکی دیکەشەوە مەرج نییە هەرکەسێ بڕوانامەی ئەکادیمی هەبوو پۆستێکی پێ درا ئەوە کەسێکی تەکنۆکراتە، بواری کارکردن‌و ئەزموونی زۆر، باشترین بنەمان بۆ بوون بە تەکنۆکرات.

دەکرێت وەزیرێک تەکنۆکرات نەبێت، چونکە پۆستەکە سیاسییە، بەڵام زۆر گرنگە زۆریش پێویستە کە ئەوانەی پۆستی باڵایان هەیە لە وەزارەتەکەدا تەکنۆکرات بن، چونکە ئەوانە وەزارەتەکە بەڕێوەدەبەن‌و نەخشەو پلانی تایبەتی بۆ دادەنێن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان.

من خۆم لە یادمە ساڵانی پێشوو دەیانوت فلاّنە مەعاونی پۆلیس کەسێکی مەسلەکییە، واتە ئەو کەسە لە پۆلیسی یان مفەوەزییەوە پلە پلە بەرز بووەتەوە تا بووەتە مەعاون، واتە ئەو کەسە تەکنۆکراتە.

زۆرجار گوێم لەوە بووە کە دەڵێن بەڕێز دکتۆر بەرهەم کەسێکی تەکنۆکراتە.

با بزانین بە چ پێوەرێک تەکنۆکراتە؟ هەموومان دەزانین بەڕێزیان لە دەرەوەی وڵات بوون‌و بە بڕیاری تاڵەبانی هێنرایەوەو یەکسەر کرا بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی پێشووی سلێمانی.

با بزانین کارە گرنگەکانی چی بوون کە تەکنۆکراتیمان پێوە دیاربووبێت. لە سەردەمی ئەودا گەشە درا بە بازاڕی ئازاد، بەڵام بازاڕیش یاسای تایبەتی خۆی هەیە.

بازاڕی ئازاد لای ئێمە بە مانای بازاڕی بەرەڵایی‌و هێنانی دەرمان‌و خواردنی بەسەرچوو، هێنانی گڵۆپ بە مەرجی ئەوەی (١٠) سەعات کاربکات، بە مانای هەندێ کەس خێرا ببنە ملیۆنێرو هەندێکی دیکە ببنە هەژار.

تائێستاش حکومەت کرێچییە لەم سنوورەداو سەدان قوتابخانە سێ دەوامی تێدایە، بەڵام لەوکاتەوە سەدان پارچە زەویی لە ناوجەرگەی شاردا بە نرخی رەمزیی دەدرایە کەسانی سەر بە حیزب بە ناوی جوانکردنی شارەوە.

کەرتی تایبەتیش لە شوێنی خۆیدا قەتیس ماو حیزب دەستی گرت بەسەر هەموو بوارەکانی کارکردن‌و بواری هاوردەکردن.

کەواتە تەکنۆکراتییەکەی دکتۆر بەرهەم لە کوێدایەو کام موعجیزەی خولقاندووە کە پێشتر نەبووە.

ئایا لە ئێستادا بەڕێز دکتۆر بەرهەم دەتوانێ خۆی وەزیرەکان دیاریبکات یان حیزب بڕیار دەدات. وەزیر هەن کە لە کابینەی پێشوودا کاریانکردووە گومانیان لە سەرە شەفاف نەبوون، ئێستاش لە کابینەکەی دکتۆر بەرهەمدا دانراونەوە، ئایا ئەمە لەسەر بنەمای تەکنۆکراتییە یان لەسەر بڕیاری حیزبە؟

هەموومان وەڵامی ئەم پرسیارانە دەزانین.

لە بواری پەروەردەدا بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک هەیە حیزبیی نەبێت‌و لەسەر بنەمای بۆئەوەی زیاتر بۆچوونەکانی خۆم بسەلمێنم دوو نموونە دەهێنمەوە بۆ ئەوەی هەمووان تێبگەن.

لە سنووری ئیدارەی پێشووی سلێمانی، ئەگەر بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە یەکێتی نەبێت لە پۆستەکەی لادەبرێت، ئەوە نموونەیە بۆ هەموو بوارەکانی بواری پەروەردەو خوێندنی باڵاو زانکۆکان‌و فەرمانگەکانی دیکەی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

هەر بەهەمانشێوەش لە سنووری پارتی ئەوەی کە سەر بە پارتی نەبێت نابێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە، کەواتە ئەگەر باسی تەکنۆکراتیی بکەیت، مانای وایە فێڵ لە خۆمان دەکەین‌و خۆمان دەخەڵەتێنین.

کاتی خۆی لە سنووری ئیدارەی پێشووی سلێمانی وەزارەتێک هەبوو بە ناوی وەزارەتی پیشەسازیی، مەسرەفی ئەم وەزارەتە بە وەزیرو بریکارو فەرمانبەرو هەموو دامودەزگاکانیەوە مانگانە بە سەدان‌و هەزاران ملیۆن دینار خەرجیان بوو، بە هەموو ئەمانە نەیانتوانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە بەڕێوەبەرن‌و سەرپەرشتی بکەن، رۆژانە دە هەزار تەن بەرهەمی هەبوو، دوایی درایە فاروقی مەلا مستەفا بە ئێجار رۆژانە بە یەک هەزار تەن چیمەنتۆ کە بیداتە حکومەت، بەڵام بەرهەمی رۆژانەی ئێستا لە (٦) هەزار تەن چیمەنتۆ زیاترە.

دەپرسم ئەگەر وەزارەتێک خەڵکانی تەکنۆکرات بەڕێوەی ببەن، چۆن ناتوانن سەرپەرشتی کارگەیەکی چیمەنتۆ بکەن؟ سەیر لەوەدایە ئێستا وەزیری ئەو وەزارەتە خانەنشین کراوەو لە شوێنێکی دیکە وەکو پسپۆڕی شارەزا کارێکی دیکەی پێ دراوە.

فاروقی مەلا مستەفا کارگەی چیمەنتۆی بازیانیشی دامەزراندو کۆمپانیای ئاسیاسێڵی دامەزراندو خاوەنی چەندین پرۆژەی دیکەی گەورەیە.

کەواتە کەسانی ئاوا پێیاندەوترێت تەکنۆکرات‌و دەبێت پۆستی وەزیریی بدرێتە کەسانی ئاواو رێگاشیان پێبدرێت هەر خۆیان فەرمانبەرەکانی وەزارەتەکە دیاری بکەن. بە هەموو ئەوانەی پۆستی باڵایان هەبووە لە ئیدارەی پێشووی سلێمانی بە قەدەر فاروقی مەلا مستەفا عەقڵی تەکنۆکراتییان نەبووە.

ئێستاش بە هەمانشێوە لەکاتی دانانی وەزیرو فەرمانبەری باڵادا حیزب‌و تەکەتولانی ناو حیزب دەبنە خاوەنی بڕیار.

تائێستا بە ملیار دۆلار لە پرۆژەی نیوەناچڵ‌و سەقەتداو لە پرۆژەی وەهمیی بێ بەرهەمدا لەم هەرێمەدا خەرجکراوەو بەفیڕۆ دراوە.

باشترین نموونە ونبوونی (١٧) ملیۆن دۆلار بە ناوی دروستکردنی خانوو، (١٨) ملیۆن دۆلار بە ناوی دروستکردنی وێستگەی کارەباو بە سەدان گەندەڵیی لەوجۆرە کە تائێستا شاراوەتەوە. لەدوایید‌ا دەڵێم ئا ئەمەیە بەرهەمی تەکنۆکراتەکانی هەرێمی کوردستان؟

---




بۆتان ئامێدی

# پاراستنی ئازادیی رۆژنامەنووسان پێویستی بە کردارە

رۆژی (١٢)ی نۆڤەمبەر مایکڵ رۆبنی توێژەر لە پەیمانگای ئینتەرپرایزی ئەمریکی لە نووسینێکدا لە «ناشناڵ ریڤیو» باس لە کارێکی مەترسیدار لە عێراق دەکات.

رۆبن دەنووسێت: مادەی تەقینەوەو چاودێریکردنی بارەگای پۆلیس، یاخود فرۆشتنی کهول لە نەجەف کارێکی مەترسیدارە، «بەڵام وا پێدەچێت لە کوردستانی عێراق بوون بە رۆژنامەنووس لە سەرووی لیستی مەترسیدارەوە بێت.»

مایکڵ رۆبن راست دەکات، بوون بە رۆژنامەنووس لە هەرێمی کوردستان بووەتە کارێکی مەترسیدار بەتایبەتی بەهۆی ئەو ئەدا لاوازەی یەکێتی‌و پارتی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموزی کوردستانی عێراق.

بارودۆخەکەش زیاتر مەترسیدارترە گەر ئۆپۆزسیۆن بێدەنگ بێت‌و لەولاشەوە هێزەکانی ئەمریکا بەرەو کشانەوە برۆن لە کۆتایی ساڵی (٢٠١١).

مەترسییەکەش زیاتر دەرکەوت پاش ئەو لێدانە بەربەرییەی سەر رۆژنامەنووسی تەحقیقی (نەبەز گۆران) سەرنووسەری گۆڤاری جیهان.

ئەو هێرشە، بەربەریانە سووکایەتییە بە ئازادیی‌و مافەکانی مرۆڤ.

نەبەز رۆژنامەنووسێکە، کە ئازایانە بەدوای بڵاوکردنەوەی گەندەڵیی‌و خزمایەتی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات رۆیشتووە.

ئەوەی نەبەز هەیەتی تەنیا قەڵەم‌و کاغەزەکەیەتی.

ئەو خاوەنی هێزی سەربازی نییەو خاوەنی ملیۆنەها دۆلار نییە.

ئەو هیچ هەڕەشەیەکی رێکخراو نییە بۆ حیزبەکانی دەسەڵات، بەڵام لەگەڵ ئەمشەدا پەلامار درا.

ئەوەی ئێمەی زیاتر نیگەران دەکات، ئەو لێدوان‌و نووسینانەی قوباد تاڵەبانییە، کە هەمیشە هەرێمی کوردستان بە « خاوەنی باشترین یاسای رۆژنامەگەری لیبراڵ‌و کۆمەڵگەی مەدەنی پێشکەوتوو» وەسف دەکات.

جەماوەی یەکێتی‌و پارتی لە دوای هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٢)ەوە لە کزبووندایە.

سەرکردەکانی هەردوو پارت تازە لە هەندەران هاتبوونەوە، بەڵام توانای مادییان ئەوەندە زۆربوو دەیانتوانی دەنگ بکڕن‌و گشت ژوورەکانی هەناسەی جیاواز دابخەن.

سەرەڕای ئەمە پارتی‌و یەکێتی (٨٠٪)ی دەنگەکانیان بەدەست دەهێنا.

لە (٢٠٠٩) لەگەڵ بوونی لیستی هاوبەش‌و گیرفانێکی ملیارەها دۆلارو ملیشیای سەربازی (٦٠٪)ی دەنگەکانیان برد.

راستییەکەشی دەنگدان لە ژێر دەسەڵاتی پارتی ئاشکرا بوو لە هەولێرو دهۆک، کە چەند تەزویرو گۆڕینی ئەنجام کراوە.

هێرش بۆ سەر نەبەز گۆران، هەڕەشەیەکی تەواوە لە رۆژنامەگەریی سەربەخۆ، کە رۆڵی هەبوو لە پێشخستنی ئۆپۆزسیۆن لە دواین هەڵبژاردنەکانی هەرێم.

چارەسەر بۆ جوانکردنەوەی وێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لای رای گشتیی لە دوو خیاردا خۆی دەبینێتەوە: ریفۆرم‌و لەبەرچاوگرتنی ئەو سکاڵاو بێزارییەی خەڵکی لێیان، یان هەڵمەتی ترساندن.

هێرشەکەی سەر نەبەز گۆران ئەو راستییەی سەلماند، کە حیزبەکانی دەسەڵاتدار شکستیان هێناوە لە ریفۆرم‌و خیاری دووەمیان هەڵبژاردووە، کە ترساندنی خەڵکە. ئەوان هەموو شتێک لەدەستیان بێت دەیکەن بۆ ترساندنی رۆژنامەگەریی‌و رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆکان لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی عێراق لە (٢٠١٠).

تەنیا خاڵی پێکەوە بەستنی ستراتیژیی نێوان کوردستان‌و ئەمریکا بریتییە، لە دیموکراسی.


ئەو هێرشە بەربەریانە بۆ سەر میدیای ئازاد مسداقیەتی دەسەڵاتی کوردی لای واشنتۆن دەخاتە مەترسییەوە.

پێدەچێت ئەمریکا بێدەنگ بێت لەم هێرشە، بەڵام هەرگیز بەسەر واشنتۆنەوە تێناپەڕێت‌و تۆماری دەکات‌و قسەی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری کردووە.

هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی (٢٠١١) عێراق بەجێدەهێڵن.

ئێستا کاتی ئەوەیە، کە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن دەنگ بەرزبکەنەوەو داوای پاراستنی ئازادی رۆژنامەگەری بکەن. راستە ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ یەکێتی‌و پارتی دەکات وەک دووحیزبی دەسەڵاتداریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام هەمیشە پاڵپشتی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروستە، کە بەرگریی لە بەها پیرۆزەکان بکات.

# ناسیۆنالیزم‌و نووسینی مێژوویی کوردی



د. عەباس وەلی

**٢-١**

**گوتاری ناسیۆنالیستی گوتاری ئەسڵ نییە، جا ئەم ئەسڵە دیاریکراو بێت یان بنیاتنراو. گوتاری ناسیۆنالیستی لەبنەڕەتدا گوتاری شوناسە کە تیایدا بانگەشەی گشتی بۆ سەروەری دەخرێتەڕوو. شوناسی نەتەوەیی لە پەیوەندی «ئەو-بوون» (otherness) دروست دەبێت لەگەڵ ئەو شوناسانەی لە ئاراداو ئەو شوناسانەی لە دەرکەوتندان، واتە لە ناو سیستمێک لە جیاوازییەکان لەگەڵ «ئەویتر»داو لەوێدا یەکێتییە ناوخۆییەکەی لە دەرەوە هەڕەشەی لاوازکردنی لێدەکرێت**

هیچ ئایدیۆلۆژیایەک هێندەی ناسیۆنالیزم پێویستی بە مێژوو نییە. مێژوو لە ریوایەتی رۆمانتیکی‌و دروستەی مەفهومیی جەوهەرگەرایانەی ناسیۆنالیزم‌و بانگەشەی وێرانکارانەی (ئەم ئایدیۆلۆژیایە) بۆ حەقیقەت جیا ناکرێتەوە. گوتاری ناسیۆنالیستی گوتارێکی مێژووگەرایانەیەو ئەم گوتارە لەپێناو دەستەبەرکردنی مەشروعییەتی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی پشت بە رەچەڵەکناسی دەبەستێت، هەروەها بۆ سەلماندنی خودو رەتکردنەوەی ئەویتر پەنا بۆ بەمێژووییکردنی ئەسڵی نەتەوەیی دەبات، بەڵام مێژوو خاڵی لاوازی ناسیۆنالیزمیشەو گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیزم بە بەردەوامی لە لایەن مێژوونووسەکانەوە تاوانبار دەکرێت بەوەی حەقیقەت دەشێوێنێت، هەروەها تۆمەتبار دەکرێت بەوەی حەقیقەتی مێژوویی پێکهێنانی نەتەوەو دەوڵەت-نەتەوە بە هەڵە دەنوێنێت‌و مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکان بە سابجێکتیڤبوون، دەمارگیرو ئایدیۆلۆژیبوون تۆمەتبار دەکرێن، ئەم تۆمەتانەش لە لایەن مێژوونووسە «ئۆبجێکتیڤ»ەکان‌و بە قسە نا-ئایدیۆلۆژییەکان دەدرێتە پاڵ مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکان، لە کاتێکدا خۆیشیان لە رێگەی بژارکردن‌و هەندێکجار داهێنانی بابەتی مێژوویی‌و بە مێژووییکردنی بیرو بۆچوونی خۆیان روایەتی مێژوویی دەخوڵقێنن. هەموو ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ مێژوونووسی ناسیۆنالیستی (Nationalist Historiography) پەیوەستن بە مەعەریفەناسی (Epistemology)ی مێژوونووسی ئەزموونگەرایانە (Empiricist Historiography)، {لە لایەکی ترەوە} بێگومان هەر مێژوونووسییەک کە پەیوەستە بە دەرهێنانی حەقیقەت لەکۆمەڵێک فاکتی دیاریکراو، لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە ئەم فاکتانە لەگەڵ ئەو راستییەی ئەوان ئاماژەی پێدەدەن یەکن، خۆی ئەزموونگەرایە. ئەمەش هێندەی هەڵەکانی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی راستە.

تێبینییە رەخنەییەکان لەسەر دروستکردنی مێژوو لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە، دوو بەرگریمانە لە خۆدەگرێت: یەکەم، ناسیۆنالیستەکان مێژووی خۆیان بە هەڵەدەنوێنن، تێبینی دووەم ئەوەیە کە بەهەڵەنواندنی مێژووی نەتەوە پێویستییەکی جەوهەری ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمە. ئێرنێست رینان لە یەکێک لە وتەکانیدا، کە بەزۆری دەهێنرێتەوەو بە یەکەمین وتەکان سەبارەت بە سروشتی نەتەوەو ناسیۆنالیزم دادەنرێت، هەموو ئەو خاڵانە کورتدەکاتەوە «وەرگرتنی مێژووی خۆ بە هەڵە بەشێکە لەوە، نەتەوەبوون». ئەم وتە وردەی رینان هەر لەسەرەتاوە، لە زنجیرەیەکی بەرچاو لە لێکدانەوەی مێژوویی‌و سیاسیدا رەنگدانەوەی هەبووەو شێواندنی مێژووی پێکهێنانی نەتەوەو دەوڵەت-نەتەوە لە لایەن مێژوونووسی ناسیۆنالیستییەوە بە سروشتی ئادیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم دەبەستنەوە. دوایین رەنگدانەوەشی لە لای ئێریک هۆبزباوم دەردەکەوێت لەلێکۆڵینەوەی‌نەتەوەونەتەوەخوازی لە ساڵی ١٨٧٠، کە دەڵێت: «من ناتوانم هیچی تری بخەمە سەر، جگە لەوەی (بڵێم) هیچ مێژوونووسێکی جیدی نەتەوەو ناسیۆنالیزم، ناتوانێت ناسیۆنالیستێکی لە رووی سیاسییەوە پابەند بێت، مەگەر ئەوەی وەک باوەڕداران بە حەقیقەتی رەهای کتێبی پیرۆز کە بە هۆی بێتواناییان لە بەشداربوون لە تیۆرێکی تەکامولیدا، لە بەشداری لە ئارکیۆلۆژیاو فیلۆلۆژیای زمانی سامیدا بێبەش ناکرێن.

ئێترئەمەزۆربەربڵاوەکەگوتاری مێژوویی ناسیۆنالیزم گوتارێکی سابجێکتیڤ‌و ئایدیۆلۆژیکە، ئەم تایبەتمەندییەش بێگومان کاریگەریی لەسەر نواندنەوەی رابردوو دەبێت. ناسیۆنالیستەکان مێژووی نەتەوەکەی خۆیان دەنووسنەوە بۆ ئەوەی رەوایەتی(مەشروعییەت)ی ئامانجەکەی خۆیان بسەلمێنن. کەواتە، بەو مانایەی لە سەرنجەکەی هۆبزباومدا ئاماژەی پێدراوە، مێژوونووسیی ناسیۆنالیستی بابەتی نییەو ناشتوانێت بابەتی بێت، بەڵام پابەندبوونی سیاسی‌و بەهەڵە نواندنی ئایدیۆلۆژیکی «راستی مێژوویی»ش بە شێوەیەکی تایبەت تاوانی کەسی ناسیۆنالیستی تیادا نییە. (هەڵبەت) سۆسیالیست‌و لیبراڵە پابەندەکان بە بازاڕی ئازادیش هەن کە مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی‌و دەوڵەتە بۆرژوازییەکان دەنووسنەوە: ئەوانیش رووبەڕووی رەخنە دەبنەوە، بەڵام رەوایەتی(مەشروعییەت)ی ئیرادەو دامەزراوەکەیان زۆر بە کەمی دەچێتە ژێر پرسیارەوە.

کەواتە ئەی ئەوە چییە ناسیۆنالیزمی کردووە بە جێی رق‌و قین لە مێژوونووسی مۆدێرندا؟ هۆبزباوم لە هەمان وەرگرتەدا ئاماژە بە تایبەتمەندییەتییەکی ناسیۆنالیزم دەدات‌و دەڵێت: «ناسیۆنالیزم داوای باوەڕێکی زۆر دەکات بەو شتەی کە لە راستیدا وا نییە.» (ه.س. لا: ١٢). ئەمە ئاماژە بە خەسڵەتی ساختەبوونی بابەتی مێژوونووسی ناسیۆنالیستی، واتە نەتەوە دەدات کە وەک هێزێکی دیاریکراوی پێشینی کە بوونی دەکەوێتە پێش بوونی ناسیۆنالیزم‌و دەوڵەت‌و نەتەوەوە. مێژوونووسیی ناسیۆنالیستی مێژوونووسییەکی هەڵخەڵێتێنەرە کە بە پێی بانگەشەکان، داواکان‌و چالاکییەکانی بابەتێکی ساختە کە ئەسڵێکی ئەفسانەیی هەیە، نووسراوەتەوە. بە پێی بۆچوونی هۆبزباوم «ئەوە نەتەوەکان نین کە دەوڵەتەکان‌و ناسیۆنالیزمەکان دەهێننە ئاراوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە (ئەوە دەوڵەتەکان‌و ناسیۆنالیزمەکانن کە نەتەوە دەخوڵقێنن)». گیلنەریش سەبارەت بە سروشتی ساختەی بابەتی مێژوونووسیی ناسیۆنالیستی لەگەڵ هۆبزباومدا هاوڕایە:

نەتەوە وەک شێوازێکی سروشتی بۆ پۆلێنکردنی مرۆڤەکان کە لە لایەن خواوە بەخشرابێت‌و وەک چارەنووسێکی سیاسی کە (دەرکەوتنی) زۆر دواکەوتبێت تەنها ئەفسانەیە، ناسیۆنالیزم، هەندێکجار کلتوورەکانی پێش زەمەنی ئێستا دەهێنێت‌و دەیانکات بە نەتەوە، هەندێکجاریش خۆی کلتوور دادەهێنێت، هەرچەندە بە زۆری کلتوورەکانی پێش ئێستا دەسڕێتەوە، ئەمە راستییەکەیە، جا پێمان خۆش بێت یان نا... (٩-٤٨: پ.لا، ١٩٨٨).

وەک دیارە ئامانجی سەرەکی زۆربەی ئەو رەخنە هاوچەرخانەی رووبەڕووی گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیستی دەکرێنەوە لەسەر سروشتی ساختەو مشتومڕاوی بابەتی ئەم گوتارە (واتە نەتەوە)ن. لێرەدا، من نامەوێت پرسیار بخەمە سەر راستی‌و دروستی ئەم رەخنەیە، یان باسی بایەخی سیاسی‌و میتۆدۆلۆژی ئەم رەخنەیە بکەم. ئەگەرچی ئەو بۆچوونە رەخنەهەڵنەگرە کە نەتەوە دروستەیەکی سیاسیی مۆدێرنە، نەک دێرینەیەکی سابجێکتیڤ، بەڵام وەک ئاشکرایە، دروستەی مەفهوومی‌و ریوایەتی گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیستی بە قورسی پشت بە بە-مێژووییکردنی ئەم بابەتە ساختەیە دەبەستێت. بەم مانایەش گوتاری مێژوویی ناسیۆنالیزم تەنها بە-هەڵە-نواندنی واقع نییە، بەڵکو بە-هەڵە-وێناکردنیشییەتی.

ئەم گوتارە هەم لە رووی مەفهوومی‌و هەمیش لە رووی واقیعییەوە هەڵەیە، بەڵام ئەم هەڵەیە زەرووریە. ئەم هەڵەیە ستراتیژێکی بەڵگەکارانە بۆ ئاوەژووکردنەوەی پەیوەندی هۆیەتی (-causality علیت)ی نێوان نەتەوەو ناسیۆنالیزم دەستەبەر دەکات کە پشتگیری بانگەشەی ناسیۆنالیستی بۆ دەسەڵات دەکات.

بیرکردنەوەی مۆدێرنیست-کۆنستراکشنیستی بۆ نەتەوەو ناسیۆنالیزم رەخنەیەکی توندو رەق لە شێوازی بیرکردنەوەی پرایمۆردیاڵەکان‌و ئەتنییەکان دەگرێت‌و مەیلی ئەوان بۆ دەسەڵاتداریێتی بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ مێژووی ناسیۆنالیستی‌و لەگەڵ ئەویشدا باوەڕپێکراوێتی فیکری ئەوان هەڵدەوەشێنێتەوە. رەخنەی کۆنستراکشنیستی کە لە رێگەی «فاکت»ی مێژووییەوە رووبەڕووی بانگەشە ناسیۆنالیستییەکان دەبێتەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر توێژینەوەکانی بواری ئەتنیک‌و ناسیۆنالیزم‌و شوناسی نەتەوەیی هەبووە: ئەمە جیا لەوەی بەرگریمانە (presupposition) تیۆرییەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێن، بە تایبەتی شێوازی توێژینەوەیان لە باوەڕپێکراوێتی گوتاری ناسیۆنالیستی. بەستنەوەی گوتاری ناسیۆنالیستی بەو بەستێنەی تیایدا سەریهەڵداوە بە مەبەستی سەلماندنی نادروستی ئەم گوتارەو نەگونجانی لەگەڵ فاکتە مێژووییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم بەستنەوەیە بە بەهای چاوپۆشیکردن لە کۆمەڵێک (بابەتی) تیۆری‌و مەفهومی، چونکە ئەم شێوازە لە تاقیکردنەوەی راستی‌و دروستی گوتار، لەگەڵ کاریگەریەتیشیدا، بە شێوەیەکی رەها پشت بە چەمکی ئەزموونگەرایانە بۆ فاکت دەبەستێت کە ئەویش بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ فاکتدا دەکات وەک ئەوەی دیاریکراو بێت‌و لەگەڵ ئەو راستییەی کە خۆی مانای دەداتێ یەک بێت. ئەم شێوازە (واتە بەستنەوەی گوتار بە بەستێنی مێژووییەوە) ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەربێت‌و بنەما مەعەریفەناسییەکانی لەگەڵ یەکدیدا نەگونجێن‌و بە مانایەکی دیکە ناکرێت لەهەمبەر رەخنەکاندا بەرگرییان لێبکرێت. پێوەری مێژوویی ناتوانێت باوەڕپێکراو بێت، ئەگەر فاکتەکانی ئەویش لە دروستەیەکی ئاڵۆزو بەڵگەکارانەدا بن، هەر بۆیەش راستی‌و دروستی ئەوان لە بابەتی نوسینی مێژوویی ناسیۆنالیستی زیاتر نییە .

بنەمای هزریی‌و ئەزموونگەرایانەی رەخنەی کۆنسراتشنیستی مۆدێرن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی جەوهەرگەراییەکی دیکەو لوغراوتری لێدەکەوێتەوە، ئەویش جەوهەرگەرایی سابجێکتیڤیتەی مێژووییە کە مانای خۆی لە سەرمایەداریی‌و مۆدێرنێتە وەردەگرێت، چونکە گەڕانەوە بۆ فاکت وەک ئۆبجێکت‌و ئامرازی هەڵسەنگاندنی راستی‌و دروستی گوتاری ناسیۆنالیستی، ئەم گوتارە کورت دەکاتەوە بۆ رەنگدانەوەیەکی رووتی دەرکەوتنی سەرمایەداری‌و مۆدێرنێتە، واتە وەک دەرکەوتەیەکی ئایدیۆلۆژی ئەم پرۆسە مێژووییە دیاریکراوە دەیبینن. هۆبزباوم، بۆ نموونە، ئەم گوتارە کورتدەکاتەوە بۆ ریتۆریکایەکی ئایدیۆلۆژی رووت کە تەنها ئامانجی بەڵگەهێنانەوەیە بۆ دۆکترینی سەروەریی گشتی کە لە پرۆسەو چالاکییە دیموکراتیکەکانی کاپیتالیزمی نوێدا شکلی گرتووە (بڕوانە هۆبزباوم، ١٩٩٢). گیلنەریش، بە هەمانشێوە، پێیوایە گوتاری ناسیۆنالیستی بەر لە هەموو شتێک دۆکترینی مەشروعییەتە کە لەگەڵ ئەو پرۆسە سیاسی‌و فەرهەنگییانەدا دەگونجێت کە مۆدێرنێتە‌و پیشەسازی هێناویەتە ئاراوە، کاتێکیش لە کۆمەڵگایەکدا دێتەئاراوە کە ئەو مەرجانەی تیادا نییە یانیش مەرجەکان لە سەرەتای پەیدابوونیاندان، ئەوە ئەنجامەکان پێچەوانە دەکەونەوە. هەردووک ئارگومێنتەکان (واتە هی هۆبزباوم‌و هی گیلنەریش) کە ریشەیان لە ناو تیۆری مارکیسیتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان‌و لە تیۆری مۆدێرنیزاسیۆندایە، کورتکردنەوەخواز (reductionist).

خاڵی هەرە گرنگ لە ئارگیۆمێنتی مندا ئەوەیە کە رەخنەی هزریی ئەزموونگەرایانەی کۆنستراکشنیستی مۆدێرن لە گوتاری ناسیۆنالیستی، خاڵی کۆتایی دەخاتە بەردەم ئەم گوتارە، هەر بۆیەش بە شێوەیەکی بەرچاو رێگە لە هەر شێوە ریوایەتێکی مێژووخوازانەی گوتاری ناسیۆنالیستی دەگرێت. نمونەش بۆ ئەمە دارشتنی چەمکی شوناسی نەتەوەییە کە لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا هەڵگری ماف‌و ئەرکەکانە. چەمکی کۆنستراکشنیستی بۆ شوناسی نەتەوە چەمکێکی کورتکردنەوەخوازە: ئەم چەمکە شوناسی نەتەوەیی لەوەدا کورت دەکاتەوە کە دەرەنجامی بانگەشەی ناسیۆنالیستیە بۆ ئەسڵێکی یەکدەست (ئەفسانەیی)، واتە لە پێکهاتەیەکی زەینیدا کە کاپیتالیزم‌و مۆدێرنێتە دروستیانکردووە کە شوناسێکە هەڵگری ماف‌و ئەرکەو ئەم ماف‌و ئەرکەش پرۆژەی ناسیۆنالیستی پێناسە دەکەن. ئەوە ئاشکرایە کە بە رای کۆنستراکشنیستەکان پرۆژەی ناسیۆنالیستی پرۆژەیەکی تەواو مۆدێرنە: ئەم پرۆژەیە وابەستەیە بەو پرۆسەو چالاکییە سیاسی‌و کلتوورییانەی کە لە رووی مێژووییەوە پەیوەستن بە کاپیتالیزم‌و مۆدێرنێتەوە، بەڵام خاڵی بەرباس ئەوەیە کە لە کاتێکدا بە لای ئەتنیکگەراکانەوە شوناسی نەتەوەیی لە ئەسڵێکی ئەتنی یەکدەستەوە سەرچاوە دەگرێت کە دیاریکراوەو هەمیشە لە مێژوودا ئامادەیە، چەمکی کۆنستراکشنیستەکان شوناسی نەتەوەیی لە ئەسڵێکی ئەفسانەییدا کورتدەکاتەوە کە بە هۆی کاپیتالیزم‌و مۆدێرنێتەوە دامەزرێنراوە. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا شوناسی نەتەوەیی هیچ سەربەخۆییەکی هۆکارانەی نییە، واتە دەرەنجام یان گوزارشتی ئەمری حەقیقی یان ئەسڵێکی نەتەوەیی گریمانەکراوە، (هەر بۆیەش) کورتکردنەوەخوازی چەمکی کۆنستراکشنیستیش تێکهەڵکێشانی گوتاری شوناس‌و گوتاری ئەسڵی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی بیروبۆچوونی ئەوان لەسەر ئەسڵی نەتەوە لە بنەڕەتدا جیاوازە لەوەی کە ئەتنیکگەراکان بڕوایان پێیەتی.

کەواتە، ئەم ئارگۆمێنتە ئاماژە بەوە دەدات کە شێوازی بیرکردنەوەی کۆنستراکشنیست لە شوناسی نەتەوەییش مێژووگەرایە، چونکە لە داڕشتنی چەمکی شوناسی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی بەرایی گریمانەی ئەوە دەکات کە گوتاری ناسیۆنالیستی لە هەلومەرجە مێژووییەکانی شکڵگیری ئەم شوناسەدا کورت دەبێتەوە. ئەم مێژووگەراییە کە گوتاری ناسیۆنالیستی رووبەڕووی توندترین رەخنەکان دەکاتەوە، لە ئێپستمۆلۆژی ئەزموونگەرایانەی (ئەم تێگەیشتنە) جیا ناکرێتەوە، ئەم دووانەش بەیەکەوە دوو ستوونی سەرەکی جەوهەرگەرایی کۆنستراکشنیستی پێکدێنن کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. شێوازی بیرکردنەوەی کۆنستراکشنیستی ناتوانێت ناسیۆنالیزم وەک گوتاری ئەسڵ لە ناسیۆنالیزم وەک گوتاری شوناس جیا بکاتەوە، (چونکە) ناسیۆنالیزم وەک گوتاری شوناس ناکرێت لە گوزارشتکردنی ئەسڵێکی ساختەدا کورت بکرێتەوە، واتە ناکرێت وەک ئەفسانەیەکی نەتەوەیی کە لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا بە مێژوویی کراوە سەیر بکرێت. ئەگەرچی شوناسی نەتەوەیی بیرۆکەی ئەسڵیش لەخۆدەگرێت، بەڵام پێگەی ئەم بیرۆکەیە لە ناو گوتارەکەدا بە هۆی کۆمەڵێک ستراتیژەوە جیا لە بە-مێژووییکردن دیاری دەکرێت. واتە، بیرۆکەی ئەسڵ لە شوناسی نەتەوەییدا دەکەوێتە پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزو گۆڕاو لەگەڵ شوناسە نەتەوەییەکانی تر کە لەسەر وەدەستهێنانی هەژموون رکابەری دەکەن. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ «ئەویتر» ئاماژە بە رۆڵی سەرەکی «جیاوازی» لە بیناکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەدات . کەواتە، ئەگەربێت‌و نەکرێت شوناسی نەتەوەیی لە ئەسڵێکی دیاریکراوو سروشتی(واتە پرایمۆردیاڵ/ ئەتنیکی)دا کورت بکرێتەوە، ئەوە بە هەمانشێوە ناشکرێت بە دەرەنجامی بابەتی ستراکتۆرەکانی پیشەسازیی کاپیتالیزم‌و کلتووری مۆدێرن بزانرێت.

گوتاری ناسیۆنالیستی گوتاری ئەسڵ نییە، جا ئەم ئەسڵە دیاریکراو بێت یان بنیاتنراو. گوتاری ناسیۆنالیستی لەبنەڕەتدا گوتاری شوناسە کە تیایدا بانگەشەی گشتی بۆسەروەری دەخرێتەڕوو. شوناسی نەتەوەیی لە پەیوەندی «ئەو-بوون» (otherness) دروست دەبێت لەگەڵ ئەو شوناسانەی لە ئاراداو ئەو شوناسانەی لە دەرکەوتندان، واتە لە ناو سیستمێک لە جیاوازییەکان لەگەڵ «ئەویتر»داو لەوێدا یەکێتییە ناوخۆییەکەی لە دەرەوە هەڕەشەی لاوازکردنی لێدەکرێت. ئەم پێناسەیە بۆ گوتاری ناسیۆنالیستی وەک چەقی بانگەشەی سەروەریی گشتی ئاماژە بە بایەخی مۆدێرنێتە‌و دەستکەوتەکانی دەدات، بە تایبەتیش دامەزراوەی دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرن‌و تیۆری دیمۆکراتیک لە دامەزراندنی شوناسی نەتەوەیی مۆدێرندا: شوناسی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا بەستراوەتەوە بە سەروەریی سیاسییەوە. کەواتە گوتاری ناسیۆنالیستی گوتاری مافە کە تیایدا سەروەری وەک بنەما لەقەڵەم دەدرێت. ناسیۆنالیزم، وەک گوتاری ماف، زەمانی نمونەیەکی ئایدیاڵ لە دەوڵەت- نەتەوە دەکات کە تیایدا هەموو هاوڵاتییان ئەندامی کۆیەتی نەتەوەیین. دەوڵەت نەتەوە، لە خۆیدا هەلومەرجێکە بۆ وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکان‌و سنوورەکانی بە هۆی پەیوەندییە ئەتنیکییەکانەوە دیاردەکرێن. لە راستیدا پەیوەندی نێوان سنوورە سیاسی‌و ئەتنیکییەکانی دەوڵەت رۆڵی جەوهەری دەبینن لە مەشروعییەتی بیرۆکە ناسیۆنالیستی‌و دەوڵەتی نەتەوەیی. پەیوەندی نێوان گوتاری ناسیۆنالیستی‌و تیۆری دیموکراتیک ئاماژە بە بوونی کۆمەڵێک مەرجی بەرگریمانەکراو دەدات بۆ دامەزراندنی شوناسی نەتەوەیی، لە نێوان هەمووشیاندا جیاکردنەوەی پانتایی گشتی‌و تایبەت‌و دەرکەوتنی فەزایەک کە بە کۆمەڵگای مەدەنی ناسراوە.

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R1 ـ ٩٥
پرۆژە: دابەزاندنی بۆری (١٤) «لەسەر شەقامی مەلیک مەحمود وە درێژکردنەوەی بۆری (١٢)» بە مەبەستی گەیاندنی ئاو بۆ گەڕەکەکانی کەنەسوورەو چوارچرا لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٦) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٩) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەرۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەرۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٨,٠٠٠,٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید/ پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R1 ـ ١١٩
پرۆژە: دروستکردنی هۆڵی وەرزشی کەم ئەندامان لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٦) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٩) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەرۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەرۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید/ پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R1 ـ ١١٧
پرۆژە: دروستکردنی باخچەیەک لە گەڕەکی شەهیدانی ئازادی لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٦) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٩) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەرۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەرۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R1 ـ ١١٨
پرۆژە: دروستکردنی سەنتەری ڕۆشنبیری بابان لە سلێمانی.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٦) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٩) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەرۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەرۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید/ پارێزگاری سلێمانی**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا R1 ـ ٧٠٣
پرۆژە: دروستکردنی بینای داڵدەدانی ژنان (شێڵتەر) لە سلێمانی (دووبارە ١).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٦) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/١٩) کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەرۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/١١/٢٩) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەرۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێ بێت.
٢ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێ بێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ ـ بری تأمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٥,٠٠٠,٠٠٠) چلو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٥ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦ ـ ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێ بێت.
٧ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠,٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێشکەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نووسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێت لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بینووسن وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا ئەحمەد مەجید/ پارێزگاری سلێمانی**

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید** - **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com


کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# پێشنیازێکی دۆستانە
# بۆ ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەی گۆڕان، بە شێوەیەکی مۆدێرن



ئاری ئەبوبەکر/ دانیمارک

٣-٣

**بەهۆی ئەوەی کە کوردانی دەرەوەی وڵات (وەک دەبیستین و گوێمان لێدەبێت) بەشێکی زۆریان لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانن، بەهۆی ئەو نارەزایەتییە گەورەیەیان لە مۆدێلی دەسەڵاتی کوردی، بۆیە دیسان ئەم شاڵاوەی کوردانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی عێراق پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، بە تایبەتی کە مۆدێلی دوو زلهێزەکەی کوردستان دەتوانین بڵێین ناشایستەترین مۆدێلە لە دونیای مۆدێرندا بۆ ڕێکخستنەوەی خەڵکی لە دەرەوەی وڵات، تەنانەت وڵاتە دیکتاتۆرەکان**

## کردنەوەی بارەگا لە دەرەوەی شارەکان

بۆ ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بە دوور بگرێت لەو فەزا قێزەونەی کە هەموو کوچەو قوژبنێکی کوردستانی کردووە بە بارەگاو خەڵکی پێ ئیزعاج دەکەن، پێویستە گۆڕان تا دەتوانێت کەمترین بارەگای هەبێت، وە بەپێی پێویستی نەبێت بارەگا نەکەنەوە، بارەگاکانیش تا بتوانرێت دوور لە شار بن و بچووک بن، وە لە هەر بارەگایەک زیاتر لە یەک کارمەندی ئیداریی نەبێت، کە مووچەی بۆ ببڕدرێتەوەو هەستێت بە کارە ئیداریی و پراکتیکییەکان، چونکە ئەو کاتە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت کار بۆ ئەم بزووتنەوەیە بکەن، چاویان لە ئیمتیازات نابێت و بۆ بژێویی ژیانکردن کار ناکەن بۆ بزووتنەوەکە، کە ئەم بژێویی ژیانکردنە زۆرجار کارێکی وایکردووە، زۆرێک لە کارمەندانی حیزبەکان مەجبورن لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوێکدا بمێننەوە لەبەر بژێویی خۆیان و ماڵ و منداڵیان، بۆیە بە بوونی کەمترین ڕێژە لە کارمەندو مووچەخۆر بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت خۆی لە هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکە جیا بکاتەوە.

## ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات

بەهۆی ئەوەی، کە کوردانی دەرەوەی وڵات (وەک دەبیستین و گوێمان لێدەبێت) بەشێکی زۆریان لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانن، بەهۆی ئەو نارەزایەتییە گەورەیەیان لە مۆدێلی دەسەڵاتی کوردی، بۆیە دیسان ئەم شاڵاوەی کوردانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی عێراق پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، بە تایبەتی کە مۆدێلی دوو زلهێزەکەی کوردستان دەتوانین بڵێین ناشایستەترین مۆدێلە لە دونیای مۆدێرندا بۆ ڕێکخستنەوەی خەڵکی لە دەرەوەی وڵات، تەنانەت وڵاتە دیکتاتۆرەکان و حیزبە نا دیموکراتییەکانی وڵاتانی دیکتاتۆری وەک، وڵاتانی عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش هەڵنەستاون بەمجۆرە لە دابەشکردن و ڕەش و سپیکردنەی هاوڵاتییە ئاوارەکانی خۆیان، تا ئەندازەیەک، کە پێش کردنەوەی فرۆکەخانە لە کوردستاندا، کاتێک کە کوردەکانی هەندەران دەهاتنەوە، ئەگەر لە ڕێگەی سوریاوە بهاتنایەتەوە ناو کوردستان دەبوایە تەزکییەی پارتییان بۆ بکرایە، ئەگەر لە ئێرانەوە بهاتنایەتەوە دەبوایە تەزکییەی یەکێتییان بۆ بکرایە، کە ئەمەش هەرچەندە زۆربەمان لێی سوودمەند بووین، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە دیاردەیەکی ناشرین بشارینەوە.

بۆیە بڕوام وایە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو هێزە مەعنەوی و مادیەی لە دەرەوەی کوردستان دایە، بە تایبەتی ئەو لایەنگیرییە زۆرەی بۆ بزووتنەوەی گۆڕان هەیانە، پێویستە واز لە هەندێک کاری حیزبە کوردییە تەقلیدییەکان بهێنن، کە هەندێکجار ڕادەی خەڵک قەڵسکردنی ئەم هێزە تەقلیدییە کوردییانە گەیشتووەتە ئەوەی کە خەڵک لەناو ئاهەنگە کوردییەکانیشدا تاقەتی گوێگرتنی نەماوە لێیان، چونکە تەنیا ئیشیان بووە بەوەی، کە لە ئاهەنگی کوردیدا وتار بخوێننەوە، یان هەندێکیان دوو موچەو چەندان مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە لە کوردستان، یان زەوی وەرگرتن و جۆرەها ئیمتیازاتی دیکە، بۆیە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان پێویستە، بە بڕوای من، کە لە ڕێکخستنەکانی ئەورووپادا لە بری دروستکردنی بەرپرسی بودەڵەو هیچ لەبارا نەبوو، بتوانن کار بکەن بۆ کاراکردنی کەسانی بەتواناو لێهاتوو، بێ ئەوەی کە ئەو کەسانە بتوانن سوودمەندی مادی بن، مەگەر لە کاتی هاتنەوەیان بۆ کوردستان و دامەزراندنیان لەو بوارەی، کە شارەزاییان لێی هەیە بۆ سوود گەیاندن بە کۆمەڵگە، ئەم کارەش تەنیا لە ڕێگەی حکومەت و دامەزراوەکانی حکومەت بکرێت و بزووتنەوەی گۆڕان هیچ تەدەخولێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی تیادا نەکات، هەروەها هەستانی ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە کردنەوەی خول و کۆڕو سیمنار بۆ جالییەی کوردی بۆ زیاتر خۆ ڕۆشنبیرکردن و چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەناو ئەو کۆمەڵگەیەی لێی دەژین، وە دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناحکومیی بە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ناو کوردستان، کارکردن بۆ کاراکردنی گەنجان و لاوانی کورد لەو وڵاتانەی لێی دەژین، لە هەمووشی گرنگتر دانانی کەسانی گەنج و کەسانی پاک و لێهاتوو بۆ لێپرسراوییەتی بزووتنەوەی گۆڕان لە وڵاتانی دەرەوە لەبری ئەو کۆمەڵە دەمووچاوەی، کە پێشووتر لەناو ڕیزی حیزبەکانی دیکەدا بوون (بەتایبەتی ئەندامانی کۆنی یەکێتیی نیشتیمانیی)، ئێستاش بەشێکی زۆر لەو دەمووچاوانە هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانن، کە ئەم دەمووچاوانەش (لەگەڵ یەک دنیا ڕێزم بۆیان) خەڵک لێیان بێزاربووەو گۆڕان پێویستی بە خوێنی تازە هەیە بۆ ئەوەی، کە جارێکیتر جالییەی کوردی لە دەرەوە بریندار نەکرێت و هەستی نەتەوایەتییان یاری پێنەکرێت بە دەستی ئەو کەسانەی، کە تا دوێنی لە ناو هێزەکانی دیکەدا سوودمەندی یەکەم بوون.

## لێسەندنەوەی ئەندامێتی لەسەر کاری ناشایستە

نەترسان لە دەرکردنی کەسانی مشەخۆر، یان گەندەڵ، یان ویستی بەکارهێنانی مەوقیعی سیاسیی ناو گۆڕان بۆ کاری تایبەتی، یان هەر کارێکی خراپ، چونکە هەموو دڵنیاین کە لە هەموو هێزێکی سیاسیدا، لە هەموو چین و توێژێکدا، لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەسانی هەلپەرست هەن و دەشمێنن، ئەمە ڕاستییەکە کەس ناتوانێت خۆی لێ لابدات، مادام ئەم ڕاستییەش هەیە، کەواتە بزووتنەوەی گۆڕان پێویستی بەوە هەیە، هەمیشە ئاگادار بێت کە هیچ کەسێک نەتوانێت سوود لە بزووتنەوەی گۆڕان ببینێت بۆ کاری تایبەتی، ئەو کات هەموو هەڵسووڕاوەکانی گۆڕانیش زاتی ئەوە ناکەن، کە پۆستەکانیان بۆ سوودی تایبەتی بەکاربهێنن، چونکە ئەو ترسە پیرۆزەیان لەلا دروست دەبێت، کە لەسەرەوە باسمانکرد.

ئەم نەترسانە لە دەرکردنی ئەندامی گەندەڵ و مشەخۆر (لە کاتی ساغبوونەوەی گەندەڵیی و مشەخۆرییەکە بەسەر ئەندامەکەدا) دەستی میدیاکانیش واڵا دەکات لەبەردەم ڕای گشتییدا، چونکە تائێستا میدیای سەربەخۆ ناوی هەر کەسێک و گەندەڵکارێکی هێنابێت، سوودێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی، بە پێچەوانەوە هەندێک جار بینیوومانە، کە ئەو کەسەو ئەو سەرکردە گەندەڵەی کە گەندەڵییەکانی ئاشکرا بووە، ئیمتیازات و لێپرسراوێتی بەرزتریان پێداوە، وەک وەڵامێک بۆ بەهەند وەرنەگرتنی میدیای گشتیی، کە ئەمەش بۆ خۆی مەودای دیموکراسییەت بەرتەسکتر دەکاتەوە، بۆیە پێویستە بە ئاشکرا بە هەموو ئەندامێکی بزووتنەوەی گۆڕان (بە سەرکردایەتییەکەشییەوە) ڕابگەیەنرێت، کە هەرکەس هەر گەندەڵییەکی لێ ئاشکرا بوو، ئەوە دەردەکرێت و خۆی تەحەمولی مەسئولییەتی کارەکەی خۆیەتی.

بەم کارە ڕەنگ هەیە بۆ چەند جارێک قورس بێت و لەلایەن جەماوەریشەوە هەزمکردنی سانا نەبێت، بەڵام لە دواجاردا بە دڵنیاییەوە بزووتنەوەی گۆڕان سوودمەندی یەکەم دەبێت و متمانەی جەماوەر زیاتر بەدەست دەهێنێت، چونکە وەک وتمان هەموو لایەنێکی سیاسیی لە هەموو دونیادا کەسانی گەندەڵ و نا بەرپرسیاری تیا دەردەکەوێت، بەڵام هەر زوو دەردەکرێن و دوور دەخرێنەوە.

## میدیای بزووتنەوەی گۆڕان و داهاتووی کۆمپانیای وشە

بەداخەوە بەهۆی ئەو بارە نالەبارەی ئەتمۆسفێری میدیا لە کوردستاندا تێی کەوتووە، دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری میدیا قەبەکان بەدەست حیزبەوەن، کە خۆزگەمان دەخواست وا نەبوایە، بەڵام بە هەرحاڵ پێموایە؛ کە بزووتنەوەی گۆڕان سایتێکی حیزبی هەبێت و گۆڤارێکی مانگانەی حیزبی سەربە بزووتنەوەکەی هەبێت و مانگانە کارو چالاکی بزووتنەوەکەی تیادا بڵاو بکاتەوە، لەگەڵ چەند بیروبۆچوونێکی بزووتنەوەی گۆڕان وەک نەریتێکی مۆدێرن لە ڕێگەی ئەو گۆڤارەوە بودجەی وەرگیراو و خەرجکراوی بزووتنەوەکە بخرێتە بەرچاوی ڕای گشتیی، لەگەڵ هەندێک بیرو بۆچوونی داڕێژەرانی سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو کات ئەم گۆڤارە دەتوانرێت بۆ ئەندامان بێت و لە بازاڕیشدا بفرۆشرێت، ئەگەر ویستی کڕینی لەسەر بوو.

لە هەمانکاتدا ڕاگەیاندنەکانی کۆمپانیای وشەش بگەڕێنەوە سەر ئەو ئاراستەیەی پێش هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و ببێتە جێگەکردنەوە بۆ هەموو بیروڕاکان و بتوانرێت تا ڕادەیەکی باش سەربەخۆ بێت لە نیشاندان و ڕوماڵکردنی ڕووداو بیروڕا گۆڕینەوەدا، چونکە ئەو کاتە میدیاکانی کۆمپانیای وشە دەتوانن، کە متمانەی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، مەگەر تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ببنە بڵندگۆی بزووتنەوەی گۆڕان (لە ناچارییدا)، ئەویش بەهۆی نەبوونی کەناڵی ڕاگەیاندنی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان.

لە ڕاستیدا بێلایەنکردنی هەموو میدیاکانی کۆمپانیای وشە لە هەموو ڕوویەکەوەو بەشدارپێکردنی هەموو لایەنەکان لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی و.... ڕیپۆرتاژەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا، گەورەترین سەرکەوتن پێش هەموو لایەنێک بۆ بزووتنەوەی گۆڕان فەراهەم دەهێنێت، چونکە ئەو کات خەڵکی هەموو لایەنەکان، کە بێزارن لەو بە حیزبیکردنەو سستی و لاوازیی میدیای حیزبەکان، ڕوودەکەنە میدیاکانی کۆمپانیای وشەو قسەو نووسینەکانی بە باوەڕدارو متمانەوە وەردەگرن.

## کۆتایی

ئەمانە بیروڕای تایبەتی خۆمن، کە بەشێکی زۆری سەرچاوەی لە تەجروبەی خۆمەوەیە، بە باش و بە خراپییەوە، تەنیا ئامانجیش لێی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی کوردییە و بەس، چونکە هەموو بزووتنەوە سیاسییەکان هەموو حیزبەکان وەسیلەن بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئامانجیش خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەیە لە ئێستادا، بۆیە هیچ حیزبێکیش یان بزووتنەوەیەکی سیاسیی، ئەگەر لە سەرەتاکەیەوە بە بناغەیەکی پتەووەوە نەیەتە مەیدان، هەرچەند لایەنگریشی زۆر بێت، ناگاتە ئامانج.

**بزووتنەوەی گۆڕان پێویستی بەوە هەیە، هەمیشە ئاگادار بێت کە هیچ کەسێک نەتوانێت سوود لە بزووتنەوەی گۆڕان ببینێت بۆ کاری تایبەتی، ئەو کات هەموو هەڵسووڕاوەکانی گۆڕانیش زاتی ئەوە ناکەن، کە پۆستەکانیان بۆ سوودی تایبەتی بەکاربهێنن**

ئەمانەی لە سەرەوە باسمانکرد، تەنیا بۆ ئەوەیە کە بتوانین، هەرچەندە هەوڵێکی کاڵ و کرچیش بێت، ڕێ لە لەبارچوونی هیوایەک بگرین، کە ئێستا لەم هەلومەرجە نوێیەدا هاتووەتەوە بە ڕۆحی تاکی کورددا، کە ساڵانێک ئەو هیوایە تۆرا بوو، چونکە ڕەنجاندن و لەباربردنی هیوای گۆڕانکاریی لەناو ناخی خەڵکی کوردستاندا، دەبێتە کارەساتێک، کە پێدەچێت چەندەها سەدەی بوێت بۆ دووبارەکردنەوەی، ئەم هەوڵەش تەنیا بۆ بزوتنەوەی گۆڕان نییە، ئەگینا دەمانتوانی بە ئیمیلێک بیگەیەنینە دەست سەرکردەکانی گۆڕان، بەڵکو هەوڵێکە بە ئەندازەی ئەوەی کە هەموو هێزە سیاسییەکانمان بتوانن ئەو ڕێچکە مۆدێرنە بگرنە بەر بۆ ئۆرگانیزەکردنەوەی دووبارە حیزب و هێزەکانیان، بۆ دەرچوون لەو مۆدێلە قێزەونەی حیزبایەتی و حیزب دروستکردن، کە بە سەد فەرسەخ لە دیموکراتییەتەوە دوورە، بە ئومێدی ئەوەی هەموو لایەک بتوانێت خزمەت بە میللەتە هیلاکەکەمان بکات.

Arei1976@hotmail.com




گۆڕان لە توركیا

ژمارە (556) سێشەممە 2009/11/17

ئامادەکردنی: شاڵاو فەتاح


# پلانی دەستپێشخەریی دیموکراسی


پەرلەمانی تورەو گۆڕانکاریی هێمنانە

**بەشیر ئەتەلای: «کێشە ئابووریی- کۆمەڵایەتیو هەروەها سیاسییەکانیشمان ڕەگی لە نادادپەروەرییەوەیە، پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان دەوڵەتو هاوڵاتییاندا کاتێک دروستدەبێت، کە داد پەروەریی هەبێت، هەربۆیە ئێمە هەوڵدەدەین هەستی داد پەروەریی بەهێز بکەین»**

Hurriyet Daily News

وەزیری ناوخۆی تورکیا دووپاتیدەکاتەوە، کە «دیموکراسی تاکە چارەسەرە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی ئابووریو کۆمەڵایەتی درێژخایەنی تورکیا»، لە کاتی خستنەڕووی دەستپێشخەریی دیموکراسی پارتی دادوگەشە (ئەکەپە) بۆ کێشەی چەندساڵەی ململانێی کوردو بەهێزکردنی مافی مرۆڤ.

بەشیر ئەتەلای وەزیری ناوخۆی تورکیا لە دانیشتنی ٢٠٠٩/١١/١٣ی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا پوختەی بیرۆکەی پلانی حکومەتی بۆ هەمووان ئاشکراکرد لەبارەی دەستپێشخەریی حکومەتەوە بۆ کێشەی کورد، بەڵام ئەمە کاردانەوەی ئیجابی لای ئۆپۆزسیۆن دروست نەکرد.

ئەتەلای دەڵێت: «ئێمە وایدەبینین دیموکراسی تاکە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیو ئابوورییە درێژخایەنەکانە، ئێمە چەند هەنگاوێکمان بەپێی سیاسەتە مرۆڤانەکانی خۆمان ناوە، کە سیستمێکی شەرەفمەندانەی مافو ئازادیی زیاتر بۆ هەمووان دەخوازێت.» دواتر ئەتەلای وتی: ستراتیژێکی گشتگیر، بەرمەبنای چاکسازیی کۆمەڵایەتیو ئابووریی لەگەڵ چەند پێوەرێکی سەربازیی، ئامانجەکەمان بەدیدێنێت.

ئەتەلای وتی: «کێشە ئابووریی- کۆمەڵایەتیو هەروەها سیاسییەکانیشمان ڕەگی لە نادادپەروەرییەوەیە، پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان دەوڵەتو هاوڵاتییاندا کاتێک دروستدەبێت، کە دادپەروەریی هەبێت، هەربۆیە ئێمە هەوڵدەدەین هەستی دادپەروەریی بەهێز بکەین».

## شەش هەنگاوی پێویست بۆ دەستپێشخەریی دیموکراسی

ئەتەلای وتی: دەستپێشخەریی دیموکراسی مەبەستییەتی مافەکانی هەموو هاوڵاتییەک بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایینو ڕەگەزو ئیختیارو سیاسییو کۆمەڵایەتی، بپارێزێتو فراوانی بکات.

لەکاتی خستنەڕووی ئەو شەش هەنگاوەدا وەک بەشێک لە دەستپێشخەریی دیموکراسی ئەتەلای وتی: ئەم هەنگاوانە سیاسەتی ناوخۆمان دەخاتە ئاستی ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا لەسەر مافەکانی مرۆڤ.

- پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.
- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ دژایەتیکردنی جیاکاریی.
- متمانەپێکردنی پەرلەمانی بۆ بنەماکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دژی سزادانو میکانیزمی پاراستنی نیشتمانی.
- پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی، کە لە دژی سزادانو خراپ مامەڵەکردن لە دژی هێزەکانی ئاسایش دەکرێن.
- ناونانەوەی شوێنەکانی نیشتەجێبوون بەپێی داوای نیشتەجێکان.
- پارتە سیاسییەکان ئازادن لە پەیوەندیکردن بە هەر زمانێک لەجیاتی تورکی.

دواتر ئەتەلای وتی: «لیستێکی تەواوکراومان لانییە، لەبەر ئەوەی ئێمە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی وەک پرۆسەیەکی دینامیکیو دانەخراو دەبینینو بواری پێداچوونەوە بەم هەنگاوانە لەژێر ڕۆشنایی پێشهاتەکاندا هەیە».

ئەتەلای وتی: ئەم دەستوورەی ئێستا ناتوانێت بە ستانداردی دەستوورێکی دیموکراتی سەدەی بیستویەکەم بگات، بۆیە پێویستمان بە دەستوورێکی مەدەنیو دیموکراتی هەیە، بەڵام ئەو هەندێک هەڵاوێردی داناو وتی: «یەکەمین سێ بەندی دەستووری قابیلی گۆڕان نین، ئەوانیش، دەوڵەتێکی یەکگرتوو، ئاڵا، سروودی نیشتمانیو زمانی فەرمی لە دەرەوەی هەر مشتومڕێک دەمێننەوە.»

## چارەسەری برینەکان، لە ستایشی پرۆژە ئابوورییەکاندا

وەزیری ناوخۆ وتی: گەشەکردنە ئابوورییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە مامەڵەکردنی ڕێکخراوی «تیرۆریستی»و لەناوبردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی. پرۆژە ئابورییەکانی پەیوەست بە کۆنیا، (ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ) بڕیارە لە ساڵی (٢٠١٣) تەواوبن.

ئەتەلای وتی: هەنگاونراوە بۆ دروستکردنی هەلی دامەزراندن، هەروەها یەک ملیۆن لیرەی تورکیش خەرجکراوە بۆ ئەوانەی لە هێرشە «تیرۆریستییەکان»دا زەرەرمەند بوون. هەروەها پرۆژەکانی چاکسازیی لە (١٤) هەرێمی ئەم وڵاتەدا وەگەڕخراون.

ئەتەلای وتی: ئەم هەنگاوانەی نراون بەس نین، ئێمە بەدوای پلانەکە دەکەوین، تا دیموکراسییەک بۆ خەڵکی دابیندەکەین، کە شایانیانە».

لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی پەشۆکان کەمبکاتەوە، ئەتەلای وتی: کە کرانەوەی دیموکراسی بۆ گرووپێکی تایبەتو لە وڵاتدا نییە.

«وەک پێشتر وتوومانە، دەستپێشخەریی دیموکراسی ئامانجی گشت وڵاتە، نەک گرووپێکی دیاریکراو، هەر بۆیە گوتاری «سەربەستی زیاتر بۆ هەمووان»مان بەرزکردووەتەوە. ئەمە تورکیا لاواز ناکات، بە پێچەوانەوە، تورکیا بەهێزتر دەکات».

## زیادبوونی پشێوییەکان

عومەر چەلیک، ڕاوێژکاری سیاسیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران، لەبری گرووپی پەرلەمانی پارتی دەسەڵاتداری دادوگەشە، دواو بەمشێوەیە دەستپێکرد؛ «ئێمە گفتوگۆیەکی زۆر گرنگ درێژە پێدەدەین،» بەڵام لەلایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکی ئۆپۆزسیۆنو سەردانکەرانەوە قسەکەی پێبڕدرا. پشێوییەکان گەیشتنە لوتکە کاتێک چەلیک ئۆپۆزسیۆنی تۆمەتبار کرد بە ڕاستگۆ نەبوون لە هەڵوێستی سیاسییاندا.

چەلیک پێیوابوو؛ «سیاسییەکان لە بەرپرسیارێتی سیاسیی خۆیان نادزنەوە بە فەرامۆشکردنی پێشێلکارییەکانی سەر مافی مرۆڤ لە وڵاتدا، دیدێکی سیاسیی ڕاستو دلێر ئەوەیە، کە بە گەشەکردنی دیموکراسی بگات.

دواتر وتی: وەکو ئەکەپە، هەموو ریسکێک دەکەین بۆ ئەوەی تورکیای داهاتوو بنیاد بنێین.

لە وەڵامی ئەوانەی کە ڕەخنە لە دەستپێشخەریی دیموکراسی دەگرن، چەلیک وتی: «تەنانەت ئەگەر ئەکەپە تەنیا بمێنێتەوە، ئەوا هەر بەردەوام دەبێت، سوپاس بۆ تۆڕە فراوانەکەی لە وڵاتدا».


SAMSUNG
لەگەڵ هەموو شتنێکدا جل و بەرگت نوێ بکەرەوە
جل شۆرەکانی سامسونج بە لولەکی ئەلماسی
(Dimound Drum)
SAMSUNG
کۆمپانیای بەیاد
www.bayadgroup.com
info@bayadgroup.com
00964 770 192 4220
سلێمانی - شەقامی سالم - تەلاری جمال حاجی عەلی
هەولێر - شەقامی پیرمام - تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی شۆڕش
بەغداد - کەرادە - شەقامی سەعدە


ڕێگایەکی تر بۆ سەرلەنوێ گەنج بوونەوە
سەرباری خزمەتگوزارییە پێشەنگەکانی، ئاسیاسێڵ ئەمڕۆ دەسپێشخەریەکی نوێت پێشکەش دەکات.
(هێڵی گەنجان) کە هەلی سەرنجراکێش و ناوازە دەگرێتەخۆ تەنها بە ١٠ دۆلارە و بەشداربوونی
مانگانەی تەنها ١ دۆلارە. لە(ماوەی گەنجان) واتە لە ١٢ شەوەوە تا ٩ ی بەیانی نرخی یەک
دەقیقە پەیوەندی تەنها ١ سەنتەو لەگەڵ ١٠٠ کورتەنامە SMS ی بێبەرامبەر لە مانگێکدا.
ئەمەو خزمەتگوزارییەکانی GPRS بە ڕێژەی ٨٠٪ دادەشکێت.
هەروەها دەبیتە بەشداربووی بێبەرامبەر لە هەریەک لە خزمەتگوزارییەکانی (دۆستان و بای بای)
هێڵی گەنجان!
Prepaid Line
ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١
www.asiacell.com


THE FUTURE IS HERE
ISHIK
UNIVERSITY
ERBIL
2008
مژدەیەکی نوێ لە (زانکۆی ئیشق) دوە
لەهەنگاوێکی تری بێ وێنە و لە پاڵ کۆلێژەکانی تردا، زانکۆی ئیشق هەلدەستێ بەکردنەوەی دوو بەشی نوێ بەنرخێکی زۆر گونجاو وەک دیارییەک بۆ ئەو قوتابیانەی کە پەرۆشن لە زانکۆی ئیشق بخوێنن بەلام هۆکاری دارایی ڕێگرە لەبەردەم خوێندنیاندا.
بەشەکان
١- پەروەردەی کۆمپیوتەر
٢- دارایی و ئابووری
نرخەکان بۆ هەردوو بەشەکە و قۆناغی بەرایی ( تمهیدی ) بەم شێوەیە دەبێت :
١- بۆ ئەو قوتابیانەی کە تێکڕایی نمرەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەییان لە سەروی ( ٨٠ ) دایە تەنها ٢٠٠$.
٢- بۆ ئەو قوتابیانەی کە تێکڕایی نمرەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەییان لە نێوان ( ٧٥-٨٠ ) دایە تەنها ٤٠٠$.
٣- بۆ ئەو قوتابیانەی کە تێکڕایی نمرەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەییان لە نێوان ( ٧٠-٧٥ ) دایە تەنها ٨٠٠$.
٤- بۆ ئەو قوتابیانەی کە تێکڕایی نمرەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەییان لە نێوان ( ٦٥-٧٠ ) دایە تەنها ١٢٠٠$.
٥- بۆ ئەو قوتابیانەی کە تێکڕایی نمرەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەییان لە خوارووی ( ٦٥ ) دایە تەنها ١٦٠٠$.
تێبینی:
ئەم دیارییە تایبەتە بەردەوام دەبێت بۆ هەموو ساڵەکانی خوێندنی قوتابی وەرگیراو بەمەرجێک هەر قۆناغێکی خوێندن بە یەک ساڵ تەواو بکات.
the WAY to SUCCESS
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە :
0662529841 - 07507050211
هەولێر \ شەقامی 60 مەتری نزیک وەزارەتی وەرزشییەوە
www.ishikuniversity.com

# ئەردۆغان: ڕکابەرەکانمان سیاسەت بە گۆڕی شەهیدانەوە دەکەن

Financial Times

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بە پەرلەمانی تۆڕەی تورکیای وت: چاکسازییەکان بۆ نەهێشتنی پێشێلکاریی مافی مرۆڤو فراوانکردنی بەکارهێنانی زمان بۆ هاوڵاتییانی کورد «هەلێکی مێژوویی»ە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی درێژخایەنی تورکیا. پاشان هیوای خواست ڕۆیفۆرمەکان یاخییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ڕازیبکات بەوەی کۆتایی بە ململانێی (٢٥) ساڵە بێنن، کە وتراوە بووەتە هۆی گیانلەدەستدانی (٤٠,٠٠٠) کەسو بڵاوبوونەوەی هەژاریی لە باشووری خۆرهەڵاتی زۆرینە کوردی تورکیا. ئەردۆغان وتی: «هەڵەیە بەمە بڵێین جەنگ لەدژی تیرۆریزم یان کێشەی کورد.... ئەمە پرۆژەی یەکبوونی نیشتمانیو برایەتییە».

بەڵام تەنیا بە چوارچێوەدانانی پلانەکە وەک کرانەوە بە ڕووی کەمینەکانداو کردنی بە کێشەیەکی ناسراو لە دووەم خولی حکومەتەکەیدا ریسک دەکات.

جەهەپە، ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی لە پەرلەمان بە حەماسەتێکی زۆرەوە چوونەدەرەوە کاتێک ئەردۆغان وتی: ڕکابەرەکانمان سیاسەت بە گۆڕی شەهیدانەوە دەکەن. دەوڵەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپەی ناسیۆنالیست، ئەردۆغانی تۆمەتبارکرد بە شێوەبەخشین بە پلانێکی ئەوروپی بۆ دابەشکردنی وڵاتو وتی: «ئەمە بەدبەختترین ڕۆژی مێژووی پڕبایەخی (٨٩) ساڵەی پەرلەمانی تورکیا بوو».

بەشیر ئەتەلای، وەزیری ناوخۆ، وتی: حکومەت دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بە لێکۆڵینەوە لە کەیسی سزادان پێکدەهێنێتو ڕێگە بە شارۆچکە زۆرینە کوردەکان دەدات کە ناوە کوردییە کۆنەکان بەکاربێننەوەو کۆتو بەندی بەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ پەخشو کەمپەین لادەبات. ئەو دەقی یاسایەکی خستبووەڕوو، کە ئەو منداڵانەی لە ئاژاوەکاندا دەگیرێن چیتر ڕووبەڕووی زیندانیکردنی ماوەدرێژ نەبنەوە، بەڵام ئەردۆغان کەمتر لایەنگریی کوردەکان بوو بە وتنی: «داوای بەکارهێنانی زمانی دایک بۆ پەروەردە لە خوێندنگەکانداو هەر گۆڕانکارییەک لە بەندی گرنگی دەستووری تورکیا تایبەت بە زمانو هێمای دەوڵەتی تورکیا، بۆ زۆرێک لە تورکەکانو سوپای بەهێزیش قبووڵنەکراوە». ئێستا ئەو ریسک دەکات بە دەنگدەرەکانییەوە لە تورکیا بەبێ ڕازیکردنی چالاکوانە کوردەکان.

ئەحمەد تورک، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات، کە تۆمەتباردەکرێت بە پەیوەستبوون بە پەکەکەوە، دەڵێت: «حکومەت دەبێت ڕوونیبکاتەوە کە چارەسەرێکی درێژخایەنی کێشەکەی دەوێت یان تەنیا دەیەوێت کێشەکە بۆ ئاستێکی گونجاو کەمبکاتەوە». ئەمریکاش دەیەوێت کۆتایی بەو ململانێیە بێنێت کە هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیریی هەرێمی کوردستانی باکووری عێراق، لەکاتێکدا یەکێتی ئەوروپا فشار دەخاتە سەر ئەوروپا بۆ پەرەپێدانی مافی کەمینەکان وەک بەشێکی گرنگ لە هەوڵەکانی بۆ بوونە ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا.

لە پەرلەماندا باسی یەکێک لە کێشە هەرە هەستیارەکان نەکرا: چۆن دەتوانرێت شەڕکەرانی پەکەکە لە چیاکان بهێنرێنە خوارەوە بەبێ باسکردنی کێشەی تیرۆریزم.

مانگی پێشوو، گروپێک چەکداری پەکەکە خۆیان تەسلیمی هێزەکانی ئاسایش کردەوە –یەکەمجارە لە چەند دەیەی ڕابردوودا– ، بەڵام ئەو ئاهەنگەی لە باشووری خۆرهەڵات بۆ بەخێرهاتنەوەیان کرا، ناڕەزایەتی لە بەشێکی دیکەی تورکیا دروستکردو بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتداران گەڕانەوەی چەکدارانی پەکەکە ڕابگرن. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆیتەرز گروپی دووەم بەبێ دروستکردنی ئاژاوە خۆیان تەسلیم کردووەتەوە. ئەردۆغانیش خۆی بەگەشتێک بە وڵاتدا ئامادەکردووە بۆ بەدەستهێنانی دەنگ.

مۆرتۆن ئەبرامۆیتز، باڵیۆزی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەنقەرە، لە جۆرناڵی پەیوەندییە دەرەکییەکانداو لەم مانگەدا وتی: «ئەکەپە بەهۆی سیاسەتەکانییەوە بەرامبەر بە کورد یان دەمرێت یان دەژیەت». ئاماژەی بەوەشکردووە؛ کێشەی کورد ریفۆرمی سیاسیی لاوازکردووە، سیاسەتی دەرەوەی تورکیای قەیدوبەند کردووەو خەرجییەکی زۆریشی لە سوپادا بەفیڕۆداوە.

# کرانەوە، کێشەی کورد بە کوێ دەگەیەنێت؟

**ئارام شێخ وەسانی**

## ئەکەپەو گۆڕان

دوای ئەوەی پارتی دادوگەشەپێدان لەساڵی (٢٠٠٣) هاتە سەر کورسی دەسەڵاتو چەندین گۆڕانکاریی جۆراوجۆر لە تورکیا هاتەکایەوە، یەکێک لە گۆڕانە گرنگو سەرەکییەکان بریتیبوو لە گۆڕانی ئاراستەی هەڵسوکەوتی تورکیا بەرامبەر بە کێشەی کورد، لەو ماوەیەی کە ئەردۆغانو حیزبەکەی دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتیان گرتووەتە دەست، کێشەی کوردو چارەسەری ئاشتییانەی بارودۆخی کوردو مافی کوردەکان چەندین هەنگاوی گەورەی ناوە، ئەو هەوڵانەی حیزبەکەی ئەردۆغان هەنگاو بە هەنگاو وایکردووە کە ئۆپۆزسیۆنو پارتە توندڕەوو نەتەوەپەرستەکانی تورکیا ناچار بکات کە بەرامبەر چەندین گۆڕانکاریی بێدەنگ بن، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەواندا یاساغ بووە، وەک کردنەوەی بەشی کوردیو قسەکردن بە کوردیو داننان بە مافی نووسینو قسەکردنو داننان بە بوونی کێشەی کورد، بەڵام وەک هەموو لایەک بینی کێشەی کورد چووە پەرلەمانی تورکیاو هەموو لایەنە سیاسییەکانو خەڵکی تورکیا چاودێریی بارودۆخەکەوهەنگاوەکانی پەرلەمانیان کرد، لەم دەستکەوتەی حکومەتەکەی ئەردۆغان گرنگترین شت ئەوەیە، کە دەتوانێت کێشەی کورد لە ڕێگەی هەموارکردنی دەستوورەوە چارەسەربکات، دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی تورکیا ڕۆشنبیرانو نووسەرانو چاودێرانی سیاسیی تورکیا بارودۆخەکەیان بە ئاراستەی ئەوە شرۆڤە کرد، کە چوونی کێشەی کورد بۆ پەرلەمان گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە، چونکە هەر پەرلەمانە دەتوانێت دەستوور هەموار بکات.

## سەرکێشیی سیاسیی

لە میدیاکانی تورکیا ئەم هەنگاوەی ئەردۆغان وەک سەرکێشییەکی سیاسیی باسدەکرێت، بابەتی پرسی کرانەوە بە ڕووی کوردو باسکردنی لە پەرلەمان لە بەرامبەر توندڕەوەکان بە سەرکێشیی ئەژماردەکرێت، پاش ئەوەی ڕۆژی هەینی پەرلەمانی تورکیا کۆبووەوە، ڕۆژێکی مێژوویی تۆمارکرا، لەو دانیشتنەدا چەندین وتارو گفتوگۆ پێشکەشکران.

لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات باسی لەوە کرد، کە لە ڕابردوودا تورکیا سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەرامبەر کورد بەکارهێناوە، ئێمە ئەگەر ڕووبەڕووی ڕابردووی خۆمان نەبینەوەو پەنجە نەخەینە سەر برینەکانمان، ئەوا ناتوانین هەنگاو بۆ داهاتوو بنێین، ئەحمەد تورک وتی: «لە ڕابردوودا مافی کوردەکان زەوتکرابوو، شەڕێکی بێ کۆتایی ڕاگەیەنرابوو بەرامبەر بە کوردەکان، بەڵام من هەموو لایەک دڵنیا دەکەمەوە کە بەبێ چارەسەری کێشەی کورد، تورکیا ناتوانێت هیچ خەونێکی سیاسیی بێنێتەدی، کورد کێشەی ئاڵاو سنووری نییە، کورد ئاشتی دەوێت، بۆیە پێویستە هەمووومان بەیەکەوە درێژە بدەین بە کاروانی ئاشتی بۆ ئەوەی چیتر خوێنی ڕۆڵەکانمان بەهەردەر نەڕوات».

دواتر دەنیز بایکاڵ، سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری، وتەیەکی پێشکەشکردو وتی: «کێشەکە دەستوورە»، بەشیر ئاتالای وتویەتی دەستوور پێویستی بە گۆڕین نییە، بەڵام ئەردۆغان دەڵێت پێویستە دەستوور هەمواربکرێت، بایکاڵ وتیشی: «ئەو شاندانەی کە وەک شاندی ئاشتی هاتوونەتەوە تورکیا وەک نوێنەری ئۆجەلان خۆیان ناساندووە، بۆیە بەپێی دەستوور بێت، دەبێت ئەو کەسانە دەستگیر بکرێن، چونکە پەکەکە یاساغە لە وڵات، ئێمە (٣٠) ساڵە دژایەتی تیرۆر دەکەین، ئێستا کاربەدەستانی ئەردۆغان پێشوازی لەو تیرۆریستانە دەکەن، کە دژی یاساو دەستووری وڵاتن».

لەلایەکی دیکەوە، سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا، دەوڵەت باخچەلی وتارێکی پێشکەشکردو ڕەخنەی توندی ئاراستەی پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کوردا کرد، باخچەلی وتی: «پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کوردا، واتا پرۆسەی دابەشکردنی تورکیا، ئەمەش دژی ئەو ڕابردووەیە کە ئەتاتورک بناغەی بۆداناوە، کە تورکیا یەکپارچەو یەک نەتەوەیە، هەروەها ڕێگەنادەین لە پەرلەمانەوە کار بۆ پارچە پارچەکردنو هەڵوەشاندنەوەی کۆماری تورکیا بکرێت، هەروەها ئەوە (٣٠) ساڵە کەسوکارەکانمان قوربانیی دەدەن ئێستا ئامادەنین سازش لەسەر خوێنی قوربانییەکان بکرێت».

هەروەها نوێنەری کوتلەی ئەکەپە لە پەرلەمان عومەر چەلیک، وتارێکی پێشکەشکردو ڕەخنەی توندی لە هەردوو پارتی ئۆپۆزسیۆن گرت، کە بێبنەما ڕووبەڕووی پرۆسەی دیموکراسیو پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کوردا دەبنەوە، عومەر وتی: «پارتی دادوگەشەپێدان بەردەوام دەبێت تاوەکو پرۆسەی کرانەوە بە تەواویی دەگاتە ئامانجەکانی، هەروەها ڕووبەڕووی ڕێگرییەکانیش دەبینەوە». هەر لەو دانیشتنەدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وتەیەکی پێشکەشکردو باسی لە چەندین تەوەری جیاواز کرد، لەوانە کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١)ی کوردەکانی عێراقو کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەردۆغان باسی لەوە کرد، کە ئێمە لە ڕابردووەوە هەست بەو ئازارانە دەکەین، چونکە ئەوە پێش هەرشتێک ئێمە مرۆڤین، سەبارەت بە پارتە توندڕەوەکانو کاردانەوەکانیان بەرامبەر پرۆسەی دیموکراسی، ئەردۆغان وتی: «ئێوە چەند ساڵ دەسەڵاتتان بەدەستەوە بوو چیتان بۆ میللەتی تورکیا کرد، ئێمە ئێستا پرۆسەی ئاشتی دیموکراسیمان گرتووەتە دەست، دەمانەوێت وڵات لە ئاشتیدا بێت، تەنیا دیموکراسی دەتوانێت کێشەکانمان چارەسەربکات، ئێمە پێش ئەوەی هەر شتێک بین ئێمە مرۆڤین لەو ڕوانگەیەوە پێویستە دەرفەتی یەکسانیی ژیان دابینبکەین بۆ هەموو لایەک، ئێمە پێویستە کێشەی کوردو کێشەی تیرۆر تێکەڵ نەکەین، ئەو دوو بابەتە جیاوازن، ئێمە لە ئێستاو لە ڕابردووشدا گوێمان لە ئازارەکانی خەڵک گرتووە».

## شرۆڤە سیاسییەکان

پاش ئەوەی هەریەکە لە دوو پارتی ئۆپۆزسیۆن لەماوەی ڕابردوودا بە توندیی ڕووبەڕووی پرۆسەی کرانەوە بە ڕووی کورد، بوونەوە، ئەوەبوو چەندین گوتاری توند هاتنە ناو میدیاکانی تورکیا، کە شەڕی ئۆپۆزسیۆنو حکومەتی دەردەخست، پاش ماوەیەک لە ململانێو لێدوانی دژ، هەریەکە لە ئەردۆغانو بایکاڵ بڕیاربوو دانیشتنێک ئەنجامبدەن، بەڵام ئەو دانیشتنە مەرجدار کرا، بۆیە نەگەیشتە ئەنجام، ئەوەی گرنگ بوو ئەوە بوو ڕۆژی هەینی لە پەرلەمان هەموو لایەنەکان گوێیان لەیەکتر گرت، بەڵام لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان نەیانتوانی تا کۆتایی دانشتنەکە بمێننەوە، بایکاڵ هۆڵی پەرلەمانی جێهێشت. شرۆڤەو لێکدانەوە سیاسییەکانی تورکیا باس لەوە دەکەن، کە چوونی کەیسی کرانەوە بە ڕووی کورد بۆ پەرلەمان سەرکێشییەکی ئەردۆغانە، ئەگەری ئەوە هەیە باجەکەشی بدات، بەڵام هەندێک لایەنی دیکە تەنیا وەک شانۆگەرییەک دەڕواننە بابەتەکە، میانڕەویی ئەردۆغان بەرامبەر کێشەی کوردو توندڕەویی پارتی نەتەوەپەرستو پارتی کۆماریی پەیوەندیی بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی تورکیاوە هەیە، هەندێک چاودێری سیاسییو شارەزا، ئەو بابەتە دووپاتدەکەنەوە. هێمن میرانی، مامۆستای زانکۆو شارەزا لە کاروباری تورکیا، ئەو ململانێو بەریەککەوتنەی نێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانو پارتی دەسەڵات وەک هەڵمەتو خۆئامادەکردن دەبینێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی تورکیا. هێمن دەڵێت: «مێژووی پارتە توندڕەوەکان دیارە، ئەوان ئێستا کە لە کورسی دەسەڵات نەمان دەیانەوێت سۆزی خەڵکی تورکیا بەجۆرەها دروشمو هەنگاو وەدەست بخەن، بۆیە پێموایە ئەو ململانێیەی کە لەنێوان ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات هەیە، بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی داهاتووی تورکیایە».








# ئه‌ردۆغان له‌نێوان كوردو ناسیۆنالیسته‌كاندا

AFP

شـیـكـاروانـان پێیانوایه‌، پلانی توركیا بۆ فراوانكردنی مافی به‌كارهێنانی زمـان‌و دژایه‌تیكردنی جیاكاریی له‌ دژی كورده‌كان، ناتوانێت هێزه‌ چه‌كداره‌كان ڕازیبكات چه‌ك دابنێن، جگه‌له‌وه‌ی ده‌بێته‌هۆی زیادكردنی توڕه‌یی ناسیۆنالیسته‌كان له‌ به‌رامبه‌ر ملكه‌چكردنی حكومه‌ت بۆ «تیرۆریستان».

ڕۆژی هه‌ینی‌و له‌ كۆبوونه‌وه‌یه‌كی په‌رله‌مانی شێواودا، به‌شیر ئه‌ته‌لای پلانی وه‌زیری ناوخۆ پرۆژه‌ی حكومه‌تی بۆ پێدانی مافی زیاتر به‌ (١٢) ملیۆن كوردی وڵات‌و كۆتاییپێهێنان به‌ كێشه‌ی (٢٥) ساڵه‌ی ململانێ له‌گه‌ڵ جوداخوازه‌كانی پارتی كرێكارانی كوردستان (په‌كه‌كه‌)، خسته‌ڕوو. له‌نێو پلانه‌كه‌دا، ڕێگه‌ به‌ شارۆچكه‌ زۆرینه‌ كورده‌كان ده‌درێت ناوه‌ كۆنه‌كان به‌كاربهێننه‌وه‌، پێدانی مافی به‌كارهێنانی زمانی كوردی له‌ كه‌مپه‌ینی هه‌ڵبژاردن‌و ڕێگه‌پێدانی تاوانباران بۆ قسه‌كردن به‌ كوردی كاتێك خزمه‌كانیان سه‌ردانیان ده‌كه‌ن. ئه‌ته‌لای وتی: «هه‌روه‌ها حكومه‌ت لیژنه‌یه‌ك پێكده‌هێنێت بۆ لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ سزادان».

مـورات یه‌تكین، كۆمێنتاری سیاسیی له‌ ڕۆژنامـه‌ی ڕادیكاڵ ده‌یلیدا نووسیویه‌تی: ئه‌م ڕاگه‌یاندنه‌ هه‌نگاوه‌كانی حكومه‌تی لـه‌دژی ئه‌و پێشبینییه‌ سه‌لماند، كه‌ ده‌ڵێت حكومه‌ت چه‌ند مانگه‌ گفتوگۆی ئاڵۆز له‌سه‌ر «هه‌نگاوی بوێرانه‌» ده‌كات. دواتر وتی: «ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌ته‌لای ڕایگه‌یاندووه‌، له‌ ڕاستیدا هه‌نگاوی گه‌شه‌كردنی دیموكراسیی بن، ئه‌وه‌ باشن، به‌ڵام په‌كه‌كه‌ له‌ چیاكان نایه‌ته‌ خوارێ ته‌نیا له‌به‌رئه‌وه‌ی لیژنه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆی مافی مرۆڤ هه‌یه‌و خه‌ڵكی له‌ زینداندا ده‌توانن زمانی خۆیان به‌كاربهێنن».

په‌كه‌كه‌، كه‌ له‌ ساڵی (١٩٨٤)ه‌وه‌ بۆ حوكمی «خۆیی» له‌ باشووری توركیا ده‌جه‌نگێت، به‌جۆرێك ژماره‌ی كوژراوان به‌ (٤٥٠٠٠) كه‌س ده‌خه‌مڵێنرێت، ڕۆژی شه‌ممه‌ ڕه‌خنه‌ی له‌ پلانه‌كه‌ی حكومه‌ت گرت‌و به‌ «ڕووكـه‌ش»و «قسه‌ی پڕوپووچ» نـاوی برد، ئه‌م گرووپه‌ له‌ڕێی ئاژانسی هه‌واڵی فراتی پرۆ-كورده‌وه‌ وتوویانه‌: «كێشه‌ی كورد به‌بێ دانپێدانانی ئیراده‌ی كوردو گفتوگۆكردن له‌گه‌ڵ نوێنه‌ره‌كانیاندا چاره‌سه‌رناكرێت». حكومه‌ت ڕه‌تیده‌كاته‌وه‌ كه‌ له‌گه‌ڵ گروپێكدا بدوێت كه‌ به‌ تیرۆریست ناویانده‌بات‌و به‌رده‌وامیش ده‌بێت له‌ هه‌ڵمه‌ته‌ سه‌ربازییه‌كانی له‌دژی یاخییه‌كان.

هه‌رچه‌نده‌ ئه‌ته‌لای باس له‌ پێویستی بوونی ده‌ستوورێكی نوێی لیبراڵتر ده‌كات، به‌ڵام گۆڕان له‌ هه‌ندێك به‌ندی گرنگی ده‌ستووردا ڕه‌تده‌كاته‌وه‌ كه‌ توركیا وه‌ك ده‌وڵه‌تێكی یه‌كگرتوو نیشانده‌دات كه‌ زمانه‌كه‌ی توركییه‌. گونه‌ری جیڤائۆگلو له‌ میللیه‌ت ده‌یلیدا ده‌ڵێت: ئه‌مه‌ ده‌ستپێكی ده‌ستپێشخه‌ریی حكومه‌ته‌. دواتر ئه‌و ده‌ڵێت: «چالاكوانه‌كانی كورد ئه‌و هه‌نگاوانه‌ به‌پێی پێویست نابینن‌و گۆڕینی ده‌ستوور، له‌ڕاستیدا ده‌ستوورێكی نوێیان ده‌وێت بۆ به‌ده‌ستهێنانی زیاتر».

هه‌رچه‌نده‌ پارتی دادوگـه‌شـه‌ی ده‌سه‌ڵاتدار زۆرینه‌یه‌ له‌ په‌رله‌ماندا، به‌ڵام (٣٦٧) ده‌نگی له‌كۆی (٥٥٠) كورسی نییه‌ بۆ ده‌نگدان له‌سه‌ر گۆڕینی ده‌ستوورو ناشتوانێت ئۆپۆزسیۆن به‌مه‌ ڕازیبكات. له‌ دانیشتنی ڕۆژی هه‌ینی په‌رله‌ماندا، ده‌وڵـه‌ت به‌خچه‌لی، سه‌رۆكی مه‌هه‌په‌، حكومه‌تی تۆمه‌تبار كرد به‌وه‌ی له‌گه‌ڵ «تیرۆریستان»دا دانووستان ده‌كات، له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ سه‌رۆكی پارتی ئۆپۆزسیۆنی سـه‌رۆكی جه‌هه‌په‌، ده‌نیز بایكاڵ ئه‌ردۆغانی تۆمه‌تباركرد به‌وه‌ی ده‌یه‌وێت وڵات تێكبشكێنێت‌و توركیا دابه‌شبكات.

جیڤائۆغلو وتـی: حكومه‌ت ڕووبـه‌ڕووی دیوارێكی سایكۆلۆژی ده‌بێته‌وه‌، كه‌ زۆر گرانه‌ به‌سه‌ریدا سه‌ركه‌وێت، كاردانه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ریی له‌دژی پلانه‌كه‌ له‌ به‌رزبوونه‌وه‌دایه‌». حوسنو مه‌هالی له‌ ئه‌كشام ده‌یلی جه‌ماوه‌رییدا ده‌ڵێت: حكومه‌ته‌كه‌ی ئه‌ردۆغان به‌ته‌نیا ماوه‌ته‌وه‌ له‌ كرانه‌وه‌ی كوردیداو له‌گه‌ڵ به‌رزبوونه‌وه‌ی ده‌نگی ناسیۆنالیسته‌كانیشدا به‌رامبه‌ر پرۆژه‌كه‌ی حكومه‌ت ئه‌و پلانه‌ به‌ ڕیسكێكی گه‌وره‌ داده‌نرێت. دواتر وتی: له‌كاتێكدا كورده‌كان ڕه‌نگه‌ دڵشاد بن به‌م پلانه‌ی حكومه‌ت، توركه‌ ناسیۆنالیسته‌كان زۆر له‌م پلانه‌ی حكومه‌ت توڕه‌ ده‌بن‌و ئه‌م پشێوییه‌ زیاتر ده‌كه‌ن كه‌ ئێستا هه‌یه‌ له‌ وڵاتدا. دواتر وتی: سه‌رۆك وه‌زیران ناچارده‌كرێت له‌نێوان كوردو ده‌نگده‌ره‌ ناسیۆنالیسته‌كاندا یه‌كێكیان هه‌ڵبژێرێت.

# په‌یمانی كۆتاییپێهێنانی شه‌ڕی كورد

The National

حكومه‌تی توركیا په‌یمانی دا، كه‌ كۆتایی به‌ ململانێی درێژخایه‌نی كورده‌كان بێنێت، به‌ پێدانی هه‌رچی زیاتری مافه‌ به‌ گشت هاوڵاتییه‌كو نووسینی ده‌سـتـوورێـكـی نـوێ بۆ وڵاتـه‌كـه‌ی، كه‌ كاندیدی ڕێكخراوی یه‌كێتی ئه‌وروپایه‌.

به‌شیر ئه‌ته‌لای وه‌زیری ناوخۆی توركیا له‌ لێدوانێكی ته‌له‌فزیۆنیداو له‌به‌رده‌م په‌رله‌مان‌و له‌ دووه‌م گفتوگۆی هاوشێوه‌، كه‌ له‌وباره‌یه‌وه‌و له‌ ماوه‌ی سێ ڕۆژدا بكرێت، وتی: «ئازادیی زیاتر بۆ هه‌مووان توركیا لاواز ناكات، به‌ڵكو به‌هێزی ده‌كات.

«ئـه‌م وته‌یه‌ یه‌كه‌مینجار بوو له‌ پـاش چه‌ندین مانگ لـه‌ مشتومڕی ناڕه‌سمیی ده‌ربـاره‌ی پلانی توركیا بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كورد خستیه‌ڕوو، ئه‌و كێشه‌یه‌ی بووه‌ته‌ هۆی له‌ ده‌ستچوونی ده‌یان‌و هه‌زاران كه‌س له‌ دوای ئه‌وه‌ی یاخییه‌كانی پارتی كرێكارانی كوردستان (په‌كه‌كه‌) له‌ (١٩٨٤)دا چه‌كیان هه‌ڵگرت. بیرۆكه‌ی سه‌نته‌ریی پلانه‌كه‌ی حكومه‌ت بریتییه‌ له‌ پێدانی مافی زیاتر به‌ كورده‌كان، به‌ هاوبه‌شی چه‌ند پلانێكی ئابووریی‌و به‌رده‌وامبوونی فشار له‌سه‌ر په‌كه‌كه‌، ده‌بێته‌ هۆی كه‌مبوونه‌وه‌ی پشتگیریی بۆ یاخییه‌كان.

ئه‌ته‌لای وتـی: زۆرێـك له‌ كۆت‌و به‌نده‌كانی به‌رده‌م به‌كارهێنانی زمانی كـوردی له‌ناو جـه‌مـاوه‌ردا نامێنێت، شارۆچكه‌و ناوچه‌كانی دیكه‌ ده‌توانن ناوه‌ كوردییه‌كانیان بۆ بگه‌ڕێندرێته‌وه‌، له‌ دوای ئه‌وه‌ی ناوه‌كانیان كران به‌ توركی، به‌ تایبه‌ت له‌ ساڵانی دوای كوده‌تای عه‌سكه‌ریی (١٩٨٠).

هه‌روه‌ها ڕێگه‌ به‌ زمانی كوردی ده‌درێـت له‌ كه‌مپه‌ینی هه‌ڵبژاردندا به‌كاربێت، كه‌ ده‌كاته‌ به‌تاڵكردنه‌وه‌ی ئـه‌و داوایـانـه‌ی لـه‌سـه‌ر زۆرێـك له‌ سیاسییه‌ كورده‌كان به‌رزكرابوونه‌وه‌ له‌ ڕابردووداو بوونه‌ هۆی بردنی زۆرێكیان بۆ به‌رده‌م دادگا.

مـیـدیـای تـوركـی ئـه‌وه‌ی ئاشكراكردووه‌، كه‌ حكومه‌ت به‌نیازه‌ ڕێگه‌ به‌ فێركردن به‌ زمانی كوردی له‌ خوێندنگه‌كاندا بدرێت، زانكۆ حكومییه‌كان ده‌بێت په‌یمانگه‌ی فێركردنی زمان‌و ئه‌ده‌بیاتی كوردی بكه‌نه‌وه‌، هه‌روه‌ها ڕێگه‌ به‌ په‌خشی ته‌له‌فزیۆن‌و ڕادیۆی كوردی (٢٤) كاتژمێر له‌ ڕۆژێكدا دراوه‌. له‌ كانوونی دووه‌مـی ڕابـردووشـدا ته‌له‌فزیۆنی حكومیی توركیا، ته‌ڕه‌ته‌، ده‌ستی به‌ په‌خشی كوردی كرد.

ئه‌ته‌لای وتی: حكومه‌ت ده‌یه‌وێت ژیانی ڕۆژانـه‌ بۆ (١٢) ملیۆن كوردی (خه‌مڵێنراو)ی وڵات ئاسان بكات. خاڵه‌كانی پشكنین له‌ ناوچه‌ كوردییه‌كاندا له‌ بـاشـووری ڕۆژهـه‌ڵاتـی ئه‌نادۆڵ كه‌مده‌كرێنه‌وه‌.

ئه‌ته‌لای وتی: زۆرێك له‌ كورده‌كان ئه‌م خاڵانه‌ی پشكنین واده‌بینن، كه‌ حكومه‌ت كورده‌كان به‌ هه‌ڕه‌شه‌یه‌كی گه‌وره‌ ده‌زانێت.

به‌پێی نموونه‌یه‌كی میدیای توركیا، (٢١) خاڵی پشكنین له‌ نێوان دوو شاری هه‌كاری‌و وان له‌ باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی توركیادا هه‌یه‌.

ئه‌م خاڵانه‌ پێویسته‌ كه‌مبكرێنه‌وه‌ بۆ یه‌ك، وه‌ك ڕاپۆرته‌كه‌ ده‌ڵێت.

له‌ هه‌وڵێكدا بۆ ئه‌وه‌ی بیسه‌لمێنێت، كه‌ پلانی «كرانه‌وه‌ی دیموكراسی» ته‌نیا بۆ كورده‌كان نییه‌، ئه‌ته‌لای بانگی گشت لایه‌نه‌كانی ناو په‌رله‌مانی توركیای كرد بۆ نووسینه‌وه‌ی ده‌ستوورێكی نوێ بۆ توركیا.

كه‌ پێشتر له‌ساڵی (١٩٨٠) له‌دوای كوده‌تایه‌ك له‌لایه‌ن سوپاوه‌، نووسراوه‌.

ڕیفۆرمی ده‌ستووریی داوایه‌كی ڕێكخراوی یه‌كێتی ئه‌وروپایه‌، كه‌ توركیا ده‌یه‌وێت ببێته‌ ئه‌ندام له‌و ڕێكخراوه‌.

ناسیۆنالیسته‌كان ده‌ڵێن، پلانی كوردی حكومه‌ت سه‌ركه‌وتن به‌ په‌كه‌كه‌ ده‌به‌خشێت.

ده‌وڵه‌ت به‌خچه‌لی سه‌رۆكی پارتی ڕاستڕه‌وی میللیه‌تی نه‌ته‌وه‌په‌رست (مه‌هه‌په‌)و له‌ پاش قسه‌كانی ئه‌ته‌لای به‌ په‌رله‌مانتارانی وت: په‌رله‌مان خراپترین ڕۆژه‌كـانـی خـۆی له‌ مـێـژووی (٨٨) ساڵه‌یدا ده‌بینێت.

له‌ بـاره‌ی پـه‌كـه‌كـه‌وه‌، كه‌ وه‌ك ڕێكخراوێكی تیرۆریستی له‌لایه‌ن توركیا، ئه‌ورووپاو ئه‌مریكاوه‌ له‌ قه‌ڵه‌مده‌درێت وتـی: «جـه‌نـگ لـه‌ دژی تیرۆریزم تـه‌واو، چاخی گفتوگۆ له‌گه‌ڵ تیرۆر ده‌ستپێكردووه‌».

# ئه‌ردۆغان: «چیاكان بۆمباران كران، هێرشی سنووربڕ كرا، به‌ڵام كێشه‌كه‌ چاره‌سه‌رنه‌كرا»

Washington Post

حكومه‌تی توركیا، چه‌ند پێوه‌رێكی نوێی بۆ ئاشتبوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ كه‌مینه‌ی كوردو كۆتاییهێنان به‌ ململانێی (٢٥) ساڵه‌ ئاشكرا كرد، به‌ڵام باسی ئه‌و لێبووردنه‌ گشتییه‌ی تێدانه‌بوو، كه‌ كورده‌ یاخییه‌كان داوایده‌كه‌ن. حكومه‌ت ده‌یه‌وێت ته‌واوی كۆت‌و به‌نده‌كانی سه‌ر به‌كارهێنانی زمانی یاساغكراوی كوردی لاببات.

به‌شیر ئـه‌تـه‌لای، وه‌زیـری ناوخۆ وتـی: حكومه‌ت به‌نیازه‌ لیژنه‌یه‌ك بۆ دژایه‌تیكردنی جیاكاریی ڕه‌گـه‌زیـی دابنێت، گونده‌كان به‌ناوی ئه‌سڵی خۆیان ناوبنێته‌وه‌و لیژنه‌یه‌كیش بۆ مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ئه‌و سكاڵایانه‌ی دژی هێزه‌كانی ئاسایش تۆمار ده‌كرێن، پێكبهێنێت، دواتر ئه‌ته‌لای وتـی: «ئه‌مه‌ پلانێكی كـراوه‌و دینامیكییه‌».

تـوركـیـا لـه‌ژێـر فـشـاردایـه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كـورد، وه‌ك چۆن له‌ مه‌حكه‌مه‌ی ئه‌ندامێتی یه‌كێتی ئه‌ورووپاشدایه‌.

سه‌ركرده‌ سه‌ربازیی‌و مه‌ده‌نییه‌كانی توركیا دانیان به‌مه‌دا ناوه‌، به‌ڵام ئه‌مه‌ به‌س نییه‌ بۆ نه‌هێشتنی ئه‌و یاخییانه‌ی، كه‌ له‌ ساڵی (١٩٨٤)ه‌وه‌ شه‌ڕ بۆ سه‌ربه‌خۆیی ده‌كه‌ن‌و چه‌ند هێرشێكی سنووربڕیان له‌ باكووری عێراقه‌وه‌ بۆ سه‌ر توركیا كردووه‌و ده‌یان‌و هه‌زاران كه‌س له‌ پێكدادانه‌كاندا مردوون، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌ پێشێلكردنی مافی مرۆڤ له‌لایه‌ن هه‌ردوو لاوه‌.

هه‌رچه‌نده‌ پێكدادانه‌كان كه‌مبوونه‌ته‌وه‌ له‌م مانگه‌ی دواییدا، بـه‌ڵام حكومه‌تی توركیا پێویسته‌ بتوانێت جه‌ماوه‌ری وریا ڕازیبكات به‌وه‌ی، كه‌ ئاشتبوونه‌وه‌ له‌گه‌ڵ پارتی كرێكارانی كوردستان، یان په‌كه‌كه‌، گونجاوو پێویستیشه‌ بۆ سه‌قامگیرییه‌كی درێژخایه‌ن.

نه‌یاره‌كان ده‌ڵـێـن: ئاشتبوونه‌وه‌ فه‌رامۆشكردنی كـوژرانـی سه‌ربازه‌ توركه‌كان‌و لاوازكردنی یه‌كێتی ده‌وڵه‌ته‌.

هه‌روه‌ها ئه‌وان ڕه‌خنه‌ له‌ حكومه‌ت ده‌گرن، كه‌ گفتوگۆ له‌گه‌ڵ یاخیبووه‌كان ده‌كات، كه‌ له‌لایه‌ن توركیاوه‌ به‌ تیرۆریست داده‌نرێن.

ڕه‌جه‌ب ته‌یب ئه‌ردۆغانی سه‌رۆك وه‌زیرانی توركیا له‌ وته‌یه‌كیدا له‌به‌رده‌م په‌رله‌مان وتی: «ئایا چیاكان بۆمباران نه‌كران، بێگومان كـران، ئایا هێرشی سـنـووربـڕ نـه‌كـرا، بـه‌ڵـێ كـرا، ئه‌ی تیرۆریسته‌كان بـــه‌رده‌وام نه‌بوون؟ به‌ڵێ بـه‌رده‌وامـبـوون، ناتوانرێت ئه‌م كێشه‌یه‌ به‌ ته‌نیا به‌ هێزه‌كانی ئاسایش چاره‌سه‌ربكرێت».

یاخییه‌كان داوای به‌خشین بۆ سـه‌ركـرده‌و شه‌ڕكه‌ره‌كانیان ده‌كـه‌ن. عه‌بدوڵڵا ئۆجه‌لانی سه‌ركرده‌ی یاخییه‌كان، كه‌ فیگه‌رێكه‌ زۆرێك له‌ توركه‌كان ڕقیان لێیه‌تی، ته‌واوی ژیانی له‌ زینداندا به‌سه‌ر ده‌بات.

ڕازیكردنی هه‌زاران یاخی بۆ دانانی چه‌كه‌كانیان پرۆسه‌یه‌كی درێژخایه‌ن‌و قورس ده‌بێت.

بـه‌ڵام لـه‌ ڕاگه‌یاندنی ئـه‌و پلانی ئاشتییه‌ی، كه‌ موافه‌قه‌تی په‌رله‌مان ده‌خـوازێـت، حـكـومـه‌ت بـاسـی هیچ لێبووردنێكی نه‌كردووه‌.

پارته‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌كه‌ی ئه‌ردۆغان زۆرینه‌یه‌كی به‌هێزی له‌ په‌رله‌ماندا هه‌یه‌، پلانه‌ نوێیه‌كان ڕێ به‌ سیاسییه‌ كـورده‌كـان ده‌ده‌ن به‌ زوبانی خۆیان بدوێن له‌ كاتی كه‌مپه‌یندا، پێچه‌وانه‌ی ئه‌و یاسایه‌ی كه‌ ڕووبه‌ڕووی سیاسییه‌ پرۆ-كورده‌كان ده‌بووه‌وه‌، به‌وه‌ی داوایان له‌ دژ به‌رزده‌كرایه‌وه‌، ئه‌گه‌ر به‌ كوردی له‌ناو جه‌ماوه‌ردا بدوانایه‌.

وه‌زیـــری نـاوخـۆ ئـامـاژه‌ی به‌ په‌یامه‌كه‌ی ئه‌ردۆغان كـرد به‌ وتنی؛ «ده‌مانه‌وێت ئازادیی‌و مافه‌ سیاسییه‌كانی گشت هاوڵاتییه‌كانمان فـراوان بكه‌ین، ده‌ستپێشخه‌ریی دیموكراسی نیازی نییه‌ زه‌ره‌ر له‌ یه‌كێتیی نیشتمانیی‌و یه‌كگرتوویمان بـدات، به‌ڵكو به‌هێزی ده‌كات». په‌رله‌مانتارانی ئۆپۆزسیۆن، كه‌ هه‌فته‌یه‌ك پێشتر نه‌یانهێشتبوو وه‌زیری ناوخۆ به‌رده‌وامبێت له‌ قسه‌كانی، ئه‌م هه‌فته‌یه‌ به‌ بێده‌نگی گوێیان له‌ قسه‌كانی وه‌زیر گرت، به‌ڵام پرسیاری نابه‌جێیان له‌ سه‌رۆك وه‌زیران كردو هه‌ندێكیان له‌ كاتی قسه‌كانیدا چوونه‌ ده‌ره‌وه‌.

له‌ هۆڵی په‌رله‌ماندا، دوو خوێندكار هوتافی دژی حكومه‌تیان ده‌كێشاو كه‌سێكیش، كه‌ خزمی سه‌ربازێكی كوژراوی ده‌ستی په‌كه‌كه‌ بوو، ئاڵای توركیای له‌و مینبه‌ره‌ كـرده‌وه‌، كه‌ پلانه‌كه‌ی له‌سه‌ر ئاشكرا ده‌كرا. هه‌رسێكیان دوورخرانه‌وه‌.

سـه‌رۆكـی پـارتـی پـرۆ-كـوردی كۆمه‌ڵگه‌ی دیموكرات وتی: جیا له‌و مافه‌ كلتوورییانه‌ی كه‌ ده‌درێـن به‌ كه‌مینه‌ كورده‌كان، حكومه‌ت ده‌بێت ئۆپه‌راسیۆنی سه‌ربازیی دژ به‌ یاخییه‌كان بووه‌ستێنێت.

ئه‌حمه‌د تـورك سه‌رۆكی ده‌ته‌په‌ وتـی: «سووربوونی حكومه‌ت له‌سه‌ر وه‌گه‌ڕخستنی ئۆپه‌راسیۆنی سه‌ربازیی مه‌رگی خه‌ڵكی نه‌وه‌ستاندووه‌، هیوادارین كێشه‌كه‌ چیتر په‌یوه‌ست نه‌كرێت به‌ سوپاوه‌». كورده‌كان (٢٠٪)ی دانیشتووانی (٧٠) ملیۆنی توركیا پێكده‌هێنن‌و زۆرینه‌ی هه‌رێمی هه‌ژاری باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی توركیان.





# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)ە لەگەڵ ...دا بڵاودەکرێتەوە.

Kurdish Institute for Elections

ساڵی دووەم ژمـــارە (٩) سێشەممە ٢٠٠٩/١١/١٧





**بەختیار حاجی: دوای ١٨ ساڵ لەکاری ڕێکخراوەیی، باشترە ڕێکخراوەکان خۆیان...**

...ل ٢



**لەبەر ڕۆشنایی یاسای هەموارکراوی ...**

...ل ٣



**یاسای هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی...**

...ل ٤

# ئەمڕۆ پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەکات



یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتییانی شاری سلێمانی

فۆتۆ: ڕۆژنامە

**ئا: رایگشتی**

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە ٢٠٠٩/١٠/١٥ لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە رادەستی نوسینگەی سلێمانی پەرلەمان کرا، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێتو پاشان ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند بکرێتو پەرلەمانتارانیش بە بایەخەوە دەڕواننە پرۆژە یاساکە.

د.زانا رەئوف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان سەبارەت بەگرنگی پرۆژەیاساکە وتی «ئەم پرۆژە یاسایە بایەخی زۆری هەیە بەتایبەت لەو رووەوە کەخۆپیشاندانی وەک مافێکی سەرەکیو دەستوریی هاوڵاتیان ناساندووە»و ئاماژەی بەوەدا کەئەم پرۆژەیە دەبێتە بنچینەی دانانی چەندین یاسای گرنگ سەبارەت بە ئازادی رادەربڕینو کۆڕو کۆبوونەوەو گەشەپێدانی بەشداری سیاسیی لەکۆمەڵگەدا.

د. زانا کە یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی واژۆی لەسەر پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کردووە ئاماژەی بەوەدا کە لەپەرلەماند داکۆکی لەو پرۆژەیە دەکات «چونکە پرۆژەکە بەهای بەمافکردنی خۆپیشاندانی تێدایە»و وتی « لێرەوە دەبێت سەرەتایەک دابنرێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی ماف نەک دەوڵەتی یاسا، چونکە دەوڵەتی یاسا ئەو حاڵەتەیە کە زۆرجار یاسا مافەکان کۆتوبەند دەکات، بەڵام لەدەوڵەتی مافدا، مافەکان بەیاسا ڕێکدەخرێنو دەچەسپێنرێن».

هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنی یەککگرتوو عومەر عەبدولعەزیز ئاماژەی بەوەدا کەپرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان پانتاییەکی زیاتر بۆ ئازادی رادەربڕین دەرەخسێنێتو وتی «ئێمە وەک بەشێک لەئۆپۆزسیۆن لەگەڵ پرۆژەیاساکەی ڕێکخراوەکانداین».

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو ئاماژەی بەوەدا لە ئەگەری بوون بەیاسای ئەم پرۆژەیەدا کەلێنێکی گەورەی یاسایی لەبواری خۆپیشاندانددا پڕدەبێتەوەو وتی «چونکە تا ئێستاش بەبیانووی لایەنی ئەمنیو ئاژاوەگێڕییەوە ڕێگری لەم مافەی هاوڵاتیان دەکرێت».

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە بڕیارە ئەمڕۆ (سێشەممە) خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە بکرێت لە پەرلەماندا.


لیستی کوردستانیش لەگەڵ ئایدیای پرۆژە یاساکەدان، بەڵام وەک ئاسۆ کەریم پەرلەمانتار لەسەر لیستی کوردستانی ئاماژەی پێدا تا ئێستا دانیشتنیان لەسەر پرۆژە یاساکە نەکردووە.

هەروەها وتی « پرۆژەکە دراوە بەسەرۆکایەتی پەرلەمانو رۆژی سێشەممە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێتو دواتر ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار دەکرێت».

ئاسۆ کەریم ئاماژەی بەوەدا کە دوو پرۆژەیاسای تایبەت بەخۆپیشاندانو مانگرتن ئاراستەی پەرلەمان کراون.

جێگەی ئاماژەیە رۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٥ نوێنەرانی پێنج ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیو چەندین کەسایەتی ئەکادیمیو یاساییو رۆشنبیری کەبەشدارن لەگەڵاڵەکردنیدا، پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانیان پێشکەشی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق کردو رۆژی ٢٠٠٩/١١/١ دوای ئەوەی پرۆژەیاساکە لەلایەن ٢٣ ئەندام پەرلەمانی هەرێمەوە ئیمزاکرا پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا.

پێشتریش هەردوو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە٢٠٠٦/٩/١٧ پرۆژەیاسایەکیان لەژێر ناوی « پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان» گەڵاڵەکردو بەشێوەیەکی فەرمی لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانیان کرد بەڵام بەهۆی ئەو سەرنجو رەخنە زۆرەی لەلایەن رۆشنبیرانو هەڵسوڕاوانی کۆمەڵگەی مەدەنیو لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاراستەی کرا بوونەهۆی ئەوەی پرۆژەیاساکە بگەڕێننەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئەوەی پێداچوونەوەو گۆڕانکاریی تێدابکەن.



## زەڕەبین

## پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەڕوانگەی مافپارێزیی هاڵاتیانەوە..

**ئارام جەماڵ***

خۆپیشاندانەکانی مانگی حەوتو هەشتی ساڵی ٢٠٠٦ لەپارێزگاکانی سلێمانیو هەولێر، بەهۆی کەمیو نەبوونی سووتەمەنیو بێ کارەباییەوە، هەردوو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستە سەر ئەو کەڵکەڵەیەی لە٢٠٠٦/٩/١٧ پرۆژەیاسایەک لەژێر ناوی « پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان» گەڵاڵەبکەنو دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەریدا لە مانگی ٢٠٠٨/٩دا لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پرۆژەیاساکەیان پێشکەش بەپەرلەمان بکەن. لەوێ لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانەوە پیاچوونەوەی بۆ کراو سەرەنجام دەستکاریی هەندێک لەبڕگەو ماددەکانی کرا بەئامانجی فراوانکردنی رووبەری مافو ئازادییەکانی هاوڵاتیان پاشان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. دیاربوو حکومەت ئەم گۆڕانکاریانەی لیژنەکەی بەلاوە پەسەند نەبوو بۆیە لەهەنگاوێکی نایاساییو ناکۆک بەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا حکومەت پرۆژەیاساکەی لەمانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨دا گەڕاندەوە! ئیتر لەوکاتەوە هەتا ئێستا بێدەنگییان لێکردووە.

گەڕاندنەوەی پرۆژەیاساکەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم دەرفەتی ئەوەی لەبەردەم پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردنو چەند ڕێکخراوێکی تری ناحکومیدا کردەوە کەکۆی ئەو سەرنجو تێبینیانەی لەسەر پرۆژەیاساکەی وەزارەت هەیانەو لەمیدیاکاندا بڵاویانکردۆتەوە لە»پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان»دا گەڵاڵەی بکەن کە خۆی لە سیانزە ماددەدا دەبینێتەوە.


ستراکتۆری پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لەرووی مافو سەلاحیاتی ڕێگەپێدان بەخۆپیشاندانەوە، رەچاوی سیستمی لامەرکەزی کردووەو هەموو دەسەڵاتەکانی ئاگادارکردنەوەو پاراستنی خۆپیشاندانی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕیی هەڵبژێردراو واتە ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی شارەوانی قەزاو ئەنجومەنی شارەوانی ناحیە)، ئەویش لەڕوانگەی ئەوەی کەئەم ئەنجومەنانە لەلایەکەوە راستەوخۆ لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکانی خۆیانەوە هەڵبژێردراونو خودی ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنانە زیاتر لەهەر کەسێکی تر ئاگاداری سروشتو جۆری کێشەکانیانن لەلایەکی تریشەوە ڕێگەو مەسافەی نێوان هاوڵاتیانو ئەو ئەنجومەنانە لەڕووی جوگرافیەوە کورتەو ئاگادارکردنەوەیان بۆ چالاکییەکی وەک خۆپیشاندان، کەرەگەزی کات ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، کاتو کارێکی زۆری ناوێت.

هەروەها ئەم پرۆژەیاسایە جەخت لەسەر پرەنسیپی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت دەکات نەک مۆڵەتپێدان، واتە تەنها ئاگاداری ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕیی هەڵبژێردراو دەکرێت بەمەبەستی پاراستنی گیانی خۆپیشاندەرانوماڵو موڵکی گشتیو تایبەتی لەکاتی خۆپیشاندان‌دا نەک ئەوەی مافی ئەنجامدانی خۆپیشاندان بدرێتەدەست دەسەڵاتێکی تری دەرەوەی هاوڵاتیان خۆیان. ئەم پرەنسیپەش لەو فەلسەفە سیاسییەوە سەرچاوەیگرتووە کەخۆپیشاندان مافێکی هاوڵاتیان خۆیانە نەک لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە پێیانبدرێت یان کەی نەیویستو لەبەرژەوەندیدا نەبوو لێیانبسەنێتەوە. بەواتایەکی تر دەسەڵات دروستکەری ئەم مافە نییە بەڵکو تەنها ڕێکخەرو پارێزەری خۆپیشاندەرانە لەکاتی مومارەسەکردندا.

گەڵاڵەکردنی «پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان» لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوەیگرتووە کەخۆپیشاندان، وەک مومارەسەکردنی مافێکی سروشتیو دەستووریی، هەمیشە ئەگەری بەریەککەوتنی لەگەڵ مافو بەرژەوەندییەکانی تردا هەیە، بۆیە دەبێت ئەم مافە لەیاسایەکی تایبەتداو لەڕوانگەی پاراستنی مافی هاوڵاتیانەوە ڕێکبخرێت کەدیارە ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی هاوسەنگیی نێوان مافی خۆپیشاندەران لەلایەکو پاراستنی سیستمو سەلامەتی گشتی لەلایەکی ترەوە دەبێت.

*** بەڕێوەبەری پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن**

# هەنگاوەکانی ئەکەپە لاوازو ناتەواون



محەمەد عەلی بیراند*

تورکیا هەلێکی گەورەی بۆ هەڵکەوتووە، ئەگەر ئەم هەلە باش بقۆزرێتەوە، ئەوا هیچ شتێک لە رێگەی تورکیادا ناوەستێت، خەڵک لە دەحەسێننەوەو خۆش دەژین‌و تورکیاش دەبێتە پێشەوای راستەقینە لە ناوچەکەدا.

وەستان لە رووی ئەم دەستپێشخەرییەدا تەنیا لەبەر ئەوەی ئەکەپە کردوویەتی، مانای خیانەتکردنە لەم وڵاتە.

چەندین هەنگاوی سیاسیی نراوە، کە منیش لەگەڵیدا نیم، منیش لەگەڵ شێوازی توڕەیی‌و هەڵچوونی سەرۆک وەزیراندا نیم.

ئـەوەش بە ترسناک دەبینم کاتێک حەماسەتی دینی پێشدەخات.

بەڵام هەرچییەک بێت، من بە ئاشکرا پشتگیریی هەنگاوەکانی ئەو لەبارەی کێشەی کوردەوە دەکەم، هەرگیز پێچەوانەکەشی ناڵێم.

من کەسێکم چەندین ساڵە بڕوام وایـە ئەم کێشەیە بەمجۆرە لە دەستپێشخەریی چارەسەر دەکرێت‌و سووریش بووم لەسەر نووسین لەوبارەیەوە.

ئەمڕۆ، دژی ئەو پڕۆژەیە ناوەستم تەنیا لەبەر ئەوەی حەزم لە هەندێک سیاسەتی ئەکەپە نییە، یان لەبەر ئەوەی ئەوان ئەو هەنگاوە دەنێن، چونکە ئەگەر وابێت من خیانەت لە خۆم دەکەم‌و ئازاری وڵاتەکەشم دەدەم. هەربۆیە من پشتگیریی دەستپێشخەریی کورد دەکەم، من هەنگاوەکان کە نراون بە ناتەواو و ترسنۆکانە دەزانم، پێموایە؛ دەبێت زیاتر بڕۆین‌و خێراتریش. هۆکارەکەشی زۆر روونە.

## ئەمجارە نابێت هەلی دەستپێشخەریی کورد لەدەستبدەین

لە دۆخی چارەسەرنەبوونی کێشەی کورددا، پێموایە؛ کێشەکان لە کۆنترۆڵی ئێمە دەردەچن‌و بەهۆی ململانێی ناوخۆشەوە تورکیا دابەشدەبێت.

من دڵنیام، ئەو هەنگاوانە نا کە دەنرێن، بەڵکو ئەوانەی رێگرییان لێدەکرێت، پێشڕەویمان دەکەن بۆ کارەسات.

ئەو پلانە رێگیرییانەی، کە لەلایەن حکومەتەوە خرایە روو، ناتەواوبوون، ئەم هەنگاوانە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە بەشێوەیەکی ترسنۆکانە نراون.

ئەو خاڵانەش کە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە کران، یان لە هەواڵەکاندا باسدەکرێن هیچ نین، جگە لە بابەتێکی بەسەرچووی سڕاوە.

چ کێشەیەک دروستدەبێت، ئەگەر یاساغی زمانی کوردی نەهێڵرێت؟ ئەگەر ئەمە چەند ساڵ لەمەوپێش بکرایە مانایەکی دەبوو.

چی دەبوو ئەگەر پەخشی کوردی رێگەی پێبدرایە، یان یاساغ بکرایە؟ ناوچەکە پڕە لەو کەناڵانەی، کە بە کوردی پەخشدەکەن بەهەرحاڵ.

هەمان شتیش لەسەر پەروەردەو ناونانە کوردییەکان، رەنگە مافی زیاتر لەم بوارانەدا بدرێن، بەڵام ئەنجامی چاوەڕوانکراوی نابێت.

پێویستە سزای سەر منداڵە بەردهاوێژەکان سووک بکەیت بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی سزایەکە مرۆڤانە نییە.

ئەمە پلانێک نییە، کە ئێمە شانازی پێوە بکەین.

کوردەکانیش گۆڕان بەهەرحاڵ، ئەوان لەسەر هەمان دۆخی جارانیان نین، ئێستا زیاتر باوەڕیان بەخۆیانە. رەهەندی داواکانیان زیاتر دەبێت، لەکاتێکدا ئێمە ترسی هەنگاونانمان هەیە. ئەم خاڵانەی ئاشکرا کراون باشبوون بۆ (١٠-١٥) ساڵ لەمەوپێش، بەڵام بۆ ئەمڕۆ، تەنیا باش دەردەکەون.

ئـەوەی دەمەوێت بیڵێم زۆر سادەیە، بووەستن لە رەخنەگرتن لە حکومەت‌و ئەگەر وڵاتەکەتان خۆشدەوێت بە حکومەت بڵێن هەنگاوەکانتان ناتەواون، بەمشێوەیە رەخنەی لێبگرن. هۆکارەکەشی روونە، ئەگەر ئەمجارە هەلەکەمان لەکیس بچێت، ئەوا دەبێت بەردەوامبین لە ژیان لەگەڵ خوێن، باروت‌و پرسەدا.

(١٠) ساڵ لەمەوپێش‌و کە ئەم هەلەمان لەدەستچوو، چی روویدا؟

بهێڵە بیرتبێنمەوە، لە ساڵی (١٩٩٩) ئۆجەلان دەستگیرکراو لە ئیمرالی دەستبەسەرکرا، ئەویش فەرمانی بە پەکەکە کرد، کە چەک دابنێن‌و بگەڕێتەوە بۆ قەندیل، ئەو رێکخراوە تیرۆریستییەش وایکرد، شەڕو پرسە تەواوبوو، باشووری رۆژهەڵات هەناسەیەکی هەڵکێشاو دەوڵەمەند بوو.

پاشان چی روویدا؟

ئەنکەرە هیچ هەنگاوێکی نەنا، لە کاتێکدا ئەم هەنگاوانەی ئەمڕۆ دەنرێن دەبوایە ئەوکات بنرانایە، ئەوکات مانای دەبوو.

گەڕانەوە لە شاخەکان دەستیپێدەکردو تیرۆر دەوەستا، هیچ شتێکیش لە رێگەی سیاسەتدا نەدەما.

تیرۆر لە (٢٠٠٦)ەوە دەستیپێکردەوە.

چ شتێکی باشبوو؟ چەندان خەڵکمان لە سێ ساڵی رابردوو بێ هیچ هۆیەک لەدەستچوو.

کێ نرخی ئەمە دەدات؟ ئەمە شایانی بەزەیی نییە؟ ئەمە گوناه نییە؟

ئێستاش، ئەوانەی کە دژی ئەم هەنگاوەی حکومەت دەوەستنەوە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەکەپە ناویەتی، ئەوا لە داهاتوودا هەست بە تاوانباریی دەکەن‌و پەشیمان دەبنەوە بۆ شەهیدانی داهاتوو.

با خۆمان گەمژە نەکەین.

کێشەی کورد هەرگیز بە تەواوی کۆتایی نایەت.

ئەوەی گرنگە با کێشەی تیرۆر کۆتایی پێبهێنین‌و یان وای لێبکەین تەحەمولکراو بێت.

ئەوەی مایەوە لە فەزایەکی سیاسیداو بۆ چەندین ساڵێکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ئەوەی تائێستا کراوە تەنیا وەستاندنی تیرۆرو خوێنە، ئاوا حسابی بۆ دەکرێت.

* حوڕییەت دەیلی نیوز

# کۆنترای سیاسیی



جەمیل بایک

**گفتوگۆی پاش شاندنی گروپەکانی ئاشتی‌و چارەسەری دیموکراتیانە بۆ تورکیا، لە (10/19) ئەم راستیانە پشتڕاست دەکاتەوە، لایەنەکان‌و دەورووبەرو کەسایەتییە جوداکان ئەوانەی، کە لایەنگری چارەسەری دیموکراتیکن، یان هەر کەمیش بێت، ئەوانەی کە ئەرێنیی تەماشای پرسەکەیان دەکرد، بوونە خاوەن هەڵوێستێک، کە جارێکی دیکە دەرفەتی ئاشتی‌و چارەسەری لەدەست بچێت**

چوونەوەی قاسیدانی ئاشتیو چـارەسـەری دیموکراتییانە بۆ تورکیا، بووە بە هۆکاریی ئەوەی کە کاریگەرییەکی راستەوخۆ لە رۆژەڤە سیاسییەکانی تورکیا بکات.

لـە (١٩-١٠)وە هـەتا ئێستا ئەم بابەتە رۆژەڤەکانی تورکیای دەستنیشانکردووە.

هـەمـوو گـرووپـە سیاسییو لایەنە دەورووبەرەکانیش شرۆڤەو نرخاندنەکانی خۆیان بە گوێرەی ئەم بابەتە دەردەبڕنو لە ناوەندی سیاسیی خۆیاندا چوونەوەی گروپەکانی ئاشتی بەجێ دەکەنو خۆ بەخۆ نزیکبوونێکی بە دوور لەم بابەتە، مومکین نابێت.

پشتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی لە تورکیا، رۆژەڤی سیاسیی تورکیا لە لایەن بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردەوە دیاریکرا.

ناوەندەی ئەم رۆژەڤەش، بابەتی چارەسەری دیموکراتی بۆ ئاشتیو پرسی کورد جێی خۆی گرت.

بەم شێوەیەش بۆ بە رۆژەڤی ئەساسی تورکیا، کە گفتۆگۆی لەسەر بکرێت.

بەشێوەیەکی گشتیی، هەرچەندە لە بابەتەکەش بە شێوەیەکی دیکەیش تەماشا بکرێت، بە پێویستیانزانی، کە لەسەر ئەم بابەتە خاوەن بیروبۆچوون بنو هەڵوێستی خۆیان نیشان بدەن. ئەنجامی ئەو گفتۆگۆیانەش هەتاکو ئەمڕۆ، ئـەوەی نیشاندا، کە پرسی کورد بە هەڵواسراوەیی بهێڵنەوە. بەم شێوەیە لە پاش هەڵبژاردنەکانی بیستونۆی ئـادارو بەتایبەت پشتی (١٣)ی نیسانو ئەو راپرسییەی کە لە ئاستی ریفراندۆمدا دەرباز بوو، لەم راپرسییەدا، لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەو دیموکراتیانەی پرسی کورد بە گشتیی بەدی کەوت.

ئامادەکردنی نەخشەی رێگا لەلایەن رێبەر ئاپۆوەو بیروبۆچوون گرتنی لایەنە سیاسییو کەسایەتییەکان، توانی کەشو هەواییەکی دیاریکەر ئاوا بکاتو بخولقێنێت.

ئـەو رۆڵـەی کە رێـبـەر ئاپۆ بینی توانی دەستپێشخەری هێزی ئاشتیو دیموکراتیکخوازانی کوردانو لەهەمانکاتدا خاوەن بیرو بۆچوونە کۆنەپارێزەکانیشی خستە نێو جموجوڵەوە.

ئەم هێزە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەستپێشخەریی بخاتە دەستی خۆی، دەستی بە پیلانگێڕی پرۆاکاسیۆنو تێکدان کرد. ئۆپەراسیۆن لە دژی گۆڕەپانی یاسایی، دیموکراتیکو گرتنو گۆشار لەسەر کاری راگەیاندنو چاپەمەنی، قەدەغەکردنو داخستنی دەزگاکان، هێرشەکانی لەناوبردن لە دژی گەریلا لەم چوارچێوەیە زیادیکرد.

ئـەوانـەی کـە لـە سیاسەتی کۆنەپارێزی ئینکارو لەناوبردندا بە بڕیارن، بەم شێوەیە نیشانیاندا، کە زمانی قـۆنـاغ، زمانی ئاشتیو چـارەسـەری نییە، بە پێچەوانەوە ئەو رێبازەی، کە خۆی دەسەپێنێت، توندوتیژییە.

بـەم شێوەیەش هـەوڵـدەدەن، کە داخـوازی کـوردان بۆ ئاشتیو چـارەسـەری دیـمـوکـراتـیـانـە بۆ پرسی کـورد، کە لە پـاش (٢٩)ی ئـادار دەرکـەوتـە پێش، ئاستەنگ بکەنو لێگەرێنی کوردان بۆ ئاشتیو چارەسەری مایەپووچ بکەن.

لەم چوارچێوەیەشدا هەنگاوی مەترسیداریان هاوێشت.

گـفـتـوگـۆی پـاش شـانـدنـی گروپەکانی ئاشتیو چـارەسـەری دیموکراتیانە بۆ تورکیا، لە (١٩-١٠) ئەم راستیانە پشتڕاست دەکاتەوە، لایەنەکانو دەورووبەرو کەسایەتییە جوداکان ئـەوانـەی، کە لایەنگریی چارەسەری دیموکراتیکن، یان هەر کەمیش بێت، ئەوانەی کە ئەرێنیی تەماشای پرسەکەیان دەکرد، بوونە خـاوەن هەڵوێستێک، کە جارێکی دیکە دەرفەتی ئاشتیو چارەسەری لە دەست بچێت.

لەسەر بانگەوازی چوونەوەی قاسیدانی ئاشتی لەلایەن رێبەر ئاپۆوە بۆ تورکیا ئەم کەشو هەوایەی ئەرێنیی بڵاو کـردەوەو جارێکی دیکە بووە هۆی ئەوەی کە لایەنگریو داخوازی بۆ چارەسەری دیموکراتیک پرسی کورد بەهێزتر ببێت. پشتی ١٩-١٠ رۆژەڤ سیاسی تورکیاش لەم چوارچێوەیەدا پێش کەوت. ئەم یەکەش بۆ ئایندەی تورکیاو هەمیش بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی پرسی کورد قۆناخێکی مێژوویی خوڵقاندووە. بـەڵام ئەم دەرفەتەی کە هاتبووە ئاراوە، جارێکی تر لەبەر ئەوەی کە ئەو هێزو لایەنە کۆنەپارێزانەی کە لەسیاسەتی ئینکارو لەنێو بردن دا بەبڕیارن، هەوڵ دەدەن کە رێبەر ئاپۆو بزووتنەوەکەمان لە دەرەوەی قۆناخەکە بهێڵنەوەو پاکتاوی بکەنو رووبەرووی هێرشو پرۆاکاسیۆنمان بکەن. لە کاتی ئاشکرا کردنو چووندنی قاسیدانی ئاشتیو چارەسەری دیموکراتیانە بۆ تورکیا فڕینی فرۆکەکانی شەڕکەری تورکیا لەسەر هەرێمەکانی میدیاو لە تەواوی سنووردا تۆپباران کردن، بەردەوام کردنی ئۆپراسیۆنەکان، نیشانەی ئەم راستییەیە. لەراستی دا ئەم هێرشو ئۆپراسیۆنانە بەواتای وڵامدانەوەی چـوونـدنـی قـاسـیـدانـی ئاشتیو دیموکراتییە بۆ تورکیا. ئەوانەی کە لەرێبازی سیاسەتی ئینکارو لەناو بردن دا بەبڕیارن بەوانەش سنووردار نەمان. هێرشی خۆیان بەرفراوان کردو کەوتنە نێو هەوڵدانی ئەوەی کە ئەو قۆناخەی کە رێبەر ئاپۆ رێگای لە پێش کردبووەو ئاستەنگ بکەنو دووبارە ئەم قۆناخە بکەنە، قۆناخی تەسفیەکردنی بزووتنەوەکەمانو رێبەر ئاپۆ. هەوڵیان دا کە ئەمەش بە شێوەیەکی کـراوە بخەنەواری کردارییەوەو پێکی بهێنن. ئەوەی کە ئێستا لەبەرچاوانەی لەبواری کردارییەوە پێکدێت.

هـەوڵـدەدەن کەشوهەوایەکی کە بە چوونی گروپەکانی ئاشتیو چارەسەری دیموکراتییانە بۆ تورکیا خوڵقاوە، لەبیری خەڵکی ببنەوەو رۆژەڤـەکـەش بـگـۆڕن. رووداوی دۆرسۆن چیچەک زۆر سەرنجراکێشە. لە قۆناخێک دا کە چارەسەری پرسی کـورد لـەرای گشتی دا گفتۆگۆی لەسەر دەکرێت، ئەم رووداوەیانە خستە رۆژەڤـــەوە. ئـەمـەش زۆر گرینگە. بێگۆمان ئەو هێزانەی لەنێو دەوڵەتدا هەوڵدەدەن ببنە دەسەڵاتدارو لەسەر ئەم ئەساسەش هەوڵ دەدەن یەکتری تەسفیە بکەنو تێکچوونی ئـەوان لەبەرامبەر بە بزووتنەوەی ئـازادیـخـوازی گەلی کـورد، ئەو رووداوی دۆرسۆن چیچەکی خستە رۆژەڤـــەوە. بـەڵام ئەم رووداوەی دۆرسۆن چیچەک بۆ گۆڕانی رۆژەڤی ئەساسی تورکیاش بەکاردێنن.

بـەم شێوەیەش هـەوڵـدەدەن، رۆژەڤی ئەساسی تورکیا بگۆڕنو لەلایەکی تریشەوە هەوڵدەدەن کە رێبەرئاپۆو پەکەکە لە دەرەوەی قۆناخەکە بهێڵنەوە. هەروەها پیلانی تەسفیەو ئینکارو لەناوبردنیش بەشێوەیەکی تر هاتووەتە ئـاراوە. هەر لەسەرەتاوە رێبازی شەڕی دەروونـیـو سایکۆلۆژیان هێنایە ئاراوە. بەرێبازی شەڕی دەروونی هەوڵیاندا کە کاریگەری چووندنی قاسیدانی ئاشتیو چـارەسـەری دیموکراتیانە پێچەوانە بکەنەوەو بە رێگای پیلانی ئەمریکاوویستیان لە ژێر کۆنترۆڵی حکۆمەتی ئاکەپەدا چووندنی گروپەکانی ئاشتی وەکو تەسلیمبوونەوە نیشان بـدەن. تەنانەت بەمەش سنووردار نەمانو خێزانی سەربازە کۆژراوەکان کە لەشەڕدا کوژراون، بەکاریان هێناو لایەنە فاشیستیەکانیشیان خستە نـاو جمۆجۆڵەوە بەمەش کۆتایی نەهات بە گووتنی ئێمە دەگەڕینەوە سەرەتا، هەڕەشەیان لەکوردان کرد. لەگەڵ ئەوانەش رێبازی جۆدا تاقی دەکەنەو بەم شێوەیە هەوڵدەدەنوا نیشان بدەن کە دیوارێک لەنێوان گەلو پەکەکەدا ئـاوا دەکـەن. بەو رێبازی دیار دەکەوێت کە هەوڵدەدەن بگەڕێنەوە بۆ پیلانی تەسفیەکردنی ساڵانی ٢٠٠٠دا. لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا پیلانی تەسفیەکردنی پەکەکەیان خستە رۆژەڤـــەوە. ئەو کاتەش قۆناخی ئاشتی رێبەر ئاپۆ دەستی پێکردبوو، پووچەڵ کرایەوە. کاتێک پیلانی تەسفیەیان خستە رۆژەڤەوە، بەهیچ شێوەیەک دانیان بە بوونی کوردان دا، نەدەنا. ئێستاش دیارە کە بە شێوەیەکی تر دیسانەوە پیلانەکە بخەنە رۆژەڤەوە. لەپیلانی ساڵی ٢٠٠٠دا ئامانجیان کردبوو کە پەکەکەو رێبەر ئاپۆ دەرەوەی قۆناخ بهێڵنەوەو تەسفیەیان بکەن، بەڵام ئـەم جـارە، شتێکی تریان لەسەر پیلانەکە زیاد کردووەو ئامانجی ئەم پیلانەش» دروستکردنی دیوارێکی ئەستوور لەنێوان گەلو پەکەکە» دایە. بۆ ئەوەی کە دیوارێک لەنێوان پەکەکەو گەلی کـورددا ئاوا بکەن، کوردی نۆکەرو بەکرێگیراوو دۆژمنی خۆێنی پەکەکە بەکار دێنن. هۆکاری دەعوەتکردنی (بانگهێشتکردنی) کەمال بۆرکای‌و کەسانێک وەکو ئەو لەنێو ئاکەپەدا ئەم راستیە پشتڕاست دەکاتەوە، دیسان هۆکاری پەیوەندی ئاکەپەو ئەو کەسایەتە خائینانەی کە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کـورددا هەڵهاتوون نیشانەی ئەم راستییەیە. بۆ ئەم پیلانەش دەیانەوێت، کە ئەوانە ببنەوە تورکیا.

لـەسـەدەی بیستدا کاتێک دەسەڵاتداران لەبەرامبەر بە تێکۆشانی ئازادی گەلان نەیانتوانی سەربکەون، رێو رێبازی جـودای لەناوبردنو چەوساندنەوەیان تاقیکردووتەوە. ئەوانە هەر کاتێک وەکو رێگایەک بۆ لەناوبردن لەبەرامبەر هێزی ئازادی، هێزی کۆنترایان بەکارهێناوە. ئـەو هـێـزی کۆنترایانە زیـاتـر لە کەسانێک پێکدێت، کە خیانەتیان لە نەتەوەی خۆیان کردبێت. هەتا ئێستا بەم رێبازە لەبەرامبەر گەلی کوردو پەکەکە تاقیکراونەتەوە هیچ ئەنجامێکیشی بەدەست نەخستووە. لەگەڵ ئەم راستیەو تێکچوونی شەڕی دەروونیش، ئەم رێبازەیان هەر کات تاقی کردووەتەوەو هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لـەبـەردەوام کردنی ئەم رێبازەش بە بڕیارن. ئێستاش دەیانەوێت، ئەم هەوڵدانە دەرخەنە بەرامبەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردو بزووتنەوەی تێکۆشانی دیموکراسی. ئەم جارە بە شێوەیەکی تر ئەم پیلانە بەڕێوەدەچێت، هەتا ئێستا چەکیان دەدا دەستی هێزی کۆنتراو ئەوانیان بەکاردەهێنا، ئێستاش ئەو گروپ بێ سەروبەرانەی (نادیار) وەکو لایەنێکی چارەسەری دەردەخـەن گـۆڕەپـانـی سیاسی. بەواتایەک، ئێستا کۆنترای سیاسی بەکاردێنن.

## لەبەر ڕۆشنایی یاسای هەموارکراوی یاسای ژمارە ١٦ی سالّی (٢٠٠٥)ی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا

# لیستی کراوەو فرەبازنەیی لەهەلّبژاردنی عێراقدا، ئاسانکارییەکن بۆ هەلّبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم

ئارام جەمال

ئەمجارەشیان لەبەغداوە دەستکەوتێکی دیموکراسی تر لەڕێگەی یاسای هەلّبژاردنەوە خۆی کردەوە بەناو ژینگەی «تایبەتمەندی» هەرێمداو توانی بنکەی هەندێک لەو چەمکو ستانداردە نەگونجاوانە بلەقێنێت کەدامەزراوە دەستووریی‌و هەلّبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستانیان لەسەر هەلّچنراوە. هیوادارم هیچ کەس تووڕە نەبێت لەوەی بلّێم هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا هیچ دەستپێشخەرییەکی دیموکراسی نەبووە لەبواری چەسپاندنی چەمکێک یان سیستمێکی هەلّبژاردندا کەپەنجەرەیەک بەڕووی ژیانی سیاسی‌و هاولاّتیبوون‌و دەرگایەک لەبەردەم پرۆسەی هەلّبژاردن‌و ڕەگەزە بەشداربووەکانیدا بکاتەوە.

لەهەرێمەکەی مندا، هەتا ئێستاشی لەگەلّدا بێت، هەلّبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پشتگوێدەخرێت کەچی ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق تەنها لەماوەی شەش سالّدا نەک دووجار ئەم هەلّبژاردنەی بەخۆوەدی بەلّکو داهێنانێکی بەڕووی کرانەوەی پرۆسەی هەلّبژاردندا هێنایە نێو یاسای هەلّبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوەو توانرا گوژمێکی تر بەگیانی دیموکراسیانەی هەلّبژاردندا ببەخشن‌و لەروانگەی پێویستی ڕەوشی سیاسی‌و کۆمەلاّیەتییانەوە مالّئاوایی لەلیستی داخراو بکەن‌و وەک سەرەتایەکی پێویست بچن بەرەو لیستی کراوەی سنووردار. ئەزموونی هەلّبژاردنی پەرلەمانی هەرێم‌و ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لە ٣٠ی کانونی دووەمی سالّی ٢٠٠٥دا پێماندەلّێت ناچارییەکی عێراقی‌و ناوچەیی‌و نێودەولّەتی بردینیە نێو ئەو هەلّبژاردنانەوە نەک ئەوەی خواستێکی ناوەکیانەی نوخبەی دەسەلاّتداری هەرێم بێت. ئەوەبوو لە٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩شدا دیسانەوە لەژێر بیانووی «تایبەتمەندێتی»دا خۆمان لەهەلّبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دزیەوەو باشترین بەلّگەش ئەو خۆدزینەوە بێبەهانەیەمانە لەهەلّبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، کە هەتا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، هیچ ئاماژەیەک بۆ سازدانی دیار نییە لەکاتێکدا بەپێی بڕگەی یەکەمی «پرۆژە بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەهەرێمی کوردستان- عیراق»دا دەبێت هەتا کۆتایی ئەمسالّی ٢٠٠٩ ئەو هەلّبژاردنە ئەنجامبدرێت.

هەولّێکی زۆر درا بۆ ئەوەی لیستی کراوەی سنووردار ببێتە شێوازی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بۆ هەلّبژاردنی پالّێوراوانی قەوارە سیاسییەکانی هەلّبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، بەلاّم دواتر لیستی داخراو لەسەر خواستی نوخبەی دەسەلاّتداری هەرێم شەرعیەتی پەرلەمانی پێدراو نەتوانرا پێش ئەو گۆڕان‌و پێشکەوتنە یاساییانە بکەوین کەڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ لەناو یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٦)ی سالّی (٢٠٠٥)ی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەسەرکەوتوویی سەریدەرهێناو پەسەندکرا جگەلەوەی دۆخەکە هەر بەلیستی کراوەی سنوورداریشەوە نەوەستاو لەپالّخۆیدا بۆ یەکەمجار شێوازی فرە بازنەیی بۆ هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هێنایەئاراوەو لەسەر ئاستی هەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق جێگەی بە شێوازی یەک بازنەیی چۆلّکرد .

ئەگەر ماوەیەک بەر لەهەلّبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ی هەرێمدا لیستی کراوە خواستی نوخبەی ڕۆشنبیرو هەندێک لەسیاسەتمەداران بووبێت دواتر ئەم خواستە شۆڕبۆوە بۆ خوارەوەی کۆمەلّگەو بووە داخوازیی‌و ڕۆشنبیرییەکی میللی‌و تەنانەت ڕایەکی گشتیشی لەبارەوە دروستبوو، بەلاّم نوخبەی دەسەلاّتدار لەڕێگەی پەرلەمانەوە ڕێزی ئەو خواستەیان نەگرت‌و هەزارو یەک عەیب‌و عاریان لەم لیستە دۆزییەوە بەلاّم ئەوان لەوە تێنەگەیشتن یاخود نەیانویست وەکخۆی لەو خواستە تێبگەن کەلیستی کراوەی سنووردار دەتوانێت تارادەیەک هاولاّتیان‌و پەرلەمانتاران بەیەکتر ئاشتبکاتەوەو پرەنسیپی لێپرسینەوەی دەنگدەرو هەستی بەرپرسیارێتی لەلای ئەندامانی پەرلەمان ببزوێنێت، یان بەواتایەکی تر ئەو خواستە لەو قەیرانەوە سەرچاوەیگرتبوو کەلیستی داخراو، وەک یەکێک لەهۆکارەکان، دووچاری خولی سێهەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی کردبوو.

ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە بۆ دەبێت لەهەلّبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩ی هەرێمدا لیستی کراوەی سنووردار ڕەتبکرێتەوەو بەزۆری زرۆدارەکی لیستی داخراومان بەسەردا بسەپێنرێت کەچی وەختێک هەرێم دەچێت بۆ بەغداد لەوێ نەک هەر لیستی کراوە بەلّکو فرەبازنەیش بۆ هەلّبژاردنەکان قبوولّدەکات. خۆ ئەگەر ئێمە لەیاسای هەلّبژاردنی پەرلەمانی هەرێمدا داوای چەسپاندنی لیستی کراوەو فرەبازنەییمان پێکەوە بکردایە ئەوا بەدلّنیاییەوە گوناهی پەسەندنەکردنی «کوفر»ی یەکەمیان دەخستە ئۆبالّی «کوفر»ی دووەم‌و بەشتگەلێکی هەرزەئامێزو ناواقیعی‌و یۆتۆپی‌و تێکدەرانەیان لەقەلّەمدەدا، لەکاتێکدا ئەگەر ئێستا فرەبازنەیی بۆ ١٨ پارێزگاکەی عێراق پەسەندکرابێت خۆ ئەوسا ئێمە تەنها بۆ ٣ پارێزگای هەرێم داوامانده‌کرد.

ئەم هەلّوێستوەرگرتنەی نوخبەی دەسەلاّتداری هەرێم لەبەرامبەر لیستی کراوەی سنووردار‌دا لەو ترسەوە لێکدەدەمەوە کەنایەوێت جیاوازییەکی ئەخلاقی‌و مەدەنی لەنێوان ئەندامێکی حیزبی گوێڕایەلّ‌و ئەندام پەرلەمانێکدا دروستببێت بۆئەوەی دواجار هەموو سەرە داوەکان بەدەست خۆیانەوە بهێلّنەوە، لەکاتێکدا پەسەندنەکردنی فرەبازنەیی بۆ هەلّبژاردن لەلایەن ئەو نوخبەیەوە لەو ترسەوەیە نەکا ببێتە سەرەتایەک بۆ ڕەنگرێژکردنی بناغەی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی سێ پارێزگاکەی هەرێم‌و قوولّبوونەوەی سیستمی لامەرکەزی‌و دروستبوونی دەسەلاّتێکی ئۆتۆنۆمیانەی هەلّبژێردراو تێیاندا.

چەسپاندنی هەردوو شێوازی لیستی کراوەی سنوردراو فرە بازنەیی لەیاسای هەمووارکراوی یاسای ژمارە (١٦)ی سالّی (٢٠٠٥)ی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جارێکی تر هەموو بیانووە بێبنەماو وەهمییەکانی وەک مەحالّ‌و نەلواوو ئەستەم‌و نابێت‌و ناکرێتی کردە مومکین‌و لواوو نائەستەم‌و دەبێت‌و دەکرێتی هەرێمە ئارامەکەی ئێمە! وێنەی ئەزموونەکەمان چیدی لەو پارچە تەختە بێگیانە دەچێت کە لەبەردەم تەوژمەکانی سێهەمین شەپۆلی دەریای دیموکراسیدایەو ئێمە لەبەغداوە ئاراستەو فۆرمەلە دەکات‌و لەگەلّ ڕیتم‌و ئیقاعەکانی خۆیدا دەمانگونجێنێت بەبێئەوەی ئیرادەیەکمان هەبێت لەدیاریکردنی ئاراستەی خۆماندا.

### سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەلیستی کراوەو فرەبازنەییەوە

ئەگەر بەکورتی باسێکی سیستمەکانی هەلّبژاردن بکەین بۆئەوەیە لەلایەکەوە کەمێک لەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی تێبگەین‌و لەولاشەوە ئەو تێکەلّکاریی‌و پەیوەندییە هارمۆنییەی نێوان توخم‌و ڕەگەزە شیاوو پێویستەکانی نێو سیستمەکانی هەلّبژاردن بناسین کەیاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە ١٦ی سالّی ٢٠٠٥ی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان دەولّەمەند کردووە؟!.

سیستمی هەلّبژاردن بریتییە لەگرتنەبەری چەند ڕێوشوێن‌و میکانیزمەیەک بەمەبەستی گۆڕینی ژمارەی دەنگە دراوەکان بۆ کورسییەکانی ئەنجومەنی هەلّبژێردراو (پەرلەمان، ئەنجومەنی پارێزگا) کەپالّێوراوانی تاک‌و سەربەخۆ یان لیستەکان لەیەکێک لەهەلّبژاردنەکاندا بەدەستیانهێناوە. زۆرجار سیستمی هەلّبژاردن ڕۆحی پرۆسەی هەلّبژاردن دیاریدەکات‌و کاریگەریی لەسەر کۆمەلّێک پێکهاتەو بونیادو پەیوەندییەکان دادەنێت.

هەندێکجار بەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەگوترێت «نوێنەرایەتی تەواو – Full representation» چونکە هەلّبژاردن لەولاّتدا لەسەر بنەمای یەک بازنە دەبێت‌و کەمترین دەنگی تێدا بەفیڕۆدەچێت‌و نزیکەی هەموو دەنگە ڕاستەقینەکان دەگۆڕێن بۆ کورسی پەرلەمان وەک لەکنێستی ئیسرائیلدا هەیە. هەندێکجاریش پێیدەگوترێت «نوێنەرایەتی نزیکەیی- Approximate representation» بەوپێیەی هەندێک جیاوازیی دەکەوێتە نێوان دەنگە ڕاستەقینەکان‌و کورسی پەرلەمانەوە. سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەزۆربەی ولاّتانی دیموکراسی ڕۆژئاوادا پیادەدەکرێت بەوپێیەی زۆر دادپەروەرانەترو بێگەردترو دیموکراسیترە لەسیستمی هەلّبژاردنی زۆرینە (سیستمی براوەی یەکەم) ئەویش لەروانگەی ئەوەی ئەم سیستمەی دواییان ژمارەیەکی زۆر لەدەنگەکان بەفیڕۆدەدات چونکە ئەو پالّێوراوە یان ئەو لیستەی زۆرترین ژمارەی دەنگی بازنەی هەلّبژاردنێک بەدەستدەهێنێت هەموو کورسییەکانی ئەو بازنەیە بۆ خۆی دەباتەوە بەبێ ئەوەی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانیشی بەدەستهێنابێت..

لەئێستادا ژمارەیەکی زۆر سیستمی هەلّبژاردن هەن بەلاّم توێژەرەوانی بواری هەلّبژاردن بەمەبەستی ئاسانکردنیان پۆلێنی سێ سیستمی سەرەکی هەلّبژاردنیان کردووە کەئەوانیش بریتین لە: سیستمی زۆرینەو سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی‌و سیستمی تێکەلاّو.

سیستمی ڕێژەیی لە ٧٢ ولاّتی ئێستای دنیادا پیادەدەکرێت لەوانەش وەک: جەزائیر، ئەنگۆلا، بەلجیکا، ئەرجەنیتن، بولگاریا، کەمبۆدیا، کۆستاریکا، سلڤادۆر، فەڕەنسا، ئەریتریا، ئیسرائیل، مەغریبی عەرەبی، مۆزەمبیق، باشووری ئەفریقیا، پیرۆ، پورتوگال، ئیسپانیا، ئۆرۆگوای، بۆرۆندی، هندۆراس، عێراق...

ئەگەر سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بۆ گۆڕینی دەنگی ڕاستەقینەی دەنگدەران بێت بۆ کورسییەکان لەدوای پرۆسەی دەنگدان ئەوا جۆری پەیوەندی نێوان دەنگدەرو پالّێوراو لەڕێگەی ئەو دوو لیستەوە دیاریدەکرێت کەپێیاندەگوترێت لیستی داخراوو کراوە.

لیستی داخراو: ئەوەیە تۆ تەنها دەنگ بە ژمارەکەی لیستی حیزبێک دەدەیت، بەبێئەوەی بتوانیت دەستبخەیتە ناو لیستەکەوەو ڕیزبەندیی پالّێوراوەکانی بگۆڕیت. ژمارەی ئەو کورسیانەی لیستی ئەو حیزبە بەدەستیدەهێنێت حیزب خۆی بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی کردوویەتی دایاندەنێت نەک تۆ. لەلیستی داخراودا تۆ ناچاردەبیت لەبەرخاتری کەسێک دەنگ بەکۆی لیستێک بدەیت لەکاتێکدا ڕەنگە تۆ زۆرێک لەوانەی ترت بەدلّ نەبێت، ئەمەش دەبێتەمایەی گەیشتنی کەسانێک بەپەرلەمان‌و ئەنجومەنە هەلّبژێردراوەکان کەڕەنگە بەخواستی تۆ نەبن بەلاّم بەدلّی سەرکردایەتی حیزبەکەن. ئەمەش وادەکات پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دەنگدەرو پالّێوراودا دروست نەبێت‌و دواجار ئەنجومەنی هەلّبژێردراویش بەپێی پێویست هەست بەبەرپرسیارێتی نەکات.

لیستی کراوە: ئەم جۆرە لیستە چوار جۆری لەخۆگرتووەو ئەوەی ئێستا لەعێراقدا پیادەدەکرێت لاوازترین جۆری لیستی کراوەیە لەم ڕووانەوە: ژمارەو چەندێتی دەنگدان، پلەی ئیختیارکردن لەلایەن دەنگدەرەوە، ڕادەی کارتێکردنی بۆ سەر بونیادی حیزب‌و سەرکردەکانی...تاد.

لەجۆری لیستی کراوەی سنورداردا تۆی دەنگدەر دەتوانیت لەڕێگەی هەلّبژاردنی پالّێوراوێک یان زیاترەوە دەنگ بەلیستی حیزبێک بدەیت‌و بەمەش تۆ، نەک حیزب، ڕۆلّت دەبێت لەوەدا کە چ پالّێوراوێکی ناو ئەو لیستە کورسی پەرلەمانی بەدەستبهێنێت نەک حیزب. بەلاّم ئەگەر تۆ تەنها دەنگت دا بەلیستی حیزبەکەو دەنگت نەدایە ناوی یەکێک لەپالّێوراوەکانی ناو ئەو لیستە مانای وایە تۆ ڕازیت لەسەر ئەو ڕیزبەندییەی کەحیزب دایناوە. بەلاّم لەهەندێک دەولّەتدا ڕێگە دەدەن بەدەنگدەر ژمارەیەکی کەمتر لەکۆی کورسییەکان یان بەقەدەر کۆی ژمارەی کورسییەکانی ناو بازنەیەک پالّێوراو هەلّبژێرێت (دەنگدانی بەدیل –التصویت البدیل)، یاخود دەنگدەر خۆی ڕیزبەندی بکات لەناو پالّێوراوەکاندا (دەنگێک ناگوێزرێتەوە – الصوت الواحد غير قابل للتحويل)، لەهەندێک ولاّتی تردا تۆ خۆت چەند پالّێوراوێک لەچەند لیستێک هەلّدەبژێریت، واتە خۆت لیستێک لەکۆی لیستەکان دروستدەکەیت (لیستی کراوەی بێسنوور). لیستی کراوە لەم ولاّتانەدا پیادەدەکرێت: بەرازیل، سوید، نەرویج، هۆلّەندە، لاتڤیا، پۆلّەندە، ئەندەنوسیا، ژاپۆن، فنلەندە، کۆلۆمبیاو ئیسلەندە.

لەگەلّ ئەوەی هەتا ئێستا یاسای هەمووارکراوی ژمارە ١ی سالّی ١٩٩٢ی هەلّبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەشەش هەمووارکردنەوە، نەیتوانیوە لیستی داخراو تێپەڕێنێت‌و دەست بۆ لیستی کراوەی سنووردار ببات، کەپێدەچێت یاساکەمان ئەو شانازییە دیموکراسییەی بۆ هەردوو یاسای هەلّبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق‌و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بەجێهێشتبێت، بەلاّم دیسانەوە هێشتا ئەمیش لەناو چوار جۆرەکەی لیستی کراوەدا لاوازترینیانەو ئێمە هێشتا ئەوەشمان پێقووت نەچووە.

من وای بۆ دەچم یاسای هەموارکراوی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران سەرەکیترین ڕەگەزی لەسیستمی هەلّبژاردنی زۆرینە ئیستعارەکردووە کەئەویش دابەشکردنی ولاّتە بەسەر ١٨ بازنەداو لەهەر بازنەیەکیشدا کێبڕکێ لەسەر چەندین کورسییە نەک یەک کورسی، چونکە وەک دەزانرێت سیستمی زۆرینە بەهیچ کلۆجێک لەگەلّ بنەمای تاک بازنەییدا نایەتەوە بەلاّم گونجاندنی بنەمای فرەبازنەیی‌و فرە کورسێتی لەگەلّ سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا وادەکات ئاستی نوێنەرایەتی لەهەر بازنەیەکدا بۆ زیاتر لەقەوارەیەکی سیاسی بێت‌و بتوانێت عەکسی هەمەجۆری پێکهاتە جیاوازەکان بکاتەوە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا جەختی لەسەربکەمەوە ئەوەیە کەمومارەسەکردنی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر بناغەی فرە بازنەیی‌و کردنی هەر پارێزگایەک بەیەک بازنەی هەلّبژاردن‌و تیایدا زیاتر لەکورسییەک هەبێت کارئاسانی دەکات بۆ نزیکبوونەوە لەبەدیهێنانی ئەو خەونە گشتییەی پێیدەگوترێت هەلّبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەویش لەڕێگەی کردنەوەی سندوقێکی دەنگدانی زیاتر لەپالّ سندوقی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا وەک لەهەلّبژاردنی کۆتایی مانگی کانونی دووەمی سالّی ٢٠٠٥ دا ڕوویداو لەبری دوو سندوق سێ سندوقی هەلّبژاردن لەپالّ یەکتردا دانرابوون‌و دەنگدەریش لەگەلّ تازەیی ئەزموونی هەلّبژاردندا کەیەکەم پەراوەی بوو، توانرا هەلّبژاردنەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوەبچێت.



## بەختیار حاجی، چالاکی کۆمەڵی مەدەنی:

# دوای ١٨ ساڵ لەکاری ڕێکخراوەیی، باشترە ڕێکخراوەکان خۆیان پرۆژەیاسا ئامادە بکەن

سازدانی: دانا جەمیل



**نەبوونی یاسایەکی دیاریکراو بۆتە بیانوویەک کەرێگە بەکۆمەڵە کەسانێک نەدرێت ڕێکخراو دابمەزرێنن‌و ڕێگەش بە کەسی چالاک نەدرێت بێتە بوارەکەوە**

**بەختیار حاجی عەبدوڵا چالاکوانی بـــواری کـۆمـەڵـگـەی مـــەدەنـــی لەم دیمانەیەدا تیشکدەخاتە سەر گرنگی بوونی یاسایەکی شایستە بەرێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان‌و بڕوایوایە لە فەراغی یاسایەکی گونجاودا کۆسپ‌و تەگەرەی زۆر بۆ ڕێکخراوەکان دروستبووەو ئەو هەوڵانەش دەخاتەڕوو کەبۆ دارشتنی پرۆژەیاسایەکی گرنگ لەو بوارەدا لەئارادان.**

**ڕای گشتی: لەگەڵ ئەوەی پرۆژەیاسایەک هەیە بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە ئامادەکراوەو ڕادەستی حکومەت کراوە، ئێوە پێداچوونەوە بۆ ئەو پرۆژەیاسایە دەکەن، ئەو پرۆژە تازەیەی ئێوە ئامادەی دەکەن چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ پرۆژە یاساکە پێشوودا؟**

بەختیار حاجی: پێشتر لەساڵی ٢٠٠٥ەوە کۆمەڵێک ئیشی بـاش لەسەر پـرۆژەی ڕێـکـخـراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستاندا کـراوەو لەلایەن کۆمەڵێک ڕێکخراوی دەرەکییەوە پشتگیریکراوە بـەبـۆچـوون‌و سـەرنـج بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی. ئێستا ئێمە دەمانەوێت پێداچوونەوەی تێدا بکەین‌و کۆمەڵێک سەرنج‌و تێبینی زیاتری لەبارەوە گەڵاڵە بکەین لـەبـەرئـەوەی قۆناغێکی باشتر لەژیانی دیموکراتی‌و فرە حیزبی‌و بوونی ئۆپۆزسیۆن هاتۆتەئاراوە، ئێمەش لەم ژینگە دیموکراتییە تازەیەدا دەمانەوێت یاساکە گۆڕانکاری باشتر بەخۆیەوە ببینێت، بەوپێیەی کەدواکەوتنی یاساکە، کەکاتی خۆی نەخرایە بەرنامەی پەرلەمانەوە، زیانی بەرێکخراوەکان گەیاندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری بکەین لەوانەیە ئێمە بتوانین کۆمەڵێک گۆڕانکاری باشی تێدا بکەین بۆئەوەی پەرلەمان دەنگی لەسەربدات‌و ئەمەش سودێکی زیاتر بەرێکخراوەکان دەگەیەنێت.

**ڕای گشتی: بەنمونە ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لەپرۆژە یاساکەدا کردووتانە؟**

بەختیار حاجی: بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی تێیدا کردومانە ڕێکخراو ئازادییەکی زیاتری پێدەدرێت، دەست والاتر دەکرێت، بەتایبەتی لەبابەتی تۆمارکردن‌و ڕێگەپێدان پێیان، کەجاران مۆڵەتدان بوو، ئەمەش لەژیانی ڕێکخراوەییدا کەندو کۆسپی زۆر لەبەردەم ئەو کەسانەدا دروستدەکەن کەبیریان لەدروستکردنی ڕێکخراو دەکردەوە. ئەمانە کەسانێکی خۆبەخش بـوون‌و هەوڵێکی باشیشیان دەدا بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک بەڵام دواجار تووشی شۆک دەبوون کاتێک ئەوەندە هێنان‌و بردنیان پێدەکراو کۆسپیان بۆ دروستدەکرا، ئێمە دەمانەوێت ئەو گۆرانکارییە بکرێت کەرێکخراو لە جیاتی ئیجازە وەرگرتن بکرێت بەتۆمارکردن.

کۆمەڵێک جیاوازی هەیە ئێمە تائێستا لەگفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەداین کە ئایا ئەم یاسایە هەموو ڕێکخراوەو یانەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان بگرێتەوە یان تەنها بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بێت، لەڕووی ئـەوەی کاری ڕێکخراوەیی بەدەسەڵاتی سیاسی یـاخـود پـەرلـەمـانـەوە چۆن بێت، ئێستا لەسەرئەوە ڕێککەوتوین کەکۆمسیۆنێک پێکبێت لەگەڵ پەرلەماندا بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری ڕێکخراوەیی لەناو هەرێمدا.

دەسـەڵاتـەکـانـی ئـەم کۆمسیۆنە لەپرۆژەیاساکەی پێشتردا بەشێوازێکی ناروون باسکراوە بەڵام ئێستا دەمانەوێت زیاتر ڕوونبکرێتەوە کە ئەم کۆمسیۆنە دەسـەڵاتـی چییەو لـەکـێ پێکدێت‌و چـۆن پـێـکـدێـت؟؟؟ ئـەمـەش پێویستی بـەڕوونـکـردنـەوەی زیـاتـرو داڕشتنی یاسایەکی تۆکمەترو پتەوتر هەیە.

**ڕای گشتی: واتا ئێوە دەتانەوێت دوو پرۆژەیاسا ئامادەبکەن یەکێکیان تایبەت بەکاری ڕێکخراوەکان‌و ئەویتریان تایبەت بەکاری کۆمسیۆن؟**

بەختیار حاجی: هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەوەی کە ئایا ئەو کۆمسیۆنەی پێکدێت، شێوازی کۆمسیۆنەکەو دەسەڵاتەکانی‌و شێوازی پێکهێنانی لەچوارچێوەی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا بێت یاخود یاسایەکی جیابێت. بـەڵام گرنگ ئەوەیە هەردووکیان پێکەوە تەواوکەری یەکترن.

**ڕای گشتی: ئێوە چیدەکەن بۆئەوەی ئەم پرۆژەیاسایە بەباشترین شێوە بگاتە پەرلەمان، ئایا لەگەڵ گەیشتنی بەپەرلەمان ئیتر هەوڵەکانی ئێوە دەوەستێت؟**

بەختیار حاجی: دووخاڵ هەیە پێویستی بـەڕوونـکـردنـەوەیـە، یـەکـەم: ئـەگـەر لە پرۆژەیاساکانی پێشتر وردببینەوە زیاتر ڕێکخراوێکی دۆنـەر لەپشتی بووە واتە زیاتر وەک پرۆژە سەیرکراوە، ئێستاش هەوڵی لەوجۆرە هەیەو ڕێکخراو هەیە وەک پرۆژە ئیشی بۆ کردووەو ئەو تێبینیانەی لەرێکخراوەکانی هەرسێ پارێزگاکە کۆی کردۆتەوە بیگەیەنێتە پەرلەمان‌و ئیشەکەی ئەو تەواو دەبێت، بەڵام ئەم هەوڵەی ئێمە هەوڵێک نییە بۆ پـرۆژە بەڵکو هەوڵێکی خۆبەخشییە، ئێمە هەموومان دەزانین ئەم یاسایە قازانجی بۆ هەموومان هەیە چ وەکو تاکی هاوڵاتی، چ وەک کەسی چالاک‌و کارا لەناو ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا چونکە لەداهاتوودا باشبوون‌و دەست والابوونی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەرژەوەندییەکی گشتی لەپشتە کەسوود بەهەموو تاکەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لەبەرئەوە ئەم پرۆژەیەی ئێمە گەڵاڵەمانکردووە زیاتر پرۆژەیەکی خۆبەخشانەیەو هەوڵەکان خۆبەخشانە هاتوونەتە ئاراوە، بۆ نموونە جاری واهەبووە کۆبوونەوە کراوە لەسەر ماددەیەکی یاساکەو کاتێکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام کە چالاکییەکە ببێتە پرۆژەو پارەی بۆ وەربگیرێت، سەیر دەکەیت کۆنفرانسێکی بۆ دەگیرێت‌و لە کۆنفرانسەکەدا بەرۆژێک هەموو پرۆژەیاساکە تاووتوێ دەکرێت‌و کۆمەڵێک پێشنیار دەنوسرێت، بەڵام کاتێک ئێمە پێداچوونەوەی بۆ دەکەین دەبینین زۆر خاڵ هەیە لەبیرچووەو باس نەکراوە ، زۆر خاڵ هەیە لەوانەیە بتوانرێت بەئاڕاستەیەکدا بەکاربهێنرێن لە خزمەتی کاری ڕێکخراوەییدا نەبێت.

**ڕای گشتی: ئەو ڕێکخراوانە کامانەن کە لەم چالاکییەکەدا بەشدارن؟**

بەختیار حاجی: دەستپێشخەرینتریان ڕێکخراوی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)و ڕێکخراوی پەرەپێدانی دیمەکراسی‌و مـافـی مـــرۆڤ DHRDو ڕێـکـخـراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی CSIو ڕێکخراوی دەنگی پیران‌و ڕێکخراوی وەفدی‌و ڕێکخراوی گەشەپێدان‌و چالاکی لاوان‌و ڕێکخراوی وادی‌و ڕێکخراوی هاریکاریی یاسایی ژنانە WOLA، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی چالاکی کۆمەڵی مەدەنی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەوڵەکان تەنها لەم چەند ڕێکخراوەدا کورتبکەینەوە بەڵکو لە کۆبوونەوەیەکدا گەیشتینە ئەو بڕوایەی ئەوانەی بەشدار دەبن لەم چالاکییەدا ئەگەر سەرەتا کەم بن باشترەو دواتـر بخرێتە بـەردەم ئەو کەسانەی کە پەیوەستن بەم یاسایەوە.

**ڕای گشتی: بەنمونە چ میکانیزمێک هەیە بۆ ئـەوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر ئاگاداری ئەم پرۆژەیاسایە بن؟**

بەختیار حاجی: لە دواهەمین کۆبوونەوەدا ئەوە باسکرا کە ئێمە پرۆژەکە دابڕێژین دواتـر ئالیاتێک بدۆزینەوە بۆئەوەی کە ڕێکخراوەکانی تری لێئاگادار بکەینەوە، بۆئەوەی دواتر بیانوویەک نەیەتە ئاراوە کە ڕێکخراوێک بڵێت ئاگام لێنییە، دەبێت ئالیاتێک دابڕێژرێت کە چۆن پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، جیاوازتر لەو پرۆژەیاسانەی کە پێشتر پێشکەشی پەرلەمان کراون.

**ڕای گشتی: ئەو پرۆژەیەی کە لەساڵی ٢٠٠٦دا ئامادەکراو ڕادەستی حکومەت‌و پەرلەمان کرا، دواتر کۆمەڵێک ڕێکخراو نارەزایەتییان دەربڕی کە ئاگایان لەو پرۆژەیاسایە نییە، هەست ناکەن ئەم جارەش توشی هەمان گرفت دەبنەوە؟**

بەختیار حاجی: لەوانەیە دوو کۆسپ بێتە بەردەممان، یەکێکیان ئەوەیە کە تۆ ئاماژەت پێدا، ئێمە بۆ ئەوەی خۆمان لەو گرفتە لابدەین پێویستە زۆربەی زۆری ئەو ڕێکخراوانەی کە دواڕۆژ ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە پرس‌و ڕایان پێبکەین، کۆسپی دووەمیش ئەوەیە کەهەر ئێمە لایەنێکی شەرعی نین بۆ پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکان بەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەڵکو ڕێکخراوی دیکەو لایەنی دیکەش دەتوانن پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن، ئەوکاتە لەوانەیە پەرلەمان بێت لەکۆی ئەم پرۆژەیاسایانە یاسایەک دابڕێژێت‌و مەرجیش نییە هەمووی لەو بڕگەو مادانە بێت کە ئێمە دامانناون.

**ڕای گشتی: ئێوە پرۆژەکە ڕاستەوخۆ ڕادەستی پەرلەمان دەکەن؟**

بەختیار حاجی: تائێستا بڕیاری کۆتایی لەسەر نـــەدراوە بـەڵام پێدەچێت هەر ڕادەستی پەرلەمان بکرێت، لەوکاتەشدا کۆسپێکی تر دێتە ڕێگەمان ئەویش بەهۆی ئەو فرە لیستییەی کە بەخۆشحاڵییەوە ئێستا لەپەرلەماندا هەیە، بەڵام لەوانەیە ئەمەش سلبیاتی تری هەبێت، ئەگەر ئەم یاسایە تەنها لەلایەن لیستێکەوە پشتگیری لێبکرێت‌و پێشکەش بەپەرلەمانی بکەن ئەوا ڕەنگە لەلایەن لیستەکانی ترەوە کاردانەوەیەکی سلبی هەبێت‌و دەنگ لەسەر پرۆژەیاساکە نەدەن، ئێمەش ئامانجمان دەرکردنی یاسای ڕێکخراوەکانەو دەمانەوێت لەبەرژەوەندی ڕێکخراوەکان بێت. لەبەرئەوە باشتر وایە ئێمە ئالیاتێک بگرینەبەر بۆئەوەی ئەندامانی پەرلەمان لەفراکسیۆنە جیاجیاکان پشتگیری بکەن.

**ئەگەر ئەم یاسایە تەنها لەلایەن لیستێکەوە پشتگیری لێبکرێت‌و پێشکەش بەپەرلەمانی بکەن ئەوا ڕەنگە لەلایەن لیستەکانی ترەوە کاردانەوەیەکی سلبی هەبێت‌و دەنگ لەسەر پرۆژەیاساکە نەدەن**

**ڕای گشتی: دەنـگـۆی ئـەوە هەیە کە حکومەتی هەرێم خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکە بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەم دەنگۆیە تاچەند ڕاستە؟**

بەختیار حاجی: تائێستا ڕێکخراوەکان بەشێوازێکی فەرمی ئاگایان لەو پرۆژەیە نییە ، تەنها وەک دەنگۆیەک هەیە. ئاسایی دەبوو ئەگەر لەسەرەتای دروستبوونی کاری ڕێکخراوەییەوە حکومەتی هەرێم پرۆژە یاساکە ئامادە بکات، بەڵام ئێستا دوای ١٨ ساڵ لەکاری ڕێکخراوەیی بوونی کۆمەڵێک ڕێکخراوی باش‌و چالاک لەسەرتاسەری هەرێمدا، باشترە کە ڕێکخراوەکان خۆیان پـرۆژەیـاسـا ئـامـادەبـکـەن‌و پێشکەشی پەرلەمانی بکەن‌و پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات، لەوەی دەزگای جێبەجێکردن خۆی پرۆژە یاسایەک پێشکەش بکات.

**ڕای گشتی: هـۆکـاری ئـەوە چییە تا ئێستا ڕێکخراوەکان نەچوون بەدەم ئەو دەنگۆیەوە؟**

بەختیار حاجی: بەبۆچوونی من ئەو دەنگۆیە تائێستا لەناو ڕێکخراوەکاندا زۆر بڵاو نییە، هەروەها هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم‌و پێکهێنانی کابینەی نوێ لەوانەیە یەکێک بێت لەهۆکارەکان. ڕەنگە لەداهاتوودا ڕێکخراوەکان بتوانن بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانە بکەن‌و قسەی لەسەربکەن.

**ڕای گشتی: ئەگەر ئەم پرۆژەیاسایە زوو پەسەند نەکرا هەست ناکەیت گرفت‌و کێشەی زیاتر بۆ ڕێکخراوەکان دروستدەبێت؟**

بەختیار حاجی: زەرەرمەندی ڕاستەوخۆ ڕێکخراوە چالاکە سەربەخۆکان دەبن، چونکە پاڵپشتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پرۆژەی ڕێکخراوە سەربەخۆکان وردە وردە کەمتر دەبێتەوە، هەروەها لەوانەیە ڕێگە بەکۆمەڵێک کەسی چالاک نەدرێت بێتە بوارەکەوە، چونکە نەبوونی یاسایەکی دیاریکراو بۆتە بیانوویەک کەرێگە بەکۆمەڵە کەسانێک نەدرێت ڕێکخراو دابمەزرێنن، لەبەرئەوە دەبینین کەسانێکی سەربەخۆ مـاوەی سێ سـاڵ هـەوڵـدەدەن بۆئەوەی ڕێکخراوێک دابمەزرێنن ڕێگەیان پێنادرێت، بەپێچەوانەوە کۆمەڵێک ڕێکخراو بەئاسانی دێنە پێشەوەو دەورێکی باشیان پێدراوە، من ڕێکخراو دەناسم لەماوەی هەفتەیەکدا مۆڵەتیان وەرگرتووە.

# یاسای هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)

**یەکشەممە ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٩**

**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی سەرۆکایەتی**

بەپێی ئـــەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاری لـەسـەرداوەو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پەسەندی کردووەو بەپشتبەستن بەحوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) لەمادەی ٦١ لەگەڵ بڕگەکانی (یەکەمو دووەمو سێهەمو چوارەم)ی مادەی (٤٩)و خاڵی (أ) لەبڕگەی پێنجەمی مادەی ١٣٨ی دەستور، ئەم یاسایەی خـوارەوە دەرچووە:

**ژمارە ( )ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥)**




مـادەی یەکەم: مـادەی (١٥)ی یاساکە لادەبرێتو ئەمە جێگەی دەگرێتەوە:

ئەنجومەنی نوێنەران لەژمارەیەک کورسی پێکدێت بەرێژەی کورسیەک بۆ هەر سەد هەزار کەسێک بەپێی دوایین ئاماری پێشکەشکراو لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە بەمەرجێک کورسییەکانی قەرەبووکردنەوەی بە ڕێـژەی (٥٪) لەنێودا بێتو ئەم پێکهاتانەی خـوارەوە کۆتای کورسییەکانی قەرەبووکردنەوەیان بدرێتێ بەمەرجێک کاریگەری بۆسەر ڕێژەکەی نەبێت ئەگەر هاتوو بەشدارییان لەلیستە نیشتمانیەکاندا کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پێکهاتەی مەسیحی، پێنج کورسی دابەشدەکرێت بەسەر پارێزگاکانی (بەغدادو نەینەواو کەرکوکو دهۆکو هەولێر).

٢. پێکهاتەی ئێزدی، کورسییەک لەپارێزگای نەینەوا.

٣. پێکهاتەی سابیئەی مەندائی، کورسییەک لەپارێزگای بەغدا.

٤. پێکهاتەی شەبەک، کورسییەک لەپارێزگای نەینەوا.

مادەی دووەم: هەر پارێزگایەک بەپێی سنورە ئیدارییە فەرمییەکەی بازنەیەکی هەڵبژاردن دەبێتو ژمارەیەک کورسی گونجاوی بۆ تەرخاندەکرێت کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکەدا گونجاوبێت بـەپـێـی دوایـیـن سـەرژمـێـری کارپێکراوی فۆڕمی خۆراک.

مـادەی سێیەم: مادەکانی (٩و ١٠و ١١و ١٦) لادەبـرێـنو ئەمە جێگەی دەگرێتەوە:

یەکەم: خۆپاڵاوتن بەرێگەی لیستی کراوە دەبێتو نابێت ژمارەی پاڵێوراوان لە سێ پاڵێوراو کەمتر بێتو نابێت لە دووهێندەی ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردنیش زیاتربێت هەروەهادەنگدەربۆی هەیەدەنگبداتە لیستەکە یان هەر پاڵێوراوێکی ناو لیستەکەو خۆپاڵاوتنی تاکەکەسیش ڕێگەپێدراوە.

دووەم: ئـەو دەنگە ڕاستانە کۆدەکرێنەوە کە لیستەکە لە بازنەی هەڵبژاردنەکەدا بەدەستیهێناوەو دابـەشـدەکـرێـتـە سـەر کۆلکەی هەڵبژاردن (القاسم الانتخابی) بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی لیستەکە بەریدەکەوێت.

سێیەم: کورسییەکان لەرێگەی ڕیزکردنەوەی ناوی پاڵێوراوانەوە دابەشدەکرێن ئەویش بەپشتبەستن بـە ژمـــارەی ئـــەو دەنـگـانـەی هەریەکەیان بەدەستیهێناوەو بـــراوەی یەکەمیش ئـەوەیـە کە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوەو ئەمە بۆ هەموو پاڵێوراوەکانی تریش هەروایە بەمەرجێک نابێت ڕێژەی ژنان لەچارەکی براوەکان کەمتربێتو لەکاتی یەکسانبوونی دەنگی پاڵێوراوانی یەک لیستدا پەنادەبرێتە بەر تیروپشک.

چـوارەم: کورسییە بەتاڵەکان دەدرێـتـە ئـەو لیستە بـراوانـەی کەژمارەیەک کورسیان بەهۆی ڕێژەی دەنگە بەدەستهاتووەکانەوە بەدەستهێناوە.

مادەی چوارەم: دەنگدانی تایبەت کەئەمانە دەگرێتەوە:

یـەکـەم: سـەربـازەکـانـی سەر بـەوەزارەتـی بـەرگـریو ناوخۆو سەرجەم دەزگاکانی ئاسایشی دیکەو شێوازی دەنگدانیان بەپێی ڕێوشوێنی تایبەت دەبـێـت کە کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێتو تیایدا پشت بەلیستی فەرمی دەبەسترێت کە ناوو شوێن لەخۆدەگرێتو ئەو لایەنانەی سـەرەوە پابەنددەبن بەناردنی لەماوەیەک کە لـە(٦٠) ڕۆژ کەمتر نەبێت لـەبـەرواری ئەنجامدانی هەڵبژاردنو بەو پێیەش ناوەکانیان لەتۆماری دەنگدەراندا دەسـڕدرێـتـەوە. خۆ ئەگەر ئەو لیستە نـاوبـراوانـە نـەنـێـردران ئەوکاتە کارمەندانی ئەو وەزارەتو دەزگایانەی سەرەوە لەچوارچێوەی دەنگدانی گشتیداو بەپێی لیستی دەنگدەران دەنگدەدەن.

دووەم: بـەنـدکـراوو گیراوو دەستبەسەرکراوان دەگرێتەوە کە لەپرۆسەی دەنگدانیاندا پشت دەبەسترێت بەو ڕێوشوێنانەی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایاندەنێت بەپێی ئەو لیستانەی وەزارەتەکانی دادو ناوخۆ پێشکەشی دەکەن لەماوەیەکدا کە لە (٣٠) ڕۆژی پێش ڕۆژی دەنگدان کەمتر نەبێت.

سێیەم: ئـەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانەو چارەسەرگەکانی دیکەدا کەوتوون، دەنگدانیان بەپێی ئەو لیستانە دەبێت کە ئەو لایەنانە ڕاستەخۆ بەر لە دەنگدان پێشکەشی دەکەنو بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایاندەنێت.

چوارەم: دەنگدانی ڕاگوێزراوان:

أ. دەنـگـدەری ڕاگـوێـزراو: ئـەو عێراقیەیە کە لـە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بەزۆر ڕاگوێزراوە بۆ شوێنێکی دیکەی ناو عێراق لەدوای (٢٠٠٣/٤/٩) بەهەر هۆیەک بێت.

ب.شێوازی دەنگدانی ڕاگوێزراوان بەپێی نوێترین ئاماری فەرمی دەبێت کە لەلایەن هەردوو وەزارەتی کۆچو کۆچبەرانو بازرگانییەوە دەدرێتە کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هـەڵـبـژاردنـەکـانو بەوپێیەش ڕاگوێزراو مافی دەنگدانی دەبێت بۆ ئەو بازنەیەی لێی ڕاگوێزراوە ئەگەر فۆڕمی خۆراکەکەی بۆ ئەو پارێزگایە نەگواستبێتەوە کەبۆی ڕاگوێزراوە.

پێنجەم: لەدەسەڵاتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندایە ڕێنمایی تایبەت بە دەنگدانی دەرەوە دەربکات.

مادەی پێنجەم:

یـەکـەم: حوکمی مـادەکـانـی بەشی شەشەمو حەوتەمی یاسای ژمـــارە (٣٦)ی سـالّـی (٢٠٠٨) بەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەراندا دەچەسپێت.

دووەم: پاڵێوراو مافی هەیە داوا لە ناوەندی هەڵبژاردنی پارێزگاکەی بکات بـۆ پـێـدانـی ژمـــارەی ئەو دەنگانەی خۆی بەدەستیهێناوە.

سێیەم: ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران مافی هەیە ئەو زانیاریانە ببینێت کـە پـەیـوەنـدیـدارن بە پرۆسەی هەڵبژاردنو نمونەکانی جیاکردنەوەو ژماردنی دەنگەکان لەبازنە جیاوازەکانی هەڵبژاردندا.

مادەی شەشەم:

یـەکـەم: لـەکـەرکـوکو ئـەو پارێزگایانەی گومان لەتۆمارەکانی دەکـرێـت هـەڵـبـژاردن لەکاتی بـڕیـارلـەسـەردراوی خـۆیـدا بەشێوەیەکی جیاواز ئەنجامدەدرێت.

دووەم: ئەو پارێزگایانەی گومان لە لیستەکانیان دەکرێت ئەوانەن کە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ساڵانەی لە (٥٪) زیاترەو دەبێت داوانامەی گومانکردنەکە لانیکەم لەلایەن پەنجا نوێنەرەوە پێشکەشبکرێتو بـەزۆریـنـەی سـادە ڕەزامـەنـدی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبهێنێت.

سێیەم: ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەک لەئەندامانی بۆ پارێزگای کەرکوکو هەر پارێزگایەکی دیکە پێکدەهێنێت کە گومان لەلیستەکەی دەکـرێـتو پێکدێت لە نوێنەری پێکهاتەکانی ئـەو پارێزگایەو ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتەکانی پلاندانانو نـاوخـۆو بازرگانیو کۆمسیۆنی بـاڵای سەربەخۆی هـەڵـبـژاردنـەکـانو بەهاوکاریی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پێداچونەوەو وردبینیکردنی ئەو هەڵەو زیادەیەی بەسەر لیستی دەنگدەراندا هاتووە بەپێی زانیارییە فەرمیەکانو ئەو پێوەرانەی لە حوکمە کۆتاییەکانو مادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بۆ ڕاستکردنەوەی لیستی دەنگدەران لەکاتێکدا دەبێت لیژنەکە کارەکانی خۆی لەماوەی ساڵێکدا لەبەرواری دەستبەکاربوونیەوە جێبەجێبکات.

چوارەم: ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەپارێزگای کـەرکـوک یـان هەر پارێزگایەک کەگومان لە تۆمارەکانی دەکرێت تا پرۆسەی وردبینیکردنی لیستی دەنـگـدەران تـەواو نەبێت هـەژمـارنـاکـرێـن ئـەمـەش وەک بنەمایەک بۆ هـەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئایندە یان پێشینەیەک بۆ هەر بارێکی سیاسی یان ئیداریی.

## حوکمەکانی کۆتایی:

مادەی حەوتەم: بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی مـادەی شەشەم ئەم پێوەرانەی خوارەوە وەک بنەمایەک پشتیان پێدەبەسترێت.

یـەکـەم: ئـەو جـیـاوازیـیـە دیاریدەکرێت کە لەنێوان ئەوانەی لە لیستی (٢٠٠٤)دا بەر لەنوێکردنەوە تۆمارکراونو ئەوانەی لەهەڵبژاردنی (٢٠١٠)دا تۆمارکراون.

دووەم: پـرۆسـەی وردبینی جیاوازییەکە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەو لە زیادکردنەکانی ساڵانی (٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩) بەڕێوەدەچێت بەجەختکردنە سەر ئەمانەی خوارەوە:

١. زیـادبـوونـی دانیشتوان (لەدایکبوون، مردن، گواستنەوەی تۆمار لەپارێزگا) لەماوەی نێوان (٢٠٠٤) بۆ (٢٠٠٩).

٢. ڕاگوێزراوە گەڕاوەکان بەپێی تۆمارە فەرمییەکان.

٣. هەر گۆڕانکارییەکی دیکەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا ڕوویدابێت.

سێیەم: پرۆسەی وردبینیکردنەکە پشتیپێدەبەسترێت بـۆ زانینی ڕاستودروستی تۆمارەکانو یاسایی بوونیانو بـارە نایاساییەکانو ژمـــارەی جـیـاوازیـیـەکـان ئـەژمـاردەکـرێـنو ژمـارەی ئەو کورسیانەش کەدەیگرێتەوە.

چـــوارەم: ژمـــارەی پشکی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کە نوێنەرایەتی کەرکوک یان ئەو پارێزگایە دەکەن کەگومانی لێدەکرێت لەڕێی ئەو ڕێژانەی دانیشتوانەوە دیـاریـدەکـرێـت کـە ئەنجومەنی نوێنەران پشتیپێدەبەستێت پاش دەرکردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی بەهۆی پێشێلکاریەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە.

پێنجەم: ژمارە ڕاستودروستەکان لەسەر پشکی پارێزگاکە دادەنرێنو ئـەو ژمـارانـەش کە لەپارێزگاکە بـەدەرن لەسەر پشکی نیشتمانی تۆماردەکرێن.

مادەی هەشتەم:

یەکەم: هەر دەقێکی پێچەوانەی حـوکـمـەکـانـی ئـەم یـاسـایـە هەڵدەوەشێتەوە.

دووەم: ئەم یاسایە لەبەرواری پەسەندکردنیەوە جێبەجێدەکرێتو لـە ڕۆژنـامـــەی فـەرمـیـشـدا بڵاودەکرێتەوە.

## هۆکارە پێویستەکان:

لـەپـێـنـاو بـەڕێـوەچـوونـی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیو بێگەرد لەعێراقداو بەمەبەستی بـەرزکـردنـەوەی ئـاسـتـی ئـەم هەڵبژاردنە بۆ ئاستێکی ویستراو کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییە پیادەکراوەکانو داخوازییە میللیەکان بێت، ئەم یاسایە دارێژرا.

**وەرگێرانی: لیژنەی یاسایی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن**

# فەرهەنگۆک

**ئا: سەرکەوت حەمە حسێن**

## کورسییەکانی هەڵبژاردن ژمارەو ڕێژەی کورسییەکان

(٩)

هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی سیاسیو بەشدارییەکی فراوانی سیاسیانەی هاوڵاتیان لەبەڕێوەبردنی وڵاتو هەنگاوێک بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی گەل بەسەرجەم چینو توێژو پێکهاتەکانیەوە بۆ دیاریکردنی هێڵە سیاسییە گشتییەکانو چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەوڵـەتو ڕێکخستنی بوارەکانی ژیانو کارکردنی پێکهاتەکانی وڵات، پرۆسەیەکی هەروا ئاسایی نییەو بۆ سەرخستنی پرۆسەکەو بەردەوامبوونی سیستمی سیاسی وڵاتەکەو ڕونەدانی پشێوی سیاسی، پێویستە سیستمی هەڵبژاردنو چۆنێتی ئەنجامدانیو ڕێژەو چۆنێتی نوێنەرایەتی چینو توێژو پێکهاتەکان جێی قبوڵو ڕەزامەندیی هاوڵاتیانو سەرجەم پێکهاتەکان بێت.

سیستمی هەڵبژاردن لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیەو بەپێی سیستمی سیاسی دەوڵەتو پێکهاتەی گەلی وڵاتەکە دەگۆڕێت، لەسەرجەم سیستمەکانی هەڵبژاردندا وەک خاڵێکی هاوبەش، پێویستە بنەماکانی دیموکراسیو یەکسانیو دادپـەروەری پەیڕەوبکرێت. لەو وڵاتانەشدا کەپێکهاتەی گەلەکەی چەندین نەتەوەو کەمایەتیو ئایینو ئاینزا لەخۆدەگرێت، پێویستە سیستمی هەڵبژاردن گرەنتی نوێنەرایەتییەکی گونجاوو دادپەروەرانە بکات کە یەکسان یاخود هاوتای ڕێژەی پێکهاتەکان بێت لەوڵاتەکەدا، کەئەمەش لەژمارەو چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکانی نوێنەرایەتیدا ڕەنگدەداتەوە.

### ژمارەی کورسییەکان:

بەپێی دەستوری وڵاتو سیستمو یاسای هەڵبژاردن ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی لە پەرلەمان (دامەزراوەی یاسادانان) دیاریدەکرێت، ئەم دیاریکردنەش بەپێی هەر سیستمێک جیاوازەو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕدرێت. ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمانیش بەبەستنەوەی بەژمارەیەکی دیاریکراو هاوڵاتی یان دەنگدەر دیاریدەکرێت. پێویستە لەدیاریکردنی ژمارەی کورسییەکاندا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە گونجاوبێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانو دەنگدەرانی وڵاتەکە، ئەمەش بەدوو شێوە دەبێت:

یەکەم: بەپێی دەستورو یاسای هەندێک وڵات، ژمـارەی کورسییەکانی پەرلەمان ناجێگیردەبێتو بۆهەر ژمارەیەک لەهاوڵاتیان کورسییەک دادەنرێتو لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا ژمارەی کورسییەکانیش زیاد دەکات، واتە (ژمارەی دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی هەر کورسییەکی پەرلەمان جێگیرەو نەگۆڕ دەبێت)، بۆ نموونە لەعێراقدا بۆ هەر (سەد هەزار) هاوڵاتییەک کورسییەکی پەرلەمان دانراوە، بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی مانگی یەکی ساڵی داهاتووی عێراقیش، بەو پێیەی ژمارەی دانیشتوانی عێراق گەیشتۆتە زیاتر لە(سی ودوو) ملیۆن کەس، ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانیش زیادکرا بۆ (سێسەدو بیستو سێ) کورسی.

دووەم: بەپێی دەستورو یاسای هەندێک وڵات، ژمـارەی کورسیەکانی پەرلەمان جێگیردەبێت هەرچەندە ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە زیادیش بکات بەڵام ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان هەروەکخۆی دەمێنێتەوەو زیادناکات، ئەوەی کەدەگۆڕێت تەنها زیادبوونی ژمـارەی دەنگی پێویستە بۆ بەدەستهێنانی هەر کورسییەک.

### ڕێژەی کورسییەکان:

لەو وڵاتانەشدا کە گەلەکەی لەچەندین نەتەوەو ئایین پێکدێت، یاخود وڵاتەکە دابەشی ژمارەیەک بازنەی هەڵبژاردن کرابێت، پێویستە ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی لەپەرلەمانداو ژمارەی کورسییەکانی نوێنەرایەتی لەهەر بازنەیەکی هەڵبژاردن یان بۆ هەر پێکهاتەیەک، ئەگەر بەپێی سیستمو یاسای هەڵبژاردن کورسیەکانیان بۆ دیاریکرابوو، ڕێـژەی دەنگی پێویست بۆ هەر کورسییەکی نوێنەرایەتی گونجاوبێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانو دەنگدەرانی ناو بازنەی هەڵبژاردنەکە یاخود پێکهاتەکەو ڕێژەیان لەچاو ڕێژەی دانیشتوانی وڵاتەکەو پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتەکەو ڕەنگدانەوەی بنەماکانی دیموکراسیو یەکسانی ودادپەروەری بێت.

### کۆتای کورسییەکان:

لەوڵاتێکیشدا کە پێکهاتەی گەلەکەی چەندین کەمەنەتەوەو ئایینزای لەخۆگرتبێتو ژمارەیان ئەوەندە زۆرنەبێت کە بەپێی یاساو سیستمی هەڵبژاردنی وڵاتەکە دەنگی پێویست بۆ کورسیەک یاخود چەند کورسیەکی نوێنەرایەتیان هەبێت، یاخود ژمارەو ڕێژەیان ئەوەندە نەبێت تا یاسای هەڵبژاردنەکانو ڕێژەی دەنگی پێویست بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی لەگەڵدا بگونجێنرێت، ئەوا پێویستە لەیاسای هەڵبژاردنەکانداو بەسیستمی کۆتا کورسیان بۆ دیاریبکرێت کە گونجاوبێت بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەی گشتی کورسییەکانی نوێنەرایەتی وڵاتەکەو شیاوبێت بۆ گەیاندنی دەنگی ئەو کەمایەتیو ئایینزایانە لەدامەزراوەی نوێنەرایەتی (پەرلەمان)، تا ئەو نوێنەرانەیان بتوانن بەرگری لەمافی هاوڵاتیانی خۆیان بکەنو پێداویستیەکانیان بۆ دابینبکەن، ڕەچاوی بنەماکانی دیموکراسیو یەکسانیو دادپەروەریشی تێدا کرابێت.

***(ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن)**